دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

شەممە ١ی ڕەزبەری ١٣٩١ _ ٢٢ی سێپتامبر ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٩٢ | نرخ: ١٥٠ تمەن

## سزای ٨ ساڵ و نۆ مانگ زیندانی بۆ پارلمانتارێکی باکووری کوردستان



ژنە پەرلەمانتارێکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی لە باکووری کوردستان سزای (٨) ساڵ زیندانی و قەدەغەی سەفەری بەسەردا سەپێنرا.

بەتۆمەتی پەیوەندی بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)وە دادگای تورکیە، سزای (٨) ساڵ و (٩) مانگ زیندانی بەسەر سەباحەت تونجەلی، ژنە پەرلەمانتاری (BDP) و نوێنەری شاری ئەستەمبوڵدا سەپاند.

جگە لە سزای زیندانی، بڕیاری قەدەغەکردنی سەفەریش بۆ ئەو پەرلەمانتارە دەرکرا.

تونجەل لە دەیەمین دادگای سزای باڵای ئەستەمبول دادگایی کرا و سزای (٨) ساڵ و (٩) مانگ زیندانی بەسەردا سەپێنرا. تونجەل لەبەر ئەوەی کە پارلمانتارە، لەم دۆسیەیەدا بە شێوەیەکی ئازاد پرۆسەی دادگاییکردنەکەی بەڕێوەچوو.

## دوای پچڕانی پێوەندییەکان، ئەگەری داخرانی باڵوێزخانەی نۆڕوێژ لە ئێران لە ئارادایە



چەند سەرچاوەیەکی نۆروێژی بڵاویان کردەوە کە بەم زووانە باڵوێزخانەی ئەم وڵاتە لە تاران دادەخرێ.

ئەم سەرچاوانە وتەکانی باڵوێزی نۆروێژیان لە ئیسرائیل بڵاو کردۆتەوە کە ڕایگەیاندووە بەم زووانە نۆروێژ پێوەندیە سیاسیەکانی خۆی لەگەڵ ئێران کۆتایی پێ دێنێ.

لەم پێوەندییەدا وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ تا ئێستا لەم بابەتەوە هیچ دژکردەوەیەکی نیشان نەداوە.

چاودێرانی سیاسیی لەسەر ئەم باوەڕەن کە داخرانی باڵوێزخانە ئورووپاییەکان لە ئێران، بەرنامەیەکی لە پێشدا دارێژاوە تا کۆماری ئیسلامی زیاتر بکەوێتە ژێر گوشاری سیاسیەوە.

# تاوانی میکۆنووس و یادی شەهید شەرەفکەندیی ڕێبەر

# بۆوە بە هەوێنی پەیمان نوێکردنەوەی کوردستانیان و دۆستانی پرسی کورد



لە ٢٠ساڵەی تاوانی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە بێرلین و بیرەوەریی شەهیدبوونی د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا، چەندین ڕێوڕەسمی بەشکۆ لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بەڕێوە چوون. لە پاریس ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەران و هۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چوونە سەر مەزاری ئەو ڕێبەرە شەهیدە و یارانی هەتاسەری. لە ئاڵمان، سوئێد و بریتانیا سیمینار و کۆڕیادی گەورە بە بەشداریی تێکۆشەرانی دێموکرات، کوردستانیان و دۆستانی ئێرانی و بیانیی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هاتن.

لە شاری کۆیەش کوردانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان پێکەوە لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا یادی شەهیدانی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢یان بەرز ڕاگرت.

لە هەولێریش سیمینارێک بەم بۆنەیەوە پێک هات. ڕاپۆرتی ئەم چالاکییانە هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا بخوێننەوە.

لە هەموو ئەو کۆڕ و سمینار و ڕێوڕەسمانەدا، بەرپرسان و نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کەسایەتییە کورد، ئێرانی و بیانییەکان وێڕای مەحکوومکردنەوەی ئەو تاوانە و ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی، بەڕێزەوە ئاوڕیان لە بڕیاری دادگای بێرلین و دەزگای قەزایی ئاڵمان دایەوە و بە تێکڕاش لەگەڵ گیانی پاکی د. شەرەفکەندیی ڕێبەر و نەمران فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی پەیمانیان نوێ کردەوە کە بە ڕێگە و ئامانجەکانیان وەفادار دەبن.

## ٦٠ کەس لە هاوڕێیانی ئەحمەدی‌نژاد ڤیزای چوونەدەر لە ئێرانیان پێ نەدرا

مەحموود ئەحمەدی‌نژاد لەگەڵ هەیئەتی ١٠٠ کەسی بەرەو نیویۆرکی ئامریکا ڕێ کەوت، لە حاڵێکدا کە ٦٠ کەس لە هاوڕێیانی ڤیزایان پێ نەدرا.

ئەمە دوایین و هەشتەمین جارە کە ئەحمەدی‌نژاد لە ماوەی سەرکۆماری خۆیدا لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان خۆی دەبینێتەوە.

لەم خولەی کۆڕی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئێران داوای ڤیزای ١٦٠ کەسی لەگەڵ ئەحمەدی نژاد بۆ ئامریکا کردبوو کە ئامریکا تەنیا ویزای ١٠٠ کەسی پێدابوون و بەم پێیە کۆمەڵێک لە کاربەدەستان و دەستوپێوەندەکانی ئەحمەدی‌نژاد بە هۆی پێنەدانی ڤیزا ناتوانن لە کۆبوونەوەکانی نیویۆرک بەشداری بکەن. لە نێو ئەم کەسانەدا ناوی دوو وەزیرو دوو جێگر دەبیندرێ.



بڕیارە سەرکۆماری ئێران ڕۆژی چوارشەممە ٥ی ڕەزبەر لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان قسە بکا. هەروەها ئەحمەدی‌نژاد لە فرۆکەخانەی مێهرئاباد بە هەواڵنێرانی ڕاگەیاند کە لەم کۆبوونەوانەدا باس لە ڕیفۆرمی بەڕێوەبەریی جیهانی و پێداچوونەوە بە پێکهاتەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات.

## مەجلیسی سەنای ئامریکا بڕیارنامەیەکی نوێی دژی ئێران پەسند کرد




مەجلیسی سنای ئامریکا بە مەبەستی ڕاگرتنی بەرنامەی ناوکیی ئێران، بڕیارنامەیەکی دژی ئەم وڵاتە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرد.

ئەم بڕیارنامەیە ئەگەرچی جێبەجێ کردنی لە لایەن دەوڵەتەوە بە ئەرک دیاری نەکراوە، بەم حاڵەشەوە دەڵێن کە ئێرانی ناوکی تەنانەت کۆنترۆڵ و بەرتەسککردنەوەی بژێرەیەکی لەبار نییە.

لەم بڕیارنامەیەدا هاتوە کە ئەم کارەی سناتۆرەکانی ئامریکا بەو مەبەستە نییە کە هێرشی نیزامی بکرێتە سەر ئێران. هەروەها ئەم بڕیارنامەیە بە کۆی ٩٠ دەنگی ئەرێنی و دەنگێکی نەرێنی پەسند کرا.

پەسندکرانی ئەم بڕیارنامەیە بۆ درێژدانی فشارە ئابووری و سیاسییەکانە بۆسەر ئێرانە تا ئەم کاتەی کە بەرنامەی پیتاندنی ئورانیوم ڕابگرێ و ئێزن بدا لێکۆڵەرانی ئاژانس هەموو دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بپشکنن.

سناتور ڕێند پاول تەنیا سناتورێک بوو کە دەنگی نەرێنی بەم بڕیارنامەیە دا. لەم پێوەندییەدا ناوبراو وتی بۆیە دژایەتی ئەم بڕیارنەمەی کردوە، چونکە لە هێرشی نیزامی بۆسەر ئێرانی نیگەرانە.




۱ی ڕەزبەر، کردنەوەی قوتابخانەکان بە بێ مافی خوێندن بە زمانی زگماکی

پەیامەمان

## نامەیەکی سەر ئاوەڵا بۆ ئەندامانی کۆنگرەی ١٥ی حدکا

**دۆستانی بەڕێز!**

وێڕای ڕێز و سڵاو بۆ ئێوە ئەندامانی کۆنگرە، بە ئەرکی خۆمانمان زانی لە بەرەبەری پێکهاتنی کۆنگرەکەتاندا، سەرنجتان بۆ لای ئەرکێکی گرنگ کە لە ئێوە وەک تاکێکی بەشدار لەو کۆنگرەیە چاوەڕوان دەکرێ، ڕابکێشین.

نزیک بە شەش ساڵ لە لەتبوونی حیزبی دیموکرات و دابەشبوونی بە سەر دوو لایەن یا دوو حیزب دا تێپەڕیوە. هەرچەند ئەو لەتبوونە لە لایەک بە داخەوە بوو بە هۆی دڵساردیی خەڵکی یەکیەتیخوازی کوردستان و تووڕەیی و نارەحەتیی دۆستان و ئەندامانی دیموکرات بە هەر دووک لایەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بە خۆشییەوە خەبات و چالاکیی هەر دووک لامان لە پیناوی ڕێبازی دیموکڕات و لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام لە پەرە ئەستاندن دا بووە. دیارە ناکرێ ئەو ڕاستییەشمان لە بیر بچێتەوە کە بەشێکیش لە وزە و توانای هەردووک لامان بە ملبەملە لە گەڵ یەکتر خەریک بووە.

دەبێ ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکەین کە هەر دووک لای دیموکرات لە لایەک لە گۆڕەپانی خەباتی ڕێکخراوەیی، مێدیایی و دیپلۆماسیی دژی کۆماری ئیسلامیدا، و لە لایەکی دیکەوە لە پێوەندی و عیلاقات لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵی کوردستانی و ئێرانی و نیودەوڵەتیدا ئەمری واقیعن. بۆیە هیچ لامان ناتوانین ئینکاری یەکتر بکەین.

لە خانەی تاوتوێکردنی هۆیەکانی ئەم لەتبوونە و تەنانەت لێکدابڕانەکانی پێشووی مێژووی حیزبی دیموکرتدا کۆمەڵێک پرسیار لە نێو ڕیزە حیزبییەکان و لە دەرەوەی حیزب دا هاتوونە گۆڕێ و ڕێگاچارەی جۆراوجۆریش دێنە بەرباس. کاتێک خەسارناسیی لێکدابڕان دەکەین زۆر گرینگە کە لە چەند و چۆنی وردەکارییەکانی ئەو کێشانەدا نەچەقین. بەڵکوو تێبکۆشین کە گشت ئەندامانی بنەماڵەی دیموکرات بە گیانی هەستکردن بە بەرپرسایەتیی مێژوویی و دوارۆژبینیەوە بە یەکەوە تاوتوێی ئەو دەردە لە مێژینەیەی دیموکرات بکەین کە بە داخەوە دەیان ساڵە بەرۆکی حیزبی دیموکراتی گرتوە و چەند لێکدابڕانی لێکەوتۆتەوە. دەردێک کە تەنیا بە ئەندامانی بنەماڵەی گەورەی دیموکرات خۆیان چارەسەر دەبێ.

بە خۆشییەوە پرسی دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە و چەندوچۆنی داهاتووی دیموکراتەکان لە نێو هەر دوولاماندا بۆتە جێی باس و بووە بە پرسێکی جیددیی گشت ڕیزەکانی دیموکرات. هەر لە ژێر کاریگەریی کەشوهەوایەکی ئەوتۆشدا، سکرتێرەکانی هەر دووک لامان بە یەکەوە هێندێک ڕێگاچارەشیان تاوتوێ کردوە و لەم دوایانەشدا، دانیشتن لە ئاستی ڕێبەریی هەر دوو حیزبدا بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوە چوو.

ل ٢

سیاسی



وتاری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٢٠ ساڵەی یادی دوکتور شەڕەفکەندی دا

٥

وتووێژ



بەشداریی ئەمجارمان لە کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ دا، سەرکەوتووترین بەشداریی ئێمە بوو

٦

سیاسی



دووره دیمەنی پەروەردە و فێرکردنی ئێران لە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندندا

٨


سیاسی



دۆمینۆی داخرانی باڵوێزخانەکانی ئێران لە وڵاتانی دەرەوە

٩

بیرو ڕای ئازاد



کوردستان چی دەکا، ئەگەر ئێران فیدڕاڵ نەبێ ؟ _ باسێک لەسەر فیدرڕالیزم و ڕێفراندۆم _

١٠

# حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بیرەوەریی بیست ساڵەی تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا، یادی شەهیدانی میکۆنووسی بەرز ڕاگرت



**کۆیە:**

**کوردانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان پێکەوە لە ڕێورەسمێکی بە شکۆدا یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدانی تیرۆری میکۆنووسیان کردەوە.**

حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ٢٠ ساڵەی تیرۆری میکۆنووس و شەهیدبوونی دوکتور سادق شەڕەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزب و هاوڕێیانی؛ فەتاح عەبدولی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی، هۆمایوون ئەردەلان، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئاڵمان و نووری دێهکوردی، خەباتکاری ئێرانی و دۆستی دێرینی کورد، ڕێوڕەسمێکی شایانی بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە لە شاری کۆیە و بە بەشداریی سەدان کەس لە کەسایەتی و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسی و سینفییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بەڕێوە چوو، یاد و بیرەوەریی شەهیدانی بێرلین بەرز ڕاگیرا و لەگەڵ ئامانجی شەهیدانی سەربەرزی کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی میکۆنووس پەیمان و بەڵێنی وەفا نوێ کرایەوە.

ئەو ڕێوڕەسمە بەشکۆیە بە سروودی نەتەوایەتیی « ئەی ڕەقیب» و ساتێک بێدەنگیی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

لە سەرەتای ئەم ڕێورەسمەدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم بۆنەیەدا وتارێکی سیاسیی پێشکەش کرد. کە هەڵبژاردەیەک لە قسەکانی لەم ژمارەیەی «کوردستان» خراوەتە بەرچاوی خوێنەران.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێورەسمەدا پەیامی ڕێکخراوە سینفییەکانی سەر بە بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخراوە سینفییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو شەونم هەمزەییەوە خوێندرایەوە.

هەروەها دوو شاعیری ناودار، بەڕێزان؛ مامۆستا غەریب پشدەری و مامۆستا سوارە قەڵادزیی، هەر کام بە خوێندنەوەی پارچە شیعرێک ڕێزیان لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی میکۆنووس گرت.

هەر لە درێژەی ئەو بەرنامەیەدا بەڕێز قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتێکی لە سەر ئەو کۆمەڵە چالاکییانە کە حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی کوردستان و ئورووپا بە بۆنەی ٢٠ ساڵەی تێرۆری مێکۆنووس کردوویەتی، پێشکەش بە بەشداران کرد.

شایانی ئاماژە پێدانە کە کۆڕی هونەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاریی لاوی خاوەن بەهرە، ئارام ئیزەدپەنا و تیپی موسیقای باواجی، مەقامێک و کۆمەڵێک سروودی تایبەت بەم بۆنەیەیان پێشەکش کرد.

دوایین بڕگەی ڕێوڕەسمی یادی ٢٠ ساڵەی تێرۆری میکۆنووس، نیشاندانی فیلمێکی دیکۆمێنتی لە سەر کەسایەتیی شەهید دوکتور شەڕەفکەندی و چۆنیەتی تێرۆری میکۆنووس بوو، کە لە لایەن بەشی بەرهەمهێنانی کوردکاناڵەوە ئامادە کرابوو.

**هەولێر:**

## بەڕێوەچوونی سمینارێک لە پێتەختی هەرێمی کوردستان











دوانیوەڕۆی دوو شەممە ١٧ی سێپتامبر لە بیستەمینساڵڕۆژی تاوانی کۆماری ئیسلامی لە بێرلین، سمینارێک لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیریی سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بەڕێوە چوو.

سمیناری بەرزڕاگرتنی یادی د.سادق شەڕەفکەندی و هاوڕییانی لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان، بە هەستانە سەر پێی بەشداران و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لەو شەهیدانە، دەستی پێکرد. پاشان فیلمێک لە بارەی ڕۆڵ و تێکۆشانی د.شەڕەفکەندی و چۆنیەتیی تێرۆرکران و بڕیاری دادگای ئەلمان لەم بارەیە پێشان درا.

دواتر د. کەماڵ مەزهەر مێژوونووس و دۆستی دێرینی حیزبی دیموکرات و ڕێبەرە شەهیدەکانی وتەیەکی پێشکەش کرد. د.کەماڵ وێڕای ئاماژە بە ڕابردووی دۆستایەتی و پێوەندیی قووڵی لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات، باسی توانا زانستی و سیاسییەکانی دوو ڕیبەری شەهید د.قاسملوو و د.شەڕەفکەندیی کرد کە بەداخەوە هەر دوویان وێڕای کۆمەڵێک هاوڕێی بەوەج بە دەستی ڕێژیمی ئێران شەهید کران.

دوکتور مەحموود عوسمان، ئەندام پەرلمانی عێراق و کەسایەتیی سیاسیی ناسراو و دۆستی لەمێژینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕیبەرانی شەهیدی ئەم حیزبە، لە بەغداوە بە پەیامێک بە دەنگی خۆی بەشداریی لەو سمینارەدا کرد. لە پەیامی د.مەحموود عوسمان بە بۆنەی بیستەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانیدا هاتبوو:

ئەم تاوانە تیرۆریستییە کە لە دادگای میکۆنووسی ئاڵمان پشتڕاست کرایەوە و تاوانباران و هەندێک لە لێپرسراوانی تاران سزا دران ـ بەتوندی شەرمەزار دەکەین. لە کاتێکدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ ئەم شەهیدە قارەمانە و هاوڕێکانی دادەنەوێنین، داوا لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هەموو لایەنە کوردستانییەکان، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات دەکەین، کە بیکەنە بۆنەیەک بۆ تەبایی، یەکگرتن و چڕکردنی خەباتی هاوبەشیان هەتا گەیشتن بە حوکمێکی دێمۆکراسی لە ئێران کە لە سایەیدا هەموو مافە ڕەواکانی کورد بچەسپێن.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان، سەرشۆڕی بۆ تیرۆریستان لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم سمینارەدا قادر وریا لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بە گەرمی بە خێرهاتنی بەشداربووانی کرد و بە پێزانینەوە باسی لە ئامادە بوونی کاربەدەستانی حیزبی و حکوومی، ڕووناکبیران، کەسایەتییە زانستی و فەرهەنگییەکان و نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکان لەم سمینارەدا کرد. ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، باسێکیشی لە سەر کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی د.سادقی شەڕەفکەندی پێشکەش کرد. لەم پێوەندییەدا هەم تیشکی خستە سەر توخم و ڕەهەندەکانی بیر و ڕوانینی د.شەڕەفکەندی و هەم کۆمەڵێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕێبەرە شەهیدەی حیزبەکەی ئاماژە پێکرد.

قادر وریا وتی «ئەگەر بمەوێ لە چەند ڕستەدا پێناسەی کەسایەتیی د.شەڕەفکەندی بکەم دەبێ بڵێم جوانی لە بیرکردنەوە و وردی لە ڕوانیندا، ڕاستگۆیی لە کردەوە و بوێری لە هەڵوێستدا، ئەمانە پێناسەی ئەو کەسایەتییەن.» پاشان توخم و پێکهاتەکانی هزر و ڕوانینی د.شەڕەفکەندیی ناو برد. نەتەوەخوازی و نەتەوەپەرستی، باوەڕ بە دێموکراسی و چەپبوون و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، وێڕای بڕوا هەبوون بە بایەخە بەرزە مرۆڤایەتییەکانی سەردەم بۆ نموونە، مرۆڤدۆستی، ئاشتیخوازی، پێشکەوتنخوازی، دژایەتیی هەرچەشنە ستەم و چەوسانەوەیەک، ئەو ڕەهەند و لایانە جۆراوجۆرانە بوون کە بناغەی بیر و ڕوانینی د.شەڕەفکەندییان لە سەر بنیات نرابوو. ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوەشی ڕوون کردەوە کە د.سادق شەڕەفکەندی وەک ڕووناکبیر و تێکۆشەری نەتەوەیەکی بندەست و وەک سەرکردەی خەباتێکی ڕزگاریخوازانە، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی نەتەوەییەکەیەوە، و لە هەڵوێستێکی خەباتخوازانە و ڕەخنەگرانەوە دەیڕوانییە، چەمکەکان و دیاردەکان و ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و جیهانەوە.

قادر وریا، وێڕای نموونە هێنانەوە لە ڕوانگە و بۆچوونەکانی شەڕەفکەندی لە هەر کام لەو بوارانەدا، ئاماژەی بە ڕۆڵی ئەو کەسایەتییە بە توانایە لە ڕێبەرییکردنی لێهاتووانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە مەیدان و بواری جۆراوجۆردا کرد کە هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوە، کۆماری ئیسلامی لە بەرزترین ئاستدا پیلان بۆ تیرۆرکردنی دابنێ کە بە داخەوە تێشی دا سەرکەوتوو بوو.

یەکێکی دیکە لە بەشدارانی سیمینار دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە بوو. د. ئاسۆ لە سەرەتای قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئێستا دژکردەوەیەکی توند لەلایەن هێندێک کەسەوە لە دژی وتاری نەتەوەیی هێزە کوردییەکاندا هەیە بە تایبەتی کە ساڵی ڕابردوو حیزبی دێموکراتی کوردستان داوای لە کۆمەڵگەی نێونەتەوییی کرد کە دیفاع لە کورد بکرێ و پێش بە کارەساتێکی ئینسانی لە کوردستان بگیرێ. ئەو کەسانە وا دەنوێنن کە ئەمە لەگەڵ بیروبۆچوونی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکرات ناتەبایە. د. ئاسۆ لەو پێوەندییەدا ئیشارە بە بیرە نەتەوایەتییەکانی دسادقی شەڕەفکەندی کرد کە ئەو کاتیش لەلایەن ئەم جۆرە کەسانەوە هێرشی دەکرایە سەر.

دواتر ئاماژەی بەوە کرد کە: لە کاتێکدا وتاری چەپ و ئایینیی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران وتاری زاڵ بوو، د. شەڕەفکەندی لە ڕیزە وتارێکدا ئاوڕی لە مێژووی نەتەوەی کورد دایەوە باسی لەو فورسەتانە دەکرد کە بۆ پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد هەبوون و لەدەست چوون و لە کتێبێکدا کۆی کردوونەوە.

حەسەن زادە لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە لە ڕوانگەی د. شەڕەفکەندییەوە دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکان تەواوکەری یەکترن. ئەو پێی وابوو کە ئەگەر دیموکراسی ڕەنگدانەوەی بیرە نەتەوایەتییەکان نەبێ دێموکراسییەکی سەقەتە. کۆڕگێر لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بە مافی چارەنووسی کورد و دیموکراسی لە ئێراندا کرد کە لە ڕوانگەی د. شەڕەفکەندییەوە کورد مافە خۆیەتی کە بۆخۆی بڕیار بدا کە لە داهاتوودا بە چ شکڵ و شێوەیەک چارەنووسی خۆی دیاری دەکا و نابێ موراجیعە بە نەتەوەکانی دیکە بکرێ کە کورد چیی دەوێ و خەڵکی دیکە لە بارەی چارەنووسی کوردەوە دەنگ بدەن و بڕیار بدەن، کورد بۆخۆی دەبێ لەم بارەیەوە بڕیار بدا.

لەم سمینارەدا جگە لە ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی ڕۆژهەڵات (دانیشتووی هەرێمی کوردستان)، کۆمەڵێک لایەن و کەسایەتیی دیاری بوارە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان بەشدار بوون.

## نامەیەکی نوێنەری حدک لە دەرەوەی وڵات بۆ ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان سەبارەت بە لە سێداران لاوانی کورد لە ئێران

**ڕێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ لە هەمو جیهان!**

**ناوەندەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ!**

بێگومان هەمووتان کەم و زۆر بیستوتانەکە ڕێژیمی ئێران بە شێوەیەکی بەربڵاو مافی مرۆڤ پێشێل دەکا. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە بە شێوەیەکی زۆر دوژمنکارانە لە دژی گەلانی ژێردەست و کە مایەتییە کانی ئێران کە بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوای خۆیان خەبات دەکەن، جووڵاوەتەوە. بە تایبەت لە دژی گەلی کورد بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتی خۆی هەموو جۆرە فشارو سەرکوتێکی بە کار هێناوە بۆ ئەوەی ئەو گەلە کۆڵنەدەرەی کە سەرسەختانە بۆ وەدیهێنانی مافەڕەواکانی خەبات دەکا، بە چۆک دابێنێ. ئێستاش ڕێژیم دەیهەوێ بە ڕێگای لە سێدارەدان و کوشتنی لاوانی کورد دا، خەڵکی ئێران چاوترسێن بکا.

هەر بە و مەبەستە دادگا بە ناو ئیسلامییەکانی ڕژیم دەستیان کردوە بە دابەشینی حوکمی لە سێدارە دان بە سەر لاوانی کورد دا، کە لە سیاچاڵەکانی ڕژیم دا بێ هیچ هۆیەکی قانونی زیندانی کراون. لە کوردستان هەرکەس دەستبەسەر بکرێ، خەتەری ئەوەی لەسەرە کە حوکمی لە سێدارەدانی بەسەر دا بسەپێنرێ. هەر تازە دیسان کۆمەڵێک لە لاوانی کورد بە بێ هیچ تاوانێک ئەو حوکمە زاڵمانەیان بەسەردا سەپاوە. هەر ئێستا چاوەڕوان دەکرێ بەو زوانە لاوێکی کورد بە ناوی مەنسوری ئاروەند خەڵکی مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کودستان کە لە ١٢ ی جولای ساڵی ٢٠١١ لە دەست بەسەر کراوە و لە زیندانی ورمێ دایە، لە سێدارە بدرێ. ئەوە لە کاتێک دایە کە دوو منداڵ کە یەکیان تەمەنی چوارساڵ و ئەوی تریان تەمەنی هەشت ساڵە لە ماڵەوە چاوەڕوانی دەکەن.

ئەو هەڵسوکەوتەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تراژێدیایەکی ئینسانیی بەردەوامە کە هەمو ڕۆژێ لە کوردستانی ئێران دووبارە دەبێتەوە و ژیانی سەدان لاوی زیندانیی کورد دەخاتە مەترسییەوە. من تکاتان لێ دەکەم هەموو توانای خۆتان بەکار بێنن بۆ ڕاگرتنی ئەو ئیعدامانە و ڕێگا مەدەن حوکمی لە سێدارەدانی ئەو لاوە کوردە جێ بەجێ بکرێ. ڕاگرتنی ئە و کوشتارە نارەوایە ئەرکی ئینسانیی ئێوەیە و لە سەرتانە کە نەهێڵن جینایەتکارانی ئینسانکوژ لە پلانە دژی ئینسانییەکانیان دا سەرکەوتوو بن.

ئیمە داواتان لێ دەکەین بە هەر ڕێگایەکی گونجاو فشار بێنن بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەست لە کوشتنی لاوانی بێتاوانی کورد هەڵگرێ.

بە ڕێزەوە چاوەڕوانی هەڵگرتنی هەنگاوی کاریگەرتانین لە و بوارەدا.

**مستەفا شڵماشی**
**بەرپرسی پەیوەندییەکانی**
**دەرەوەی وڵاتی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

## بەشداری هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوو سمیناری ناوەندی تورکی- کوردی لە لەندەن




ڕۆژی ٥ی سپتامبری ٢٠١٢ لە پارلمانی بریتانیا سمینارێک لەلایەن ناوەندی خوێندنی تورک لە پارلمانی بریتانیا بە بەشداریی هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوە چوو.

ئەو سەنتەرە بەهاوکاریی چالاکانی هەردوو نەتەوەی کوردو تورکی دانیشتووی بریتانیا، لە ئاپریلی ٢٠١١ی زایینی لە لەندەن دامەزراوە، سمیناری ئەم وەرزەیان بۆ خاتوو نورەی مێرت، نووسەر و ڕۆژنامەوان ڕێکخستبوو. تەوەری سەرەکیی باسەکان لەسەر دەسەڵات و بەرێوەبەری بوو، کە لەگەڵ پێشوازیی ئامادە بووان بەرەوڕوو بووەوە. باس و خواسێکی تێروتەسەلیش لە لایەن بەشدابووانەوە هاتە ئاراوە کە بووە هۆی دەوڵەمەندتر کردنی سمینارەکە.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەو سمینارە بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە چالاکانی کورد و تورک و میوانانی بیانی لە یەکێک لەتالارەکانی پارلمانی بریتانیا بەرێوە چوو.

هەروەها ڕۆژی ١٢ی سپتامبر بە مەبەستی زیاتر ناساندنی ئەرک و کارەکانی ئەو ناوەندە لە داهاتوو دا و تێشک خستنە سەر کار و چالاکییەکانیان لە ماوەی ڕابردوو دا، بەرێوەبەرانی ناوەند، ئێوارە خوانێکیان بۆ کۆمەڵێکی زۆر لە چالاکانی سیاسی، ئەدەبی و ڕۆشنبیرانی دانیشتووی لەندەن، لە پارلمانی بریتانیا بەرێوە برد.

لەو ئیوارە خوانە دا پاش ئەوەی کورتە ڕاپۆرتێک لەسەر چالاکیەکانی ئەو ناوەندە پێشکەش کرا، داوا لە بەرێز ئەناس ساروەر، ئەندامی پارلمانی بریتانیا کرا کە وتەیەک سەبارەت بەو ناوەندی ڕۆشنبیری و فێرکارییە پێشکەش بکات.

پێویست بە ئاماژەیە کە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا ئامادەی ئەم ئێوارە خوانە بوون و هەریەک لە بەرێزان مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیاو، عەبدوڵڵا ئەمینی و یونس موکری بەشداریان کرد و چاویان بە بەشێکی بەرچاو لە میوانان و بەتایبەت بەرێز ئەناس سارورەر، ئەندامی پارلمانی بریتانیا کەوت.

**درێژەی:**

## نامەیەکی سەر ئاوەڵا بۆ ئەندامانی کۆنگرەی ١٥ی حدکا

بەڕێزان! ئێوە لەم کۆنگرەیەتان دا بە نۆرەی خۆتان دەتوانن ڕێگە بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی دیموکراتەکان دا،خۆش بکەن. مەبەستیشمان لە قۆناغێکی نوێ ئەوەیە حیزبی دیموکرات، لە سەر ئەساسێکی پتەو و دروست یەکگرتوویی خۆی بەدەست بێنێتەوە و ئەم دوو لایەن یا ئەم دوو حیزبی دیموکراتە لە حیزبێکی واحید دا، یەک بگرنەوە. یان ئەگەر لە کورتخایەنیشدا ئەمەیان کە ئارەزووی خەڵکی کوردستان و دۆستان و هۆگرانی دیموکراتەکانە، جێبەجێ نەبوو، لانیکەم وەکوو دوو حیزب و دوو لایەنی دۆست، پێوەندییەکی ئاسایی لە نێوانمان دا هەبێ و شانبەشانی ڕاگرتنی ئەم پێوەندییە، هەوڵدان و دیالۆگ بۆ ئامانجە سەرەکییەکە یەکگرتنەوەیە، درێژەی پێبدرێ.

هەر وەک ئاگادارن کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمەی لە دانیشتن و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێبەریی حیزبی ئێوە بە مەبەستی بەرقەرار کردنی پێوەندییەکی سالم و دۆستانە و هاوکاریی دوو قۆڵی و لەمەش زیاتر کار کردن لە سەر یەکگرتنەوە لە حیزبیکی واحید بە پێی پرەنسیبی جێگای قەبووڵی هەر دوولا، ئاوەڵا کردوە. بەڵام ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی ئێوە، سەرەڕای ئامادەیی نیشاندانی ڕێبەریی حیزبتان بۆ گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ئێمە پێشوازیمان لەو گۆڕانە کردوە، هێشتا کۆسپی سەرەکیی هەر پێشکەوتنێکی جیددی، لە جێی خۆیەتی. ئەو کۆسپەش بریتییە لە خۆبواردن لە قەبووڵی هووییەتی واقیعیی لایەنی بەرامبەرتان. ئەگەر کۆنگرەکەتان دەیەوێ وڵامێکی ئەرێنی بە مێژوو و پەیامی یەکیەتیخوازانەی خەڵکی کوردستان و چاوەڕوانیی دۆستان و هۆگرانی خوازیاری یەکگرتنی دیموکراتەکان بداتەوە، دەبێ ئازایەتیی هەڵگرتنی ئەم کۆسپە لە خۆی نیشان بدا و نەک هەر دەستی ڕێبەریی داهاتووی حیزب لەم بارەیەوە ئاوەڵا بکا، بەڵکوو ئەرکداری بکا کە لە گەڵ ڕاستییەکان، بەو جۆرە کە هەن بەرەوڕوو بێتەوە. بۆ ئەوەی لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگای لێک نزیکبوونەوە و لەمەش زیاتر یەکیەتی و یەکڕیزیی دیموکراتەکان بکەوێتە دانیشتن و دیالۆگێکی جیددییەوە.

ئیمە بۆ جارێکی دیکە وێڕای پێداگرتنەوەمان لە سەر هەڵوێستی یەکیەتیخوازانەمان، سەرنجی ئێوە و کۆنگرەکەتان بۆ لای چاوەڕوانییەکی بە جێ کە لەم ساتە دا لێتان دەکرێ، ڕادەکێشین. چاوەڕوانیمان ئەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت پێویستیی یەکڕیزیی دیموکراتەکان،کۆنگرەکەتان ئەم پرسە بخاتە بەر باس و لێکدانەوە و بریاری پێویستی لە سەر بدا بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی، ڕێخۆشکەری دەسپێکردنی فەسڵێکی نوێ لەچارەسەری ئەم کێشەیەدا بیت.

بەم هیوایەوە، سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بە ئاوات دەخوازین.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٣٩١/٧/١**
**(٢٠١٢/٠٩/٢٢)**

# سمینارێک لە پارلمانی بریتانیا بۆ تیشک خستنە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی تیرۆری میکونووس







ئەمساڵ و بۆ جارێکی دیکە بە هەوڵی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، پارلمانی بریتانیا بوو بە مەکۆی یاد و ناوی شەهیدانی میکونووس رۆژی دووشەممە ١٧ سێپتامبری٢٠١٢ی زایینی کاتژمێر ٦ی ئێوارە، لە ساڵرۆژی کارەساتی میکۆنووس دا، لە پارلمانی بریتانیا، بە مەبەستی یادکردنەوە دوکتور شەڕەفکەندی، فەتاح عەبدوڵی، هۆمایون ئەردەڵان و نوری دێهکۆردی و لێکۆڵینەوە لە سەر کارتێکەریی حوکمی دادگای میکۆنووس، سمینارێک بەرێوە چوو.

پێشوازیی چاوەڕوان نەکراوی بەشداران کە رێژەیەکی بەرچاو لە چالاکانی کورد، ئێرانی و بیانی لە ژووری سالۆنەکە و دەستەیەکی زیاتر لە ٧٠ کەس کە بە هۆی نەبوونی جێگە نەیانتوانی بێنە ژوورەوە، نیشاندەری گرینگیی ئەم کۆڕیادە بوو

پانێلگێرانی ئەم سێمینارە بریتی بوون لە بەڕێزان: مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، لۆرد ئێریک ئێڤێبیری، رۆئیا حەکاکیان، جێرمی کوربین، پەرویز دەستماڵچی، گوڵاڵە شەڕەفکەندی و دوکتور عەلیرەزا نوریزادە کە هەر کام لە روانگەیەکی تایبەتەوە باسی ئەم رووداوەیان کرد.

لۆرد ئێڤێبیری، جێگری سەرۆکی کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا دوای بەخێرهێنانی بەشداران، ئاماژەی بە گرینگیی باس لە مەسەلەی کورد و یادی دوکتور شەڕەفکەندی و دوکتور قاسملوو کرد و وتی لەو چوار کتێبەی کە لە سەر کوردەکان نووسیوێتی باسی لەو غەدرانە کردوە کە لە کورد دەکرێ و وتیشی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ کورد، مافێکی رەوایە.

بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، کەسایەتیی سیاسیی کورد و سیمای ناسراوی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد.

بەڕێزیان لە باسەکەیدا کارەساتی مێکۆنووسی وەک تێرۆرێک بە دژی حیزبی دێمۆکرات و خەباتی رەوای خەڵکی کورد و جووڵانەوەی دێمۆکراسیخوازی لە ئێراندا لە قەڵەم دا و وتی بریاردەرانی ئەم تێرۆرە وایان دەزانی بەم جینایەتە کورد و حیزبی دێمۆکرات بە چۆک دا دێنن، بەڵام لە راستیدا ئەگەرچی ئەوە بۆ حیزب خەسارێکی گەورە بوو، وەک دەبینن خەباتی ئەو حیزبە ٢٠ ساڵ دوای شەڕەفکەندی و ٢٣ ساڵ دوای قاسملوو بەردەوامە و ئەم خەباتە رەوایەیە درێژەدەری.

بەڕێز حەسەنزادە گوتی ئەگەرچی کورد کەمتر لە سەدی ١٥حەشیمەتی ئێرانە، بەڵام لە سەرکوت کردن دا بەشی شێری پێ بڕاوە و هێندێ جار ٨٠ لە سەدی ئەوانەی ئیعدام کراون یان چاوەرێی ئێعدامن کوردن. هەرئێستا سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، محەممەد سەدیق کەبوودوەند تەنانەت ئیزنی دیتنی کورە نەخۆشەکەی پێ نادرێ.

خاتوو رۆئیا حەکاکیان نووسەری کتێبی پیاوکوژانی کۆشکی فیرۆزە، یەکێکی دیکە لە کۆڕگێرانی ئەم سمینارە لە باسەکەیدا حوکمی دادگای میکۆنووسی بە خاڵی وەرچەرخانێکی گرینگی مێژوویی لە قەڵەم دا کە باشترین کارتێکەری لە سەر حکوومەتی ئێران دانا، بەو مانایەی کە مادام توانی ئەوان ناچار بە پاشەکشە بکا و ئێستاش ئەوە دەتوانێ باشترین شێوە بێ بۆ راوەستان لە دژی ئێران. حەکاکیان وتی: میکۆنووس گیانی سەدان کەس لە ئۆپۆزسیۆنی لە مەرگ نەجات دا و ئێستا دەرسەکانی دەتوانێ بەکەڵکی زۆر مەسەلەی دیکە بێت.

پاشان پەرویز دەستماڵچی وەک یەکێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکەی میکۆنووس کە بە زیندوویی مایەوە لە بەشێک لە قسەکانیدا لەم سمینارەدا وتی ئەگەرچی باسێکی سیاسیم ئامادە کردبوو، بەلام لە سەر داوای مامۆستا حەسەنزادە لە جیاتی وتارە سیاسییەکەم، چۆنیەتی روودانی ئەو جینایەتە دەگێرمەوە، کە ئەو گێرانەوە کارتێکەری قورسی لە سەر بەشداران هەبوو و دواتریش بە کورتی ئاماژەی بەو راستییە کرد کە ئیمکانی بەدیهێنانی ئاڵوگۆری بنەڕەتی لە رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نییە. چونکە لە سەر بنەمای هەڵاواردن و جیاوازیدانان دارێژراوە، ئەگەر ئەو جیاوازییانەی نێوان موسڵمان و غەیری موسلمان، ژن و پیاو، شیعە و غەیری شیعە، خودی و غەیرە خودی نەمێنی ئیدی کۆماری ئیسلامییش وجوودی نامێنێ.

کۆڕگێرێکی دیکەی ئەم سمینارە، جێرمی کۆربێن ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری مافی مرۆڤ لە قسەکانیدا وتی لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێراندا دەبێ بیر لە هەڵسوکەوتی ئوسوولی بکەینەوە. ئێستا ئێران لەگەڵ پرۆسەی گفتوگو لە سەر چەکی ناوکی وردە وردە ملکەچی بڕیارەکان دەبێت و تەنانەت قەرارە لە وتوویژەکەی مانگی دێسامبر لە هێلسینکی بەشدار بێ و ئێمە چاوەڕوانی گەیشتن بە سەرئەنجامێک لەگەڵ ئێران دەکەین. سەبارەت بە دوکتور شەڕەفکەندی و دوکتور قاسملوو و تێکۆشانی کوردەکان گوتی ئێمە پێویستە سەبارەت بە لە بەر چاو گرتنی مافی مرۆڤ گوشار بخەینە سەر رێژیمی ئێران و ئەوە حەتمەن کارتێکەریی خۆی دەبێ بۆ وێنە باسی لە نموونەی تورکیە کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەم سمینارەدا لە دوکتور عەلیرەزا نوریزادە لە سەر جینایەتی موقەدەس دوا و گوتی ئەو قەتلانە بۆ کاربەدەستانی رێژیم جینایەتی موقەدەسە و بکوژانی ئەو تیرۆرە پێیان وایە بەو کارە لە خوا و لە بەهەشت نێزیک دەبنەوە و لە درێژەی باسەکەی دا بکوژانی بە ٢ دەستە دابەش کرد. یەکەم ئەوانەی لە بەر ئیمانداری و بە قسەی ئیمامەکەیان دەکەن کە ئەو کەسە دژی خودایە و پێوستە بکوژرێ وەک بکوژانی میکۆنووس و ڤییەن. بەڵام دەستەی دووهەمی بکوژان ئەوانەن کە لە بنەڕەتدا جینایەتکارن، چێژ لە کوشتن وەردەگرن و بۆ پاداش ئەو کارە دەکەن بۆ وێنە بکوژانی فەرۆخزاد یان فروهەر لەو دەستە بکوژانە بوون.


یەکێکی دیکە لە بەشدارانی ئەو سمینارە گوڵاڵە شەڕەفکەندی، ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. ناوبرا لە درێژەی وتاردانەکەی دا وتی گرینگە لەو رۆژەدا چەند مەسەلە باس بکرێ. یەکەم هۆکاری تێرۆری شەڕەفکەندییە، دووهەم پرۆسەی دادگای مێکۆنووس و دەسکەوتەکانی بۆ کورد و ئێرانی و سێهەم ئەو داوایانەی کە دەکرێ لە رووی ئەم دەرسانە  کە رووبەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکرێتەوە بۆ بە چۆکدا هێنانی ڕژیمی ئێران. ناوبراو گوتی لە بیرمان بێ لەو سەردەمەدا ئیدی گرفتی منی کورد یان ئێرانی تەنیا گرفتی لایەنێک نییە، بەڵکو گرفتی هەموو دونیایە چونکە توندئاژۆیی، تێرۆر، سەرەڕۆیی سبەی بەرۆکی هەموومان لە وڵاتانی ئورووپایش دەگرێتەوە بۆیە چارەنووسی کورد و چارەنوسی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لە ئورووپا لێک گرێ دراوە، بۆیە دەبێ لە کردەوەدا یەکگرتوو بین و پشتگیری لە داواکانی کورد بکرێ.

لە دوا بەشی بەرنامەی سمیناردا بەڕێز لۆرد ئێڤێبری داوای لە بەشداران کرد کە باس و پرسیارەکانی خۆیان بکەن کە چەند کەس لە بەشداران پرسیاریان لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هێنایە گۆڕێ، کە لەلایەن بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادەوە وڵامی پێویستیان درایەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە بەشێکی بەرچاو لە میوانانی خارجی و ئێرانی و نوێنەری چەندین حیزب و رێکخراوی کوردستانی بەشداری ئەو سمینارە بوون کە زیاتر لە ٢ سەعات درێژەی کێشا.

# ئاڵمان: کۆڕیادێکی شیاو بۆ یادکردنەوەی د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی











رۆژی شەممە ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٢ی زایینی لە لایەن کۆمیتەی ئالمان و کۆمیتەی ئامادەکاری رێورەسمی٢٠ ساڵەی شەهیدانی میکۆنووس، کۆڕیادێکی شیاو بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان دوکتور سادق شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی، لە شاری کۆڵنی وڵاتی ئاڵمان بەڕێوە چوو .

لەسەر بانگهێشتنی کۆمیتەی ئامادەکاری یادی ٢٠ ساڵەی تێرۆری میکۆنووس و کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی ئاڵمان ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی و ئێرانی هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە رووناکبیران، رۆژنامەنووسان و تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ و ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە بەخێرهێنانی بەشداران بە دوو زمانی کوردی و فارسی لە لایەن بەرێوەبەری بەرنامە، بەڕێز فاخر پنهانی و سروودی ئەی رەقیب و دەقیقەیێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی شەهیدانی میکۆنووس و هەموو شەهیدانی رێگەی ئازادی دەستی پێکرد.

بەدوای ئەوەدا کورتەیێک لە سەر چونێتیی رووداوی تیرۆری میکۆنووس و دەرئەنجامەکانی لە لایەن بەرێوەبەری بەرنامەوە بە فارسی و کوردی باس کرا.

پاشان رێپۆرتاژێک لەسەر قسەکانی خانمی مونیکا تیمن، شارەداری پێشووی شارلۆتنبۆرگی برلین، لەسەر چۆنیەتی دانانی تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی میکۆنووس پێشکەش کرا. خاتوو مونیکا تیمن لەو راپۆرتەدا بەوردی تیشکی خستۆتە سەر گیروگرفتەکانی سەر رێگەی دانانی ئەو تابڵۆیە لەو سەردەمەدا و کارتێکەریی ئەو تابڵۆیە لەسەر پێوەندییەکانی ئێران و ئاڵمان .

لە بەشێکی دیکەی ئەم رێوڕەسمەدا وتارێک لەلایەن بەڕێز مستەفای شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی پێشکەشی بەشداران کرا.

بەرێزیان لە بەشێک لە وتارەکەیدا تیشکی خستە سەر جینایەتی میکۆنووس و لەو پێوەندیەدا باسی کەمتەرخەمیی هێزە سەرانسەری و کوردستانییەکانی کرد و سەبارەت بە بەدواداچوونی بڕیاری دەزگای دادوەری ئاڵمان و محاکمەکردنی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە دادگایەکی نێونەتەوەیدا بۆ بەشداران دوا. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بەڕێز شەڵماشی، سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی سەبارەت بە پێکهێنانی یەکێتیەکی کوردستانی و سەرانسەی بۆ بەشداران شیکردەوە .

پاشان وەرگێراوی قسەکانی کاک مستەفا، بەزمانی فارسی لە لایەن کاک خالید حەسەنپوور، راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندییدا حیزبەوە پێشکەش بە بەشداران کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو رێورەسمەدا بەرێز مێهدی ئیبراهیمزادە وەک نوێنەری رێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران- ئەکسەرییەت و شاهیدی زیندووی تیرۆری میکۆنووس وتارێکی پێشکەش کرد.

بەرێز ئیبراهیمزادە تیشکی خستە سەر چۆنیەتی روودانی ئەو جینایەتە و لە درێژەی قسەکانیدا باسی هاوکاری و یارمەتیی هێز و کەسایەتییە سەرانسەرییەکانی لە پێوەندی لەگەڵ پرۆسەی سەرکەوتنی دادگای میکونووسی داکرد و پێی وابوو کە ئێرانییەکان هەردەم بەرێزەوە دەروانننە یادی دوکتور شەڕەفکەندی و بە رێبەرێک ناوی برد کە خاوەنی پتانسێلێکی زۆر بوو بۆ یەکخستنەوەی هێزە سەرانسەری و کوردستانییەکان .

پێشکەشکردنی وتارێک لە لایەن دوکتور کەمال سەیە، بە نوێنەرایەتی لە کۆمەڵەی بەرگری لە نەتەوە ژێردەستەکان، سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی لە ئێراندا بڕگەیەکی دیکەی ئەو سمینارەی پێک هێنا.

ناوبراو لە وتارەکەیدا بە وردی و لە رووی ئامارەوە باسی تێکهەڵکێشی نەتەوەیی و ئایینی و هەروەها پانتایی جوغرافیای هەریەک لە پێکهاتەکانی ئێرانی کرد.

بەشی کۆتایی رێوڕەسمەکە تەرخان کرابوو بۆ رێپۆرتاژێک کە لە وتوویژی

## راگەیەندراوی خەبەری: بەڕێوە چوونی یەکەمین کۆبوونەوەی رەسمیی هەردوو لایەنی دێموکڕات لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سەعات ١٠ی بەیانیی رۆژی ١٨ ی سێپتامبری ٢٠١٢ (٢٨ ی خەرمانانی ١٣٩١)، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسی و بە هاوڕێیەتیی بەڕێزان ئەسعەد ئەحمەدی و شاهۆ فەرازمەند ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کرد کە لەلایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب و بە هاوڕێیەتیی بەڕێزان کەریم سەقزی و ئاسۆ حەسەن زادە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.



لەو دیدار و دانیشتنەدا کە لە کەشێکی زۆر دۆستانە و کراوەدا بەڕێوە چوو، هەیئەتەکانی هەردوو لا خۆشحاڵیی خۆیان لە پێکهاتنی زەمینە و رەخسانی هەلی دیالۆگی راستەوخۆ دەربڕی و لەسەر ئەوە هاوڕا بوون کە چ بە حوکمی رابردوو و چ بە هۆی زەروورەتی هەلومەرجی هەستیاری خەباتەوە ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی هەردوو لا کە بە جیددی لەپێناوی چارەسەر کردنی ئەو پرسەدا هەنگاو هەڵێننەوە.

دواتر هەردوو هەیئەت روانگەکانی خۆیانیان سەبارەت بە لایەنە جۆربەجۆرەکانی پێوەندیدار بە کێشەی نێوان دێموکڕاتەکان و چۆنیەتیی چارەسەرکردنی ئەو پرسە خستە ڕوو و مێکانیزمەکانی وەڕێخستنی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پێوەندی و لێکنزیکبوونەوەی دوو لایەنیان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش خستە بەر باس.

هەیئەتی حدکا و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەروەها لەسەر ئەوە ساغ بوونەوە کە بەمەبەستی درێژەدانی دیدار و دانیشتنی نێوانیان لەپێناوی لێکگەیشتن لەبارەی چارەسەری ئەو مەسەلەیە هەماهەنگی و کارئاسانی بکەن.

ئەم کۆبوونەوەیە کە یەکەم کۆبوونەوەی رەسمیی نێوان هەردوو لایەنی دێموکڕات لەدوای لەتبوونی حیزبی دێموکڕاتەوەیە، لە پاش ئەو هەوڵانەوە دێ کە بەمەبەستی ئاساییکردنەوەی پێوەندیی نێوان دوو لایەن و کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و وتوویژ بۆ چارەسەری کێشەکان هاتوونە ئاراوە کە گرینگترین نموونەی، دیداری سکرتێری گشتیی هەردوولا بەڕێزان کاک خالید عەزیزی و کاک مستەفا هیجری بە میوانداریی سەرکۆنسولی پێشووی فەڕانسە لە هەولێر مانگی گەلاوێژی رابردوودا بوو.

## سوئێد: لە شاری ستۆکهۆڵم سمینارێک به بۆنەی ٢٠ ساڵەی د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بەڕێوە چوو





دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٥ی سپتامبری ٢٠١٢، سمینارێک بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی میکۆنووس بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتەکانی دانمارک، نۆرویژ، فینلاند و سوئێد، لە ساڵۆنی «ئۆسۆ یمناسیۆم» لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سوئێد بەڕێوە چوو.

سەرەتا سمینارەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب لە لایەن کۆرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند دەستی پێکرد. پاشان خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان ڕاگەیەندرا. محەممەدی ئیسماعیلی و سۆزان فەتحی، بەڕێوەبەرانی بەرنامە بە زمانەکانی کوردی و سوئێدی و فارسی بەخێر هاتنی بەشدارانی ئەو سمینارەیان کرد.

پاشان مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، بە نوێنەرایەتیی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، وتارێکی پێشکەش کرد و لە وتارەکەیدا باسی بوێری و ئازایەتیی کاربەدەستانی دادگای میکۆنووسی کرد و وتی: ئەم دادگایە و دەزگای قەزایی ئاڵمان دوای چوار ساڵ کاری قورس و شێلگیرانە، توانیان لە نەبوونی، بەڵگەی پێویست بۆ مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕێبەرانی پلە یەکی ئەم ڕێژیمە وەدەست بخەن و سەرەنجام بڕیاری دەستبەسەرکردنیان بۆ دەرکردن و لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاکامی ئەم تیرۆرەدا زیانێکی زۆری دیپلۆماتیی وێکەوت.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا مامۆستا حەسەنزادە، هاتەسەر باسی پەڕش و بڵاویی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگەی لێک نزیکبوونەوەی ئەم هێزانە.

سەبارەت بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان حدکا و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، مامۆستا حەسەنزادە ڕایگەیاند کە تا ئەو جێگەیە ی بەو دوو حیزبە مەربووتە ئەم ڕێککەوتننامەیە شتێکی باشە، بەڵام نابێ ئەو دوو حیزبە بۆ ئەوە یەکبگرن کە هێزەکانی دیکە «بەیعەتیان» لەگەڵ بکەن. مامۆستا حەسەنزادە سەبارەت بە حەساسییەتی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەو ڕێککەوتننە و ترسی ئەوان لە لەت بوونی ئێران، ڕایگەیاند ئەو کەسانە ئێران لەت دەکەن کە باوەڕیان بە دێموکراسی و مافی نەتەوەکانی ئێران نییە.

مامۆستا حەسەنزادە ئەوەشی خستەڕوو کە ئەگەر هێزە کوردییەکان نەحاوانەوە و یەکتر نەخوێندنەوە وەلانە نین، ئەوە ئەوان زۆر خاڵی هاوبەشیان هەیە کە دەکرێ بکرێتە بنەمای هاوکاریی ئەوان پێکەوە.

سەبارەت بە داوای دیالۆگی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و حدکا، مامۆستا حەسەنزادە ڕایگەیاند کە ئەو داوایە پێویست نییە هەر بۆ یەکگرتنەوە بێ، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە بواری کاری هاوبەش و دۆستایەتی برەخسێ، دەنا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەزن و قورسایی تایبەت بە خۆی هەیە و مەشرووعییەتی خۆی لە هیچ هێزێک وەرناگرێ، بەڵام خەڵکەکەمان داوای لە ئێمە ئەوەیە یەکریز و تەبا بین و ئێمەش وەلامی ئەو داوایەی خەڵکمان داوەتەوە.

سەبارەت بە وەزعی گەلانی ئێران بە گشتیی و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، مامۆستا حەسەنزادە گەشبین بوو و وتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە زەبری سەرنێزە حوکم دەکا و بێ زەبروزەنگ ناتوانێ درێژە بە حکوومەتەکەی بدا. ناوبراو لە دوایین بەشی وتارەکەیدا ڕایگەیاند، ئێرانی داهاتوو دەبێ لە ئێرانی شا و خومەینی جیاواز بێ و کەس نایەوێ بۆ حکوومەتێک خۆی بە کوشت بدا کە لەودا هیچ مافێکی وەبەرچاو نەگیراوە.

یەکێکی دیکە لە وتار بێژانی سمینارەکە «فرێدریک مالم»، ئەندامی پارلمانی سوئێد لە حیزبی لیبراڵی گەل «فۆلک پارتییەت لیبراڵێرنا» بوو . ناوبراو هاوکات بەرپرسی ڕایەڵەی کوردی لە پارلمانی سوئێدە و کەسێکی چالاکە سەبارەت بە پرسی کورد لەم وڵاتەدا.

فرێدریک مالم لە قسەکانیدا ڕایگەیاند کە ڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی قەرار وابوو سەرۆکی ئەو کاتی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوئێد، «ئینگوار کارلسۆن و هاوکارێکی لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بن کە لەودا دوکتور سادق و هاوڕێیانی شەهید کران.

ناوبراو هەروەها لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وتی: دامەزراندنی دێموکراسی پێویستی بە مرۆڤی دێموکرات هەیە. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا مەیدان نادرێ بە دێموکڕاتان و ئەوان ڕاوەدوو دەنرێن. تیئۆریی «دیالۆگی ڕخنەگرانە» کە داهێنانێکی ئورووپایی بوو، شکستی هێناوە و ئەم ڕێژیمە بۆ ئیسلاح نابێ چونکە ڕێژیمێکی مەزهەبیی تاک لایەنەیە و هیچ بیرێکی غەیری خۆی تەنانەت لە بازنەی نێوخۆشیدا وەرناگرێ و دژی دەوەستێتەوە. خاتەمی و مووسەوی و جووڵانەوەی سەوز باشترین بەڵگەی ئەم قسانەمن.



لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا فرێدریک مالم ڕایگەیاند: ڕێژیمێک کە لە نێوخۆ و دەرەوە ڕاوی بەرهەڵستکارانی خۆی دەکا و تیرۆریان دەکا و زیندانەکانی لە دژبەرانی خۆی پڕ کردوە، ئەگەر دەستی وە چەکی ئەتۆمی ڕابگا دەبێ چ بکا؟

لە دوایین بەشی قسەکانیدا ناوبراو ڕایگەیاند کوردستان و خەڵکەکەی بە هیچ زەبروزەنگ و چەوسانەوەیەک بە چۆکدا نەهاتوون و سەربەرزانە درێژە بە ژیان دەدەن، ئەم خۆڕاگرییەی ئێوە نیشانەی ئەوەیە کە ڕزگاریتان دوور نییە و بەڕێوەیە. بژی کورد و کوردستان.

وتاربێژێکی دیکەی ئەم سمینارە خاتوو «ئەوین ئینجیر» لە لایەن ڕێکخراوی لاوانی سوسیال دێموکراتی سوئێد بوو. خاتوو ئێلێن لە وتارەکەیدا باسی ئەوەی کرد کە تیرۆری میکۆنووس هێرشێک بوو بۆ سەر مرۆڤایەتی. بڕیاردەرانی ئەم تیرۆرە لە ئامانجەکەیاندا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە خەباتی نەتەوەی کورد درێژەی هەیە و ئێمە پێکەوە ئەم خەباتە دەبەینە قۆناغی سەرکەوتن. بۆ ئەوەی ئەم سەرکەوتوویە ببێتە ڕاستی، پێویستە هێزە کوردییەکان یەکگرتوو بن و بە یەکگرتوویی سەرکەوتن دەستەبەر دەبێ.

ئێمە لە دوایین کۆنگرەی ئەنترناسیونال سوسیالیست بڕیارماندا کار بکەین بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی نەتەوەی کورد و ئەم بڕیارە چوار حیزبی کوردی، کە یەک لەوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە، لە پشتە و وڵاتانی سوئێد و نۆڕوێژیش پشتیوانی ئەم بڕیارەن..

دوایین وتاربێژی ئەم سمینارە، کاک سمایل بازیار، چالاکی سیاسی و مامۆستای زانکۆ بوو. بازیار لە باسەکەیدا لەژێر سەردێرێ دوکتور سادقی شەڕەفکەندی» سیمای تێکۆشەرێکی نەتەوەیی» بوو باسی ئەوەی کرد کە شەهید دوکتور شەڕەفکەندی، نموونەی چەپێکی نوێخواز و نەتەوەیی بوو. دوکتور شەرەفکەندی هەوڵی دەدا کێشە کۆمەلایەتییەکان بەشیوەیەکی عادڵانە چارەسەر بکرێن و چەوساوەکان کەمتر بچەوسێنەوە. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا کاک سمایل باسی ئەوەی کرد کە دوکتور شەرەفکەندی بڕوای بەوەی هەبووە کە تەنیا نەتەوەی کورد بۆخۆی دەتوانێ بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدا و هیچ نەتەوەیەکی دیکە مافی ئەوەی نییە بۆ کورد دیاری بکا کە چی بکا. لە کۆتاییدا کاک سمایل هیوای خواست کە بیر و هزرەکانی دوکتور سەعید ببێتە هاندەرێک کە خەڵکی ئێمەش بتوانێ باشترین کەڵکی لێوەر بگرێ و بکرێتە ڕێنوێنی خەباتی نەتەوەکەمان..

شایانی باسە کە نوێنەری زۆربەی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و کەسایەتییە کوردەکان لەو سمینارەدا بەشدار بوون. هەروەها لە لایەن ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانەوە، نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵاتی ئەم ڕێکخراوەیە بەشداری سمینارەکە بوون.

## فەڕانسە: نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری لەگەڵ شەهیدانی میکونووس لە گۆڕستانی پێرلاشێز








ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٢ی زایینی، یادی ٢٠ ساڵەی تێرۆری ڕێبەری حیزبی دێمۆکرات، دوکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی فەتاح عەبدۆلی، هۆمایوون ئەردەلان و نووری دێهکوردی، لە گۆڕستانی پێرلاشێز لە پاریس بە بەشداریی چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامان، دۆستان و یارانی حیزب کە لە وڵاتانی فەڕانسە، سویس، بریتانیا و بلژیکەوە هاتبوون و چەندین کەسایەتیی سیاسی کوردستانی و ئێرانی کرایەوە.

بەشدارانی ڕێوڕەسمی یادی ٢٠ ساڵەی تێرۆری میکۆنووس لە بەر دەرگای گۆرستانی پێرلاشێز کۆبوونەوە و بەرەو گڵکۆی ئەو ئازیزانە وەڕێ کەوتن. تاجەگوڵی ڕێز لە سەر گڵکۆکان دانرا و پاشان بەرنامەکە بە سرودی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئەو شەهیدە سەربەرزانەی کوردستان دەستی پێکرد.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا خاتوو گوڵاڵە شەڕەفکەندی، ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد. خاتوو گوڵاڵە لە وتەکانیدا ئاماژەی بە گرینگیی ئەو پەیمان و بەڵێنە کرد کە دوکتور شەڕەفکەندی بە حیزبەکەی، بە دوکتور قاسملوو و بە گەلەکەی دابوو و لە ڕێی وەفاداری بە ئامانجەکانی حیزب و دروست کردنی یەکدەنگی لە نێوان ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا گیانی خۆی بەخت کرد. ناوبراو وتی خاڵی گرینگی ڕووداوی میکۆنووس حوکمی دادگای بەرزی بەرلین و لە قاودانی تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕادەی هەرە سەرەوەدا بوو و ئەوەش دەستەبەر نەدەکرا ئەگەر یەکدەنگی و هاوکاریی هەموو ئۆپۆزسیۆنی کورد و ئێرانی نەبایە.

لە درێژەی باسەکەیدا بەڕێز گوڵاڵە شەڕەفکەندی وتی پەیامی دادگای مێکۆنووس و دەرسەکانی ئەو ڕووداوە دەکرێ و دەبێ ببێتە چرای ڕێگەی هاوکاری، لێک حاڵی بوون و خەبات دژی ڕێژیمی ئێران. ناکرێ هەموومان لە سەر گرینگیی مافی مرۆڤ هاوڕا بین، بەڵام لە کردەوەدا مافی مرۆڤمان بۆ هێندێکان پێ ڕەوا بێ و بۆ ئەوانی دیکە کەم ڕەوا یان ناڕەوا بێ.

پاشان بەڕێز دوکتور «هێدایەت مەتین دەفتەری»، یەکێکی دیکە لە بەشدارانی ئەو کۆڕیادە بوو وتی: لە یادی هاوڕێ و دۆستی خۆشەویستمدا لەگەڵتانم و دەبێ بڵێم هەموو ئەو شتانەی ئاماژەیان پێکرا سەبارەت بە سادق ڕاستن. سادق لەگەڵ خۆی و لەگەڵ هەمووومان سادق بوو. لە سەر دەور و ڕۆلی هەم دوکتور قاسملوو و هەم دوکتور شەڕەفکەندی بۆ دروست کردنی یەکدەنگی لە نێوان ئۆپۆزسیۆن دەکرێ بڵێم کەس وەک ئەوان نەبوو و نەیدەتوانی ئەو ئەرکە بەڕێوەبەرێ. بۆ مافی مرۆڤیش بڕوام وایە هەموو دەبێ وەک یەک بین.

دوکتور حەسەن شەتەوی یەکێکی دیکە لە بەشدارانی ئەم ڕێوڕەسمە یادی شەهیدانی مێکۆنووسی بە ئەرکێکی گرینگی هەموو کورد ناوزەد کرد و وتی: بەداخم کە دوو لایەنی حیزبی دێمۆکرات بە جیا یادی شەهیدەکانیان دەکەنەوە. لە حالێکدا ئامادەن لەگەڵ ئێران و لایەنی دیکە دابنیشن و دانوستان بکەن و پەیمان ئیمزا بکەن، ئامادە نین لە سەر گڵکۆی شەهیدەکانیان بە یەکەوە بن. شەتەوی وتی لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی چاوەڕوانی نەدەکرا کە ئاوا بە پەلە هێرش بکەنە سەر ڕێککەوتننامەی هاوپەیمانیی ٢ لایەنی کورد و گلەیی و تێبینییەکانی خۆی لەو بارەوە خستە ڕوو.

دواتر دوکتور حوسێن لاجەوەردی لە سەر ئەو ڕاستییە دوا کە بۆیە ئەو ٢ ڕێبەرەی حیزبی دێمۆکرات واتە شەڕەفکەندی و قاسملوو بە دەست کۆماری ئیسلامیی ئێران تێرۆر کران، چونکە ڕێژیم دەیزانی کە ئەوان چەندە بە توانان، چەندە لە سەر خەباتی ڕەوای گەلەکەیان سوورن و چ مەترسییەکی گەورەن بۆ کۆماری ئیسلامی و هەروەها حیزبی دێمۆکرات دەتوانێ چ دەور و ڕۆڵێک بگێڕێ لە نێوان ئۆپۆزسیۆن ئێرانیدا. ئەو بەڕێزە گوتی: ئێوە دەزانن ئەمن سبەی دیسان دێمەوە ئێرە و دیسان بۆ یادی ئەو ئازیزانە بانگ کراوم بەڵام بۆ دەبێ ئێمە ئەو یادە بە ٢ جار بە جیا لە یەک بکەینەوە؟ بەڕێز لاجوەردی لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەبێ خۆی ساغ بکاتەوە و شەفاف بێ و هەروەها دەبێ ئەوانەی بڕوایان بە خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە، ڕیزی خۆیان لە ڕیزەکانی ئەوانەی ئێستاش بڕوایان بە ئاڵوگۆر لە چوارچێوەی ڕێژیمدا هەیە جیا بکەنەوە و ناکرێ ئێمە درۆ لەگەڵ خۆمان و لەگەڵ خەڵک بکەین.

یەکێکی دیکە لە بەشدارانی ئەو کۆڕیادە دوکتور مێهران مۆستەفەوی بوو کە لە وتەکانیدا ئاماژەی بە گرینگی و پێویستیی دیالۆگ و گفتوگۆ لە نێوان لایەنە جۆراجۆرەکانی ئۆپۆزسیۆن کرد و وتی گرینگ ئەوەیە ئێمە بە بێ پێشداوەری گوێ بۆ یەکتر بگرین و لە بیر نەکەین لە دادگای میکۆنووس چۆن بەیەکەوە هاوکاریمان کرد.

خاتوو ڕۆئیا حەکاکیان نووسەری کتێبی «پیاوکوژانی کۆشکی فیرۆزە» لە قسەکانیدا وتی ئەوەی ئێمە وەک ئێرانی لە یەک گرێ دەدا، تراژێدییەکانمانە. ئێمە هەموومان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لێمان تێرۆر دەکرێ، دەکوژرێ، زیندانی دەکرێ و ئەشکەنجە دەدرێین، بەڵام میکۆنووس دەبێتە هاواری هەموومان و خۆڕاگری کوردەکان و ئەو ناحەقییە کە دەرحەق بەوان دەکرێ زۆر زۆر قووڵترە. لە بیر نەکەین کە پێویست نییە لە مێژوودا بگەڕێین و خۆمان بە کورووش و داریۆش پێناسە بکەین، ئەوەی دەکرێ وەک سیمبۆڵی شانازی و پێناسەی ئێمە دەست نیشان بکرێ، خەباتی هەموومان لە ماوەی ٣٣ ساڵی ڕابردوو لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و خۆڕاگری و ڕەمزی نەسرەوتن و کۆڵ نەدانە. ئەمن لە ڕێگەی میکۆنووسەوە لەگەڵ خەباتی ڕەوای گەلی کورد ئاشنا بووم و بۆ گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە هەولێر دا کورد بناسم و بیناسێنم.

پاشان بەڕێز بێهزاد کەریمی لە سەر دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ دوکتور شەڕەفکەندی دوا و ئاماژەی بە خەبات و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەڕەفکەندی کرد و دەور و ڕۆلێ حیزبی دێمۆکراتی لە خەباتی بە دژی کۆماری ئیسلامی بەرز نرخاند و وتی: بەشێکی گەورە و سەرەکیی ئەم خەباتە لە سەر شانی کوردەکان بووە. کەریمی وتی بەرپرسایەتیی چالاکانی سیاسیی وشیار لە پرۆسەی دیالۆگ و لێک حاڵی بوون و لێک نێزیک بوونەوەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا زۆر گەورەیە و ڕەوتی لێک حاڵی بوونمان هەوراز و نشێوی زۆرە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو مەراسیمەدا کاک عەزیز مامڵێ بە سێ زمانی فەڕەنسی، کوردی و فارسی لە سەر مەسەلەی خەباتی گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی مافەکانی، کارنامەی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕێژیمی تێرۆر لە پەروەندەی میکۆنووسدا و پێویستیی هاودەنگیی کورد دوا. ناوبراو وتی ئێمە بانگەوازێکمان ڕووبەرووی هاوڕێیانی دوکتور شەڕەفکەندی کردەوە کە بە یەکەوە یادی ئەو شەهیدانە بکەنەوە بەڵام ئەوە کە لایەنێک ئامادە نابێ و خۆی لەو باسە دەشارێتەوە زۆر دڵتەزێنە و جێگەی داخە. پاشان هەردووک بەڕێزان بەهمەن ئەمینی و بێهزاد مەعسومی لە سەر گرینگیی خەباتی ڕەوای کوردەکان و تێرۆری میکۆنووس و پێویستی هاودەنگی ئۆپۆزسیۆن قسەیان کرد.

کاک کاوە ئاهەنگەری، ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، سپاسی هەموو بەشدارنی کرد و وتی: دیارە ئێوە هەمووتان دۆست و هاوڕێی دوکتور شەڕەفکەندی و حیزبی دێمۆکراتن، بۆیە لە سەر گڵکۆی هاوڕێیانی خۆتان خانەخوێن. ناکرێ لە بەرنامەی دابەشکردنی ئێراندا، پشکی شێر وەبەر بزووتنەوەی کوردستان بکەوێ بەڵام لە سەرکەوتنی خەباتەکە و داهاتووی ئێران و بەڕێوەبردنی وڵات، کلکی شێرەکەشی وەبەرنەکەوێ.

ئاهەنگەری وتی بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، دێمۆکراسی وەک یەک ستراتیژی سیاسی زۆر گرینگە و دیتنەوەی خاڵە هاوبەشەکان لە سەر بنەمای ئازادی و بەرابەری مەبەستە.

ناوبراو وتی ئێمە وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەمیشە وتوومانە و دیسانیش دووپاتی دەکەینەوە لە داهاتووی ئێراندا کوردستان دەبێ کورد ئیدارەی بکا و لە ئیدارەی ئێرانیشدا لە پایتەخت، کورد بە پێی پشکی خۆی لەگەڵ باقی نەتەوەکانی دیکە نیشتەجێ لەو وڵاتە، ئێران بەڕێوە دەبات، بۆیە پێویستە بە بێ لە بەر چاو گرتنی جیاوازیی بیروڕا لەگەڵ یەکتر بەردەوام لە دیالۆگ و تەعامۆلدا بین.

لە دوا برگەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو نەشمیل بەروەندی خوێندرایەوە و بەڵێنی درێژەدانی ڕێگەی ئەوان بوو هەتا وەدی هێنانی ئامانجەکانی نوێ کردەوە.

خاتوو شەیدا ویجدانی بەڕێوەبەری بەرنامە،لە ناوئاخنی باسەکاندا بە هێندێک پەخشان و شێعری جوان بڕگەکانی بەرنامەکەی زیاتر ڕازاندەوە.

# وتاری سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێز خالید عەزیزی لە ڕێوڕەسمی ٢٠ ساڵەی تیرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا



**خوشک و برایانی بەڕێز !**

**میوانانی عازیز!**

**نوێنەرایەتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان!**

**کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان!**

**دۆستانی خۆشەویست!**

پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ یادی ٢٠ ساڵەی د. سادق شەرەفکەندی، ڕێبەری لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوڕێیانی، کە ٢٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ لە بێرلین بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کران. بەشداریی ئێوە لەو ڕێوڕەسمەدا هاودەردییە لەگەڵ بیر و فکری د.سادقی شەرەفکەندی کە کاربوو، تێکۆشان بوو بۆ جێبەجێ کردنی ویستی نەتەوایەتی بیروباوەڕی دێموکراتیکی د.سادقی شەرەفکەندی، کە لە فەرهەنگی حیزبی دێموکراتدا ڕەنگی داوەتەوە. و ئەرکی د. سادقی شەرەفکەندی کە هەوڵی دەدا و تێدەکۆشا یەکڕیزی لەنێو ڕیزەکانی کورد دا بەقوەت بکا.

ئاوڕدانەوەیەکی کورت بەسەر ئەو سەردەمە کە د. شەرەفکەندی تێیدا تیرۆر کرا، ڕەنگە تا ڕادەیەکی بەرچاو دەربخا کە جمهوریی ئیسلامی بۆچی بەدوای ئەوەدا بوو، دوای تیرۆر کردنی د. قاسملوو، د. شەرەفکەندیش تیرۆر بکا. شەڕی ئێران و عێراق ماوەیەک بوو تەواو بووبوو، کۆماری ئیسلامی بەرەو ئەوە دەچوو کە پاڵ بداتەوە کێشەی شەڕی لەکۆڵ ببۆوە، هەوڵی دەدا لەنێوخۆی ئێران ئۆپۆزیسیۆن کە بەو جۆرەی چالاکییان هەبوو نەیانهێڵێ. کوردستانی ئێرانی تا ڕادەیەکی زۆر لە مەیدانی نیزامیدا گرتبۆوە. لەو کەش و هەوایەدا کە تا ڕادەیەکی زۆر کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا هەوڵی ئەوە بوو کە بە جۆرێکی دیکە دیسان جووڵانەوەی کورد مونزەوی بکا، وە ئەو مەجال و دەرفەتانەی کە لانیکەم بەهۆی حیزبی دێموکرات لە ئاستی نێودەوڵەتی تا ڕادەیەکی زۆر لەگۆڕێ دابوو فشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێنێ، و ئەو مەجالەش لەوێش لەبەین بەرێ، بۆیە لە پلانی دابوو، بەرنامەی داڕشت، کاتێک د.سادقی شەرەفکەندی لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال لە بێرلین بەشداربوو، و دەیویست لە کۆڕێکی ئاوا کە حیزب و سازمانە سیاسییەکانی بەشێکی زۆر لە وڵاتان تێیدا بەشدار بوون، بەشێک لەوانە لە دەسەڵات دابوون و بەشێکیش لە ئۆپۆزسیۆن دا لەو فورسەتە کەڵک وەربگرێ مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران مەسەلەی دیموکراسی مەسائلی نەتەوایەتی کورد بێنێتە گۆڕێ پاش ئەوەی کە لەو کۆبوونەوەیە تەواو بوو، هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە مێکۆنووس لە بێرلین تێرۆر کرا.

تیرۆری د. شەرەفکەندی، لە ڕاستیدا ئیدامەی ئەو تێرۆرانە بوو کە کۆماری ئیسلامی لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی خۆی بەتایبەت ڕێبەرانی کورد دەستی پێکردبوو. ئەگەر کاتی خۆی لە تێرۆری ڤییەن‌دا کە د.قاسملوو تێرۆر کرابوو، وڵاتی ئۆتریش و دادگای ئۆتریش بەو جۆرەی کە لە ئاڵمانیا، دادگای ئاڵمانیا بە ئیستقلالی تەواو لەسەر کەیسەکە کاری کردوو، پاش ماوەیەک لێکۆڵینەوە، بە ئەسنادێکی زۆر دەری خست کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بڕیاری ئەو تێرۆرەیان داوە و سەفارەتی کۆماری ئیسلامی لە ئاڵمانیا کارسازی بۆ ئەو تیرۆرە کردوە، ئەگەر کاتی خۆی دەوڵەتی ئۆتریش ئەوەی کردبایە، ڕەنگ بوو ئەو تیرۆری دووەم بەو جۆرە ڕووی نەدابایە. بۆیە بە دوای بڕیاری دادگای بێرلین تا ماوەیەکی زۆر مەجالی جم و جۆڵی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە ئاڵمانیا و حەتا کە وڵاتانی ئورووپایی تەواو بوو.

بڕیاری دادگای بێرلین، بووبە هۆی قەیرانێکی دیپلۆماتیک بەینی وڵاتانی ئورووپایی و ئێران کە چەند مانگێکی خایاند. بەڵام بەداخەوە، ئەوەی کە کەیسی د.قاسملوو تەوەجوهی پێ‌نەکرا بووبە وەسیلەی سات و سەودای بازرگانی دەوڵەتی ئوتریش و ئێران بووبە هۆی ئەوەی کە ئەوەی دووەمیشی بەدوودا بێ.

ئاوڕێکی کورت بەسەر مێژووی شێوەو میکانیزمی بەرخوردی دەوڵەتە مەرکەزییەکان بە کەسایەتی و ڕێبەرانی سیاسیی کورد، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەنگە زۆر بە کورتی ئەوەمان بۆ دەربخا کە تا ئێستا چ شێوازێکیان گرتوتە بەر.

لەسەردەمی پەهلەوی‌دا ئەگەر سمکۆ لە مەیدانێکی کەم توانی مەسەلەی نەتاوایەتی بێنێتە گۆڕێ، بە لەحازی جوغرافیایی مەجالەکەی کەم بوو، بەڵام دوایە تەنانەت ئەویش کووژرا و ئێعدام کرا. ئەگەر بە دوای سمکۆ، جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد ئیدامەی پەیدا کردو لە کۆماری کوردستان بەشێوەیەکی مۆدێرن هاتە گۆڕێ، دەوڵەتی تاران لە جیاتی دیالۆگ و حقووقی بۆ ئەوەی کە کێشەی کورد چارەسەر بکا ڕێگا چارەکەی لە ڕووخاندنی کۆمار و ئێعدامی قازی محەمەد دا بینی، تەنانەت ئەو شێوە مێتودە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە دوای ئینقلابی ئێرانیش‌دا بەردەوام ئیدامەی دا. ئەوە لە حاڵێک دایە نە کووژرانی سمکۆ نە ئیعدامی قازی محەمەد، نە تێروری د.قاسملوو لە ڤییەن، وە نە تێروری د.سادق شەرەفکەندی لە بێرلین دەگەڵ هاوڕێیانی، هیچکام لەوانە نەبوون بەهۆی ئەوە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران تووشی شکست بێ... کێشەکە هەر لە جێگای خۆیەتی و تا ئێستاش هەر وەک خۆی ماوەتەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی دروست بوونیەوە تا ئێستا هەمیشە ئەوە بووە، بەدوای ئەوەدا گەڕاوە چونکە کێشەی کورد کێشەی نەتەوەیەکی بن دەستە، کێشەیەکی مافخوازانەیە، کێشەیەکی دێموکراتیکە، باشترین ڕێگە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە گفتوگۆ و موزاکیرە، و ئێمە بەو جۆرەی کە هەین قبوڵ بکرێین، بکەوینە مەیدان و معاملەیەک بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، بەڵام بەداخەوە ڕێگا چارەی دەسەڵاتەکان لە تاران هەمیشە ئەوە بووە کە تا ئێستا بەردەوام بردوویانەتە پێشێ.

... ئیفتخاری ئەوەم پێ بڕا لە ئیدامەی ڕێبازی د.شەرەفکەندی کە ٢٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال لە بێرلین قسەی دەکرد، دەوری دوو حەوتوو پێش ئێستا هەر لەو کۆنگرەیە دا کە گیرابوو وەبیریان بێنمەوە وە بە حوزوری ئەو لایەنانەی کە بەشداری ئەو کۆنگرەیە بوو تأکید بکەمەوە کە ئێمەی کورد بە گشتی بەتایبەت کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوای دێموکراسی دا دەگەڕێ، بە دوای مافی خۆی دا دەگەڕێ، بە دوای حوقووقی بەشەر دا دەگەڕێ، بە دوای ئەوە دا دەگەڕێ وەکی هەموو ئێوە لێرەن وڵاتەکەتان سەربەستە، ئیستقلالی خۆی هەیە حیزبەکانتان لە ئازادی دا فەعالیەت دەکەن ئێمەش ئارەزوومان دەکرد لە وڵاتی خۆمان دا بە شێوەیەکی ئازاد فەعالییەتمان کردبایە و توانیبامان بیر و بۆچوونی شەرەفکەندی کە لە بێرلین لەگەڵ ئێوە دیفاعی لێ دەکرد بیبەینەوە نێو دەیان و سەدان و ملیۆنها ئینسانی ئێرانی بە کورد و غیر کورد بنەماکانی دێموکراسی پێ سەقامگیر بکەین.

**دۆستانی بەڕێز!**

دقیقەن ٢٠ ساڵ دوای تێروری د.سادقی شەرەفکەندی لە کەش و هەوایەک دا ئێمە ئەو ئاوڕدانەوەیە دەکەین کە گۆڕانکارییەکی زۆر لە دنیا لە ناوچە و تەنانەت لە قەزییەی کوردیش دا هاتۆتە گۆڕێ. ئەگەر لە سەردەمی د.شەرەفکەندی تازە شەڕی سارد تەواو دەبوو بەرەو ئەوە دەچوو کە دێموکراسییەکان لە دنیادا پەرە بستێنن و وردە وردە ماف نەهادینە بێ، ئێستا بە خۆشییەوە ڕادەی دیکتاتۆرەکان لە کەمی دایەو ئیستبدادەکان دەڕوخێن و ماف و دێموکراسی و هەروەها حوقووقی نەتەوەکان ڕۆژ بە ڕۆژ دەبێ بە ئەمری واقع و نکوڵی لێ ناکرێ. ئەگەر لە سەردەمی د.شەرەفکەندی دا تازە ماوەیەکی کورت بوو لە ئەنفاڵ و هەڵەبجە و لە ئیعدامی دەستەجەمعی لە ئێران تێپەڕ دەبوو ئێستا بە خۆشییەوە بەشێک لەوانە بوونە بە مێژوو و عەقڵیەتی کوردی و وەحدەتی کوردی، و یەکڕیزیی کوردی ئیجازە نادا جارێکی دیکە ئەو کارەساتانە لە کۆمەڵگەی کوردی، لە سەحنەی سیاسیی کورد دا ڕوو بدەنەوە. ئەگەر لە سەردەمی تیرۆر کردنی د.شەرەفکەندی دا کۆماری ئیسلامی دڵخۆش بووە کە ڕێبەرێکی بە توانای وەک د.شەرەفکەندی کە جێگەی هیواو هومێد بوو لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران دا (نە تەنیا لە کوردستان) کە لە بەینی دەبا، ئێستا لەو مەیدانانەدا ئەو ڕێبوارانە بە سەدان و بە هەزاران هاتوونەتە گۆڕێ. ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئەو وەختی پێی وابوو بەوە بنەمای حکوومەتەکەی خۆی سەقامگیر دەکا، و تەمەنی خۆی درێژ دەکاتەوە، ئێستا لەگەڵ گۆڕەپانێک ڕووبەڕووە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا ڕۆژ بە ڕۆژ دۆستانی کەم دەبنەوە، دیکتاتۆرەکان دەڕوخێن، ئیستبدادەکان نامێنن، خەڵک بە دوای ماف دا دەڕوا ئاڵوگۆڕ ناوچەکەی داگرتوە، ئینقلابێکی بەربەرین ڕۆژ بە ڕۆژ لە گۆڕێدا هەیە، و دۆستانی کۆماری ئیسلامی بە دوو سێ وڵات لە دنیایەدا مەحدود بوونەتەوە، یەکێک لە دۆستەکانی، دوڵەتی سوریەو حکوومەتی بەشار ئەسەدە کە کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ بە هەموو توانای نیزامی و ئابووری و دیپلۆماسی و مەزهەبیی خۆی نەهێڵێ ئەو حکوومەتە بڕووخێ، بەڵام ئەو حکوومەتەش دەڕوخێ و دڵنیاین ئومێدی ڕوخانی کۆماری ئیسلامی و گۆڕان لە ئێران دا نیزیک دەبێتەوە و تەمەنی کۆماری ئیسلامی کورت دەبێتەوە.

کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دیپلۆماتی‌دا تەنها شتێکی کە بە دەستەوەی بوو، کەڵکی لێوەربگرێ، کۆبوونەوەی وڵاتانی «غیرمتعهد» بوو لە تاران کە ئەویش تەواو بە زەرەری خۆی تەواو بوو لە ئاستی دیپلۆماسییش ڕۆژ بە ڕۆژ پتر تەریک دەبێتەوە. لە ئاستی کێشەیەک کە بۆخۆی دروستی کوردبوو بەردەوام دەچێتە پێشێ کێشەی وزەی ئەتۆمی ڕۆژ بە ڕۆژ ئیعتباری لە ئاستی نێودەوڵەتی دا لە دەست دەدا و لە ئاخرین بڕیاری ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی بۆ جارێکی دیکە زیاتر لە جاران کەوتۆتە بەر فشار. لە ناوچەکەدا خۆی خستۆتە نێو ڕقابەتێک کە مەجالی ئەو ڕقابەتەی بەهۆی ماهییەتی خۆی لە خۆی بڕیوە کە وەک سەرکەتوو بێتە دەرێ. لە هەموو ئەوانە گرینگتر لە نێوخۆی وڵات دا ئەگەر لەبەر دەسەڵاتی تاک ڕەوانە و حکوومەتی زوڵم و زۆر، کۆمەڵانی خەڵک ناتوانن بڕژێنە نێو خیابانەکان، بەڵام بە تەواوی دەرکەوتوە کە ئەو حکوومەتە لە باری ئابوورییەوە وەڵامدەر نییە، شکانی نرخی تمەنی ئێرانی لە موقابیل ئەرزەکانی ناوچەیی و قەیرانێکی قووڵ و بەربەرین کە کۆمەڵگەی ئێرانی گرتۆتەوە، هەمووی ئەو فاکتۆرانە دەست دەدەنە دەستی یەک کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی وەڵامدەر نییە درەنگ یان زوو کە بەباوەڕی من زوو دەبێ لەناو بچێ و حکوومەتێکی دێموکراتیک جێی بگرێتەوە.

کێشەی ئێمە تەنها بە ڕوخانی کۆماری ئیسلامی تەواو نابێ، ڕەنگە ئینقلاب هاسان بێ و ڕووخانیش هاسان، بەڵام دروست کردنەوە و چۆن دروست بکرێتەوە، کورد لەو دروست کردنەوەیەدا لە کوێ قەرار دەگرێ، بۆ ئێمە گرینگترە. ئێمە هەر لە ئێستاوە دوای کۆماری ئیسلامییش لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و گرفت لەگەڵ ئێران دا ڕووبەڕووین. یەکێک لەو کێشانەی کە ئێمە لەگەڵی ڕووبەڕوو بووین، و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەوڵمان داوە کە لێک حاڵیبوونێک بەینی کێشەی کورد و قەزییەی کورد لەگەڵ میللییەتەکانی دیکە بەتایبەت میللەتی فارس دروست بکەین شتێکە ئینکار ناکرێ، موشکیلەیەکە کە بە تەواوی لەگۆڕێ دا هەیە. خوێندنەوەی ئێمە ئەوەیە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، و مادام لە ئێران دا لەسەر بنەمای موشارەکەت و بەشداریی هەموو لایەک جارێکی دیکە ئێران بە سیستم و بە قانوون و بە هەموو مؤسساتی ئیداری و وڵاتەکە دروست نەبێتەوە ئێران ناتوانێ لە داهاتوو دا وڵاتێکی دێموکراتیک بێ و کورد لە وڵاتێکی تەواو موتەمەرکز کە عەدەمی تەمەرکوز تێیدا بەرقەرار نەبووە لەسەر بەشداریی لایەنەکان مافەکانی مسۆگەر ناکرێ.

دژکردەوەی بەشێکی بەرچاو لە پانئێرانیستەکان یان لە شونیستەکان لە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ قەزیەی کورد لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا ئێمە زۆرجار تەجروبەمان کردوە، لانیکەم یەکێک لەو نموونانەی کە لەو دواییانەدا هاتۆتە گۆڕێ یەکیان ئەوە بوو ساڵێک پێش ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەیەک دا بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای کرد لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو ئامادەگییەی هەبێ بۆ دەخالەتی بەشەردۆستانە لە پێوەندی لەگەڵ قەزیەی کورد حەتا لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا. ئەو وەختە کۆمەڵێک گلەیی و گازندە ڕووبەڕووی حیزبی ئێمە بۆوە. لەو دواییانەش دا کە دوو لایەنی سیاسیی کوردی بە یەکەوە ڕێکەوتننامەیەکیان بڵاو کردۆتەوە کە زۆرتر لەسەر تەوافوقی حیزبییە، چوارچێوەی هاوکاری حیزبییە، بەڵام بەشێکی بەرچاو لە پانئێرانیستەکان و شووێنیستەکانی توورە کردوە.

دەمهەوێ ئەو حەقیقەتە لێرە ڕابگەیەنم ئەویش ئەوەیە لە ئێستاوە کە ئێمە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک سیناریۆی ناڕوون لە داهاتووی ئێران دا دەبینەوە. ئایا ئێران ئاڵوگۆڕی لە نێو خۆی دا پێک دێ ئیحتیمالێکە زەعیف یان قەوی لە جێگەی خۆی دایە، ئایا ئێران تووشی شەڕێکی نێودەوڵەتی دەبێ و لە نەتیجەی شەڕێک دا لە نێو دەچێ، ئایا ئێران لە نەتیجەی ئاڵوگۆڕ و ئینقلابێکی نێوخۆیی و جەماوەری دا لە نێو دەچێ، هەموو ئەوانە ڕەنگە بۆ ئێمەی کورد یەک سیناریۆ بێ ئەویش ئەوەیە ئێمە کورد بە گشتی چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو حاڵەتە ناڕوونانە دەکەین. تەجروبەی ڕابردووی ئێمە لە تەعامول لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی و ئەو تەجروبە زیندووەی کە لە هەرێمی کوردستان لە چەند و چۆنی تەعامول لەگەڵ چارەسەری کێشەکانی خۆیان هەیە تەنیا یەک ڕێگامان هەیە بۆ ئەوەی کە لەو کێشانەدا بتوانین بە جۆرێک تەعامول بکەین، بە جۆرێک ئەو سیناریۆیانە بە قازانجی خۆمان بقۆزینەوە کە وەحدەت و یەک ڕیزی لە نێو ڕیزەکانی کورددا بە گشتی هەبێ. لە کەش و هەوایەک دا من ئەوە دێنمە گۆڕێ بەداخەوە ئێمە ئێستاش لە خانەی ئینشعاب و لەتبوون و لێک ترازان و چەندین حیزبی دا دەژین کە بەو قەناعەتە نەگەیشتووینە میکانیزمێک ببینینەوە لەسەر زەروورەتی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاڵۆزیی کێشەی ئێمە لە داهاتووی ئێران دا قورساییەکی زۆرتر بە کاری خۆمان و بە موقعیەتی مەسەلەی کورد بدەین، بۆیە ئێمە جارێکی دیکە لێرە تەئکید دەکەینەوە و هیوادارین کە هەموو لایەک بەیەکەوە بە لەبەر چاو گرتنی ئەو واقعیەتە ئاوڕێک لە ڕابردووی هەڵس و کەوتی خۆیان لەگەڵ یەکتر بدەنەوە. تا پێم خۆشە لێرە ئاماژە بە حەقیقەتێکیش بکەم یەکێک لەو شتانەی کە کاتی خۆی دوکتور سادقی شەرەفکەندی زۆری پێوە ماندوو بوو ئەوە بوو کە ئەو وەختیش حیزبی دێموکرات تووشی لێک ترازانێک ببوو تووشی ئینشعابێکی نێوخۆیی ببوو، ببوو بە دوو بەش. من لە بیرمە لە ئورووپا دەقیقەن لە سەرو بەندی کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالدا بوو کە فورسەتی بۆ هەڵکەوت بکرێ قسەی لەگەڵ بکەم بە تەلەفوون یەکێک لەو بابەتانەی کە بە خەمخۆرییەوە باسی دەکرد و بە ڕاستی بە نیگەرانییەوە باسی دەکرد دەی گوت ئێمەی کورد دەبێ لە نێو خۆمان دا ئەوەل وەحدەتمان هەبێ جا دوایە دەتوانین لەگەڵ حیزبەکانی ئێرانی و لایەنەکانی ئێرانی لەسەر مەسەلەی کورد بە تەوافوقێکی مەسئولانە و مەعقولانە بگەین کە وەڵامدەر بێ بۆ قەزیەکەی ئێمە. دەقیقەن بە دوای هەردووکی ئەوانەوە بوو، هەر ئەو وەختە لە ئورووپا لە فکری ئەوە دا بوو کاتێک دەگەڕێتەوە کێشەی ناکۆکی هەردوو لای دێموکرات چارەسەر بکا و بە جۆرێک بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بخاتەوە سەریەک بەڵام بەداخەوە تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی ئەو مەجالەی دروست نەکرد، دوایە ڕێبوارانی ڕێگەی شەرەفکەندی لە هەر دوو لای دێموکرات کاریان لە سەر ئەو قەزیە کرد و ئەو کێشەیە کاتی خۆی چارەسەر کرا.

شتێکی دیکە کە پێوەی ماندوو ببوو و دەکرێ بڵێین هەر لەو پێوەندییەش دا گیانی خۆی فیدا کرد کار کردن بۆ دروست کردنی پردێکی پێوەندی لە نێوان حیزبەکانی کوردستانی و حیزبەکانی ئێرانی بوو. دوکتور شەرەفکەندی کە لە میکۆنووس تیرۆر کرا، لە کۆبوونەوە دابوو لەگەڵ لایەنەکانی ئێرانی بۆ ئەوەی کە لێک حاڵی بوونێک بەینی لایەنەکانی ئێرانی دروست بکا و کاتێک ئەو لێک حاڵی بوونە دروست بکا لەسەر بنەمای ئیعتراف بە مەسەلەی کورد بێ. ئەوە هەمیشە هەوڵی ڕێبەرانی ئێمە بۆوە کە دەچنە نێو بازنەی چەند و چۆنی تەعامول لەگەڵ ئەحزابی ئێرانی تێدەکۆشن لەوێ دا قەزیەی کورد و مەسەلەی کورد بکەن بە فەرهەنگ و جێی بخەن بۆ ئەوەی کە لە سەحنەی سیاسیی ئێران دا پتر قابیلی قبووڵ بێ و کاتێک دێنە نێو ڕێگاچارەکان هەڵبەزینەوەی لەسەر نەبێ. بۆیە ئەو دوو پرۆژەیەی کە دوکتور شەرەفکەندی باوەڕی پێی بوو دەستی پێ کرد کاری بۆ دەکرد، ئەوەی یەکەمیان کە دوایە جێبەجێ بوو، ئەوەی دووهەمیان کە دیتنەوەی میکانیزمێکی وەحدەت و لێک حاڵی بوون لەگەڵ ئێرانییەکان بێ ئێستاش لە جێگەی خۆی دایە بۆیە ئەو کارەی ئەو دەستی پێ کرد و ناتەواوە ئەرکی ئێمەیە و وەزیفەی ئێمەیە بە حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە هەموومان کاری لەسەر بکەین بچێتە پێشێ. لە پێوەندی لەگەڵ ئێمە و لایەکەی دیکەی دێموکرات واتا دێموکراتەکان بە خۆشییەوە لەو دوایانەدا کرانەوەیەک لە گۆڕێ دا هەیە ئاڵوگۆڕێک لە گۆڕێ دا هەیە، ئێمە دانیشتنێکمان بووە و لەو دانیشتنەدا لە هەوڵ داین کە ڕێگاچارەی دیکەش ببێنینەوە و پێمان وایە باشترین میکانیزم بۆ ئەوەی کە کۆمەک بکەین وەحدەتێکی گشتگیر بەینی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران جێ بکەوێ ئەوەیە لە هەنگاوی یەکەم دا دێموکراتەکان لێک حاڵی بن، لێک نزیک ببنەوە، میکانیزمێک ببیننەوە لە هەنگاوی یەکەم دا بۆ یەکگرتنەوە و ئەگەر ئەوە عەمەلی نەبوو کار لەسەر ئەوەش بکەن و وەلای نەنێن و لە ئیدامەی خۆی دا بۆ ئەوەی کە چۆن وەک دوو حیزب ئێمە بتوانین کار بکەین، ئەوە دەتوانێ ئاواڵەییەکی باش بێ بۆ کار کردن لە سەر پرۆژەیەکی گەورەتری حیزبەکانی ئێرانی.

**دۆستانی خۆشەویست!**

**بەشدارانی بەڕێز!**

لە بیستەمین ساڵڕۆژی بیرەوەریی دوکتور سادقی شەرەفکەندی پێم خۆش بوو ئاماژە بەوە بکەم کە بیرو هزری دوکتور شەرەفکەندی وەک بیری نەتەوایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ بە خۆشییەوە لە کوردستانی ئێران پتر نەهادینە دەبێ، و ڕۆژ بە ڕۆژ بە خۆشییەوە پتر لە سەحنەی سیاسیی لە کوردستانی ئێران دەبێ بە گوتاری زاڵ. ئەگەر لەو سەردەم دا بەداخەوە بڵێین لە کوردستانی ئێران بە هۆی ئەوەی کە مەجالی ئەوە نەبووە تەنەوعاتی میللی تەنەوعاتی مەزهەبی و لەهجەکانی جۆراو جۆر لە چوارچێوەی گوتارێکی واحیددا پێناسەیەکی واحیدیان هەبێ و لەسەر ئەساسی ئەو گوتار و پێناسە و زمانە واحیدە لەگەڵ چەند و چۆنی کێشەکان تەعامول بکەن، ئێستا ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر نوخبەکانی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەت سازمان و حیزبە سیاسییەکان کە چۆن بتوانین ئەوە پەرە پێبدەین و چۆن بتوانین ئەوە بە هێز بکەین حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ئەو جێییەی پێوەندی بە قەزیەی کورد لە ئاستێکی نێودەوڵەتی‌دا هەیە لە هەمووی ئەو مەجال و دەرفەتانەی کە بۆی هەڵکەوتوە تێکۆشاوە ئەرکی نەتەوایەتیی خۆی لەو پێوەندییە دا جێبەجێ بکا و لەو شوێنانەی کە موناسب بووە و بەتایبەت ئەو کۆبوونەوەی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال کە جێگایەکە لانیکەم حیزبی ئێمە لە کەش و هەوای ئێستا دا ئەو مەجالەی بۆ هەڵدەکەوێ لەگەڵ لایەنەکان چ حکوومەتی و چ غەیرە حکوومەتی ئەو مەسەلەیە بێنێتە گۆڕێ یەکێک لەو حیزبانە بووە کە کاری کردوە لەسەر ئەوەی بیسەلمێنێ کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد مافی ئەو میللەتەیە و ئەو میللەتە حەقی خۆیەتی لە هەموو شوێن و لە هەموو جێگایەک بەتایبەت کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەو ئاڵوگۆڕانە لە گۆڕێ دا هەیە، ئەو مەوزوعانە لە حەدی توانای خۆی دا و لەو شوێنانەی کە لە باری عەمەلییەوە بۆی دەگونجێ تەرحی بکا. بۆیە بۆ جارێکی دیکەش لەسەر ئەو بنەما بەهێزە نەتەوەییانەی دوکتور سادقی شەرەفکەندی ئێمە ڕێبورانی ڕێگای دوکتور شەرەفکەندی، دوکتور شەرەفکەندی دڵنیا دەکەینەوە کە ئەو ڕێبازە ئیدامە دەدەین و دڵنیاین ڕێبازی نەتەوەیی دوکتور سادقی شەرەفکەندی کە بە لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات و بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان نەهادینە بوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام دەچێتە پێشێ و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێبواری زیاتر دەبێ، هیوادارین ئەو ڕێبوارانە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بن، دۆستان زۆر و پشتیوانی ئەوبیرە هەر زۆر بن و بە هیمەت و تێکۆشانی هەموو لایەک بتوانین لە داهاتوودا بیرەوەریی دوکتور قاسملوو، بیرەوەریی و یادی دوکتور شەرەفکەندی و یادی پێشەوا قازی محەممەد، بیرەوەریی و یادی هەمووی ئەو شەهیدانە کە لە ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەیان دا گیانیان بەخت کردوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو بنەماڵەی شەهیدان و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵک بکەینەوە و ڕێزنان بگرین، بە هیوای ئەو ڕۆژە و ئێوەش هەر سەرکەوتوو بن.

**ئێمە ڕێبورانی ڕێگای دوکتور شەرەفکەندی، دوکتور شەرەفکەندی دڵنیا دەکەینەوە کە ئەو ڕێبازە ئیدامە دەدەین و دڵنیاین ڕێبازی نەتەوەیی دوکتور سادقی شەرەفکەندی کە بە لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات و بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان نەهادینە بوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام دەچێتە پێشێ و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێبواری زیاتر دەبێ**



### مستەفا شەڵماشی، بەرپرسی نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە وتووێژێکی تایبەت لە گەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان»دا:

# بەشداریی ئەمجارمان لە کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ دا، سەرکەوتووترین بەشداریی ئێمە بوو



**«کوردستان»: بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی! وەک کەسایەتییەکی سیاسی و وەک ئەندامی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چ هەلسەنگاندنێکت بۆ بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵ هەیە؟ ئایا ئەم ئۆرگانیزاسیۆنەجیهانییە لەم کۆنگرەیەدا بایەخدانی پیویستی بەپرسەگرنگە جیهانییەکان هەبوو؟ ئەم پرسانەچ بوون و روانین و راسپاردە و بڕیاری کۆنگرە لەبارەیانەوە چ بوو؟**

**مستەفا شەڵماشی:** بیست و چوارەمین کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ لە چەند ڕوویەکەوە لە گەڵ کۆنگرەکانی دیکە دا جیاوازیی هەبوو. هەر دەسپێکی کۆنگرە بە دروشمێک بوو کە لە ڕاستی دا دەکرا ببێتە ڕێگا خۆشکەری تێڕوانینێکی تازەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ بۆ جیهان بە گشتی. «لە پێناوی ئینتەرناسیۆنالیزمێکی تازە و کلتوورێکی تازەی هاوکاریی نێونەتەوەیی دا»ئەوە کورتکراوەی ئامانجەکانی ئەو کۆنگرەیە بوو.

لە کۆنگرە دا چەندین باسی گرنگی جیهانی لە چەند پانێلی دەوڵەمەند بە باسی جۆراو جۆر و بۆچوونی جۆراوجۆر دا هاتنە گۆڕێ. لە سەر ئابووری و دروستکردنی دەرفەتی کار، گەشەی کۆمەڵایەتی و بە کار هێنانی پتانسیەلەکان، هەڵوێستی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ لە سەر قەیرانی ئابووریی جیهانی، خەبات لە پێناوی ئازادی دا، پشتیوانی لە گەشەکردنی دێموکڕاسی لە دنیادا و پشتگیریی دێموکڕاسییە تازەکان، دیتنەوەی ڕێگا چارەی ئاشتیی نێو نەتەوەیی، هاوکاریی نێونەتەوەیی و پێداویستیی دابینکردنی ئەمنییەتی نێونەتەوەیی و بەرگری لە مافی مرۆڤ بە گشتی. ئەنجامی ئەو باس و پانێلانە لە بڕیارەکانی کۆتایی کۆنگرە دا دیار بوون. لە سەر زووربەی ئەو باسانە هەڵوێستی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ هاتبوو، چ لەبواری ئابووری، چ لە بواری ئەمنییەتی نێو نەتەوەیی و چ لە بواری ماڤی مرۆڤ و مافی گەلان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان، پاراگرافی تایبەتی هەبوو. گرنگترینیشی بۆ ئێمە ی کورد ئەوە بوو کە لە بڕیارەکان دا پاراگرافێک بۆ پشتیوانی لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد هاتبوو.

لە پەیوەندیی لەگەڵ شوێنی گرتنی کۆنگرە و ئۆرگانیزاسیۆنی کۆنگرەش دا جیاوازی هەبوو. بۆ یەکەم جار بوو کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ لە وڵاتێکی ئەفریقایی دەگیرا. هەروەها ئاڵوگۆڕێکی بە نیسبەت زۆر لە هەڵبژاردن و ئۆرگانیزاسیۆنی کۆنگرە دا کرا. دوو کاندیدای بە هێزی وەک مۆنا سالین سەرۆکی پێشووی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوید و لویس ئەیالا سکرتێری پێشووی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ هەبون بۆ پۆستی سکرتێری گشتی، کە ڕەقابەتێکی توندیان لە نێو دا هەبوو و بە چەند دەنگێکی زیاتر، لویس ئەیالا جارێکی دیکە وەک سکرتێری گشتی دیاری کرایەوە. ئەوەی بۆ حیزبی ئێمەش گرنگ بێ ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار دوای لەتبوونی حیزبی دێموکرات، ئیمکانی قسە کردن لە کۆنگرەدا درا بە سکرتێری گشتیی حیزبمان کاک خالیدی عەزیزی، وەک تەنیا قسەکەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە.

**«کوردستان»: ئەگەرچی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەزۆربەی کۆبوونەوەکانی شوورا و کۆنگرەکانی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست دا بەشداریی چالاکانەی هەبووە، بەڵام دەتوانم بڵێم لەم کۆنگرەیەدا لەئاستێکی زۆر بەرز دا بەشدار بوو.هەلسەنگاندنی خۆت لە کارو چالاکییەکانی هەیئەتی حیزب لەم کۆنگرەیەدا چییە؟ ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی کردتان، لێیان رازی بووی؟ پێت وایە توانیوتانەکەسایەتی ولایەنەکانی بەشداری کۆنگرە تا رادەیەک لە پرسی کورد بەگشتی و لەرۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها لەبارودۆخی ئێران و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، ئاگادار بکەن؟**

**مستەفا شەڵماشی:** بەشداریی ئەمجارەمان لە کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ دا لە گەڵ جارەکانی دیکە هەم جیاوازی پێکهاتەیی هەبوو، هەم جیاوازیی لە چالاکبوون دا. لە باری پێکهاتەییەوە هەیئەتیکی بەهێز بوو. سکرتێری حیزب، بەرپرسی دەرەوە و بەرپرسی پەیوەندییەکان و دوو ئەندامی دیکەی ڕێبەری کە یەکێکیان نوێنەری یەکییەتی ژنانی حیزب بۆ سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال و ئەوی دیکەیان بەرپرسی پەیوەندی لە گەڵ سۆسیالیست ئینتەر ناسیۆناڵ بوو.

لە باری چالاکییەوە زۆر بە بەرنامە دەستمان پێ کرد و تەنانەت بۆ دیدارەکانیش ئەولەوییەتمان دانا. هەوڵمان دا هەموومان بە شێوەیەکی چالاک کار بکەین. لەبواری دانی زانیارییەوە، بە دۆکومێنت کراوی(بە تایبەت لە سەر پێشیلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران دا) و تەنانەت بە پێشکەش کردنی کتێبی ڕەحمانی کوردان، لە هێندێک لە دیدارە گرنگە کان دا، زانیاریی باشمان گەیاند. جگە لەوە بۆ پێوەندییەکانی داهاتوو گەلێک زانیاریی بە کەڵکمان وەرگرت و ئادرەس و زانیاریمان لە سەر زۆر حیزب و ڕێکخراوی جیهانی گرنگ کۆ کردەوە کە پێویستە بۆ بەردەوامی لە پێوەندییەکانمان دا بە کاریان بێنین و بە بەردەوامی زانیاریان بۆ بنێرین. ئەوەش کە توانیمان وتاری بەڕێز سکرتێری گشتیمان لە بەرنامە دا بگونجێنین، بەسەرکەوتنێکی هەیئەتی ئەوجارەمان دەزانم، چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پێویست بوو کاری بۆ بکەین تا دەرفەت بدرێ کاک خالید وتار پێشکەش بکا. دیارە بە جێی دەزانم کە ئیشارە بەوە بکەم کە هەم تەرکیبی هەیئەتەکەمان و هەم چالاکیمان یارمەتیدەری ئەوە بوون کە لە ڕاستی دا ئێمە وەک چالاکترین هەیئەتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەرکەوین. ئەوەندەی ئەمن ئاگاداری بەشداریمان لە کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەر ناسیۆناڵ دابم، پێموایە سەرکەوتووترین بەشداریی ئێمە بوو.

**«کوردستان»: ئێوە بە گشتی لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانتاندا، چ لەگەڵ گەورەبەرپرسانی ئەنترناسیۆناڵ و چ لەگەڵ سەرۆکان و نوێنەرانی ولاتان و حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشدار لەئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست دا، گرنگی بەچ پرس و بابەتێک دەدەن؟ لەم کۆنگرەیەدا زۆرتر بایەختان بەکام پرس و بابەت دا؟**

**مستەفا شەڵماشی:** لە پێوەندییەکانمان دا زۆر ئەولەوییەت دەدەین بە سێ مە سەلەی گرنگ. یەکەم مەسەلە دۆخی نەتەوەی کورد و بە چارەسەرنەکراوی مانەوەی ئە و مەسەلەیە، لە کاتێک دا کە نەتەوەی کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە کە تەنانەت لە و وڵاتانەش دا کە بەسەریان دا دابەش کراوە، هیچ چارەسەرێکی بۆ نەکراوە(دیارە جگە لە باشووری کوردستان کە بە خۆشییەوە لە هەلومەرجێکی باشتر دایە و تا ڕاددەیەک چارەنووسی خۆی بە دەستەوەیە). لەوەش خراپتر سەرکوتی نەتەوەی کورد لە لایەن هەموو زەوتکەرانی مافەکەیەوە بە شێوەیەکی نا ئینسانی درێژەی هەیە. تەوەری دووەمی باسەکانمان پێشێلکرانی بەردەوامی ماڤی مرۆڤە لە لایەن ڕێژیمە سەرکوتکەرەکانی حاکم بەسەر کوردستان دا. لەو بارەیەوە کۆماری ئیسلامی کە ئێمە کوردی ڕۆژهەڵات لە گەڵی تەرەفین، گرەوی لە هەموو دوژمنانی دیکەی کورد بردوەتەوە و دەست لە هیچ جینایەتێک ناپارێزێ. تەنانەت زۆرجار پەنای بۆ تیرۆری دەوڵەتی بردوە و سەدان ئەندامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی تیرۆر کردوە. بە تایبەت تیرۆری ڕێبەرانی حیزب لە نێوەندی دنیای ئازاد، واتە ئوروپا دا، پەڵەیەکی ڕەشە بە نێو چاوانی کۆماری ئیسلامییەوە. بە تایبەت کە لە داگایەکی سەربەخۆی ئاڵمان دا سەلمێنراوە کە دەستی کاربەدەستانی هەرە باڵای کۆماری ئیسلامی لە پشت ئەو تیرۆرەوە بووە کە لە ڕێستورانی میکۆنووس لە بەرلین کردیان و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان شەهید کرد. تەوەری گرنگی دیکە ناساندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و پەیدا کردنی دۆستی سیاسی بۆ حیزب لە ڕاددەی نێونەتەوەیی دایە. هەموو ڕێکخراوێکی سیاسی کە نیازی هەبێ لە داهاتوی وڵاتەکەی دا نەخشی هەبێ، پیویستی بە دۆستایەتی و پەیوەندیی نێونەتەوەیی هەیە. تا هەم لە تاقیکردنەوەی گەلانی دنیا کەڵک وەرگرێ و هەم تاقیکردنەوەکانی خۆی بگوێزێتەوە بۆ گۆڕەپانی خەباتی سیاسی لە دنیا دا.

جگە لەو مەسەلانەش دیارە لە باری وەزعی ئێرانەوە، داهاتووی ئێران کە بە ئێمەش مەربووت دەبێ . سیاسەتەکانی ڕۆژ و نەخشی وڵاتە جۆربەجۆرەکانی دنیا لە ناوچەی ئێمە و لە وڵاتی ئێمە دەبێ ئاگادار بین و هەوڵ بدەین بچینە نێو ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان، تا وەک سالانی ڕابردو بە بێ ئاگاداریی خۆمان بریارمان لە سەر نەدەن و بازرگانیمان پێوە نەکەن.

**«کوردستان»: چەند لایەنێکی دیکەی کوردیش لەبەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوون. یەکێک لەو بابەتانەش کەحیزبی ئێمە لە کۆبوونەوەکانی پێشووەوەگرنگیی پێداوە، چالاککردنەوەی گرووپی کاری کوردان لەئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست دا بووە. لەم بارەیەوەهاوکاری و هەماهەنگیی لایەنەکوردییەکان لەم کۆنگرەیەدا چۆن بوو و ئایا ئەم گرووپە دەست بەکار بۆتەوە؟**

**مستەفا شەڵماشی:** گرووپی کاری کوردان پێشتر هەبووە، بەڵام بەداخەوە کارێکی ئەوتۆی نەکردوە. لە و کۆنگرەیەدا کۆبوونەوەیەک پێکهات کە هەموو حیزبەکانی کوردی تێدا بەشدار بوون. تەنانەت هەموو ئەندامانی هەیئەتەکانی کوردیش بەشدار بوون. لەو کۆبوونەوەیە دا بە درێژی باسی گرووپی کاری کوردان کراو بڕیاردرا کە داوا بکرێ سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ کەسێکی تازە کە یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆکی سۆسیالیست ئینەرناسیۆناڵ بێ، بۆ بەرپرسی ئەو گرووپە دیاری بکا. داواش لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان وەک ئەندامی فەرمیی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ ، کرا کە تا دیاریکردنی بەرپرس و چالاکبونی گرووپەکە بە دواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بکا. هاوکاری و هەماهەنگی لە نێو کوردەکان دا زۆر باش بوو. جگە لەوەی کە هەر حیزبە دیارە بە جیا هەوڵی داوە خۆی بناسێنێ و پێوەندی بگرێ لە سەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بەخۆیەوە، بەڵام بۆ مەسەلەی کورد بە گشتی، ئەوەی باس کرابێ، بە هاوکاری و ڕەزامەندیی هەمووان بووە. لە ناو باسەکانیش دا، لە جەوهەر دا هیچ جیاوازییەکم لە هەڵوێستەکان دا بەدی نەکرد. کەوابوو دەتوانم بڵێم لە و کۆنگرەیەدا بە خۆشییەوە کوردەکان پێکەوە تەبا بوون.

**«کوردستان»: سکرتێری گشتیی حیزب لە وتارەکەی خۆی کە لەم کۆنگرەیەدا پێشکەشی کرد، باسی چەند خاڵی گرنگی کرد، یەکیان ئەوەبوو کەکورد دەتوانێ فاکتەرێکی گرنگ و بەهێز بێ بۆ گەشەپیدانی سەقامگیری، ئەمنییەت، ئاشتی، ئازادی و دیموکراسی نەک تەنیا لەناوچەی رۆژهەڵاتی نیوەراست بەڵکوو لەرادەی نیونەتەوەییش دا. دەکرێ پتر تیشک بخەیە سەر ئەو پەیامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست؟**

**مستەفا شەڵماشی:** لە ڕاستی دا لە مێژە ئێمە لە دەرەوە و لە پێوەندییەکانمان دا هەوڵ دەدەین ئەو پەیامە بگەیەنین کە جیهان نابێ چیدیکە وەک پەنابەر و لێقەوماو بۆ کورد بڕوانێ. بۆخۆشمان پێویست ناکا هەر باسی ماڵوێرانی و لێقەوماویی خۆمان بکەین و ئەو هەموو توانا ماددی و مەعنەوییەی بەدەستمانەوەیە نادیدە بگرین و وەکو کارتێکی بە هێز بەکاری نەهێنین. ڕاستە زوڵممان زۆر لێکراوە و قوربانیی زۆرمان داوە، ئەوەش ئێستا بۆ هەموو دنیا ڕوونە. بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە کە کورد توانا‌کانی خۆی لە وڵاتەکەی دا، لە ناوچەی ستراتیژی و گرنگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە دنیاش دا بێنێتە بەرباس و لە هاوکێشەی هێزەکان دا بە کاری بێنێ. پێوەندییە نێونەتەوەییەکان هەروەک دەزانن لە سەر بناغەی قازانجی هاوبەش دروست دەبن. ئەمڕۆ لە دنیا دا هیچ لایەنێک بەبێ لە بەر چاو گرتنی قازانجی وڵاتی خۆی، ئامادەنییە دۆستایەتی لە گەڵ هیچ لایەنێکی دیکە بکا. کەوابوو کوردیش لە دیپلۆماسیی خۆی دا دەبێ بیسەلمێنێ کە پێوەندی وهاوکاری لە گەڵ کورد تەنیا بە قازانجی کوردەکە نییە، بەڵکو زیاتر قازانجی ئەوانی تێدایە. کورد لە ئەزمونی باشووریش دا سەلماندی کە توانا، ئیمکانات و لێوەشاوەیی ئەوەی هەیە کە ببێتە هاوپەیمان و فاکتەرێکی بەهێز بۆگەشەی ئابووری، دابین بوونی دێموکراسی، گەشەی کۆمەڵایەتی، سەباتی سیاسی و ئاسایشی ناوچە و لەو ڕێگایەشەوە دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێ بۆ ئەمنییەتی جیهانی. بە گشتی حیزبی ئێمە پێی وایە کە پێویستە دنیا لەوە تێ بگەیەنین کە نابێ تەنیا لە گۆشە نیگای مافی مرۆڤەوە بۆ کوردستان بڕوانن و پێویستە فایلێکی تازە بۆ کوردستان بکەنەوە، وەک وڵاتێک و نەتەوەیەک کە هەم دەیهەوێ و هەم دەتوانێ یارمەتیدەر بێ لە دامەزراندنی پێوەندییەکی ئینسانیی نێونەتەوەیی دا کە هەموو نەتەوەکانی جیهان لە سایەی دا لە ئاشتی و ئاسایش دا بژین. بەتایبەت کە کوردستان لە نێوجەرگەی ناوچەی دەوڵەمەند و ستراتێژیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا هەڵکەوتوە و بۆ خۆشی یەکێک لە وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهانە، ئەگەر بێت و ئیمکانی ئەوەی پێ بدرێ کە لە سەرمایە ماددی و مەعنەوییەکانی خۆی کەڵک وەرگرێ.

**«کوردستان»: لە بڕیار و راسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیەدا بەندێک یا پاراگرافێک لەبارەی پرسی کوردەوە هەیە.پێمان خۆشە باسی چۆنیەتیی رەنگدانەوەی ئەم پرسە لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەمان دا بۆ بکەی، هەر وەها هاوکاریی لایەنە کوردییەکانی بەشداری کۆنگرە لەم پێوەندییەدا و ئەو تێگەیشتنە کە لە ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست لەبارەی پرسی کوردەوە هەیە؟**

**مستەفا شەڵماشی:** بەڵێ هەروەک ئیشارەت پێ کرد پاڕاگرافێک لەسەر مەسەلەی کورد لە بڕیاراتی ڕەسمیی کۆنگرە دا هەیە بەم جۆرە:

« پرسی کورد هەروەک پرسی ئیسرائیل و فەلەستین پێویستی بە ئاوڕدانەوە یەکی هەمەلایەنە هەیە. حیزبەکانی نوێنەری بەشی عیراق، ئێران، تورکیە و سوریە کە نوێنەری خەڵکی کوردن پێویستە بە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان لە چوارچێوەیەکی هەمەلایەنەدا چالاک بن و کار بکەن، بە مەبەستی پشتگیری لە مافی کورد ،سەقامگیریی ئاشتی و گەشە کردنی باری ژیان و مافەکانی خەڵکی کورد بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان. کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵ بڕیاری داوە گرووپێکی کاریی تایبەت بۆ پرسی کورد دووبارە دابمەزرێنێتەوە و چالاک بکاتەوە. »

دیارە هەروەک لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووش دا ئیشارەم پێکرد هاوکاریی حیزبە کوردییەکان پێکەوە زۆر باش بوو. من پێموایە لە هێنانی پرسی کوردیش لە بڕیاراتی کۆنگرەدا نەخشی هەبوو. لە کۆبوونەوەی هەمو حیزبە کوردییەکان دا کۆمیتەیەک دیاری کرا کە نوێنەری هەموو حیزبەکانی تێدا بوو بۆ ئەوەی کە مەتنێک ئامادە بکا تا کۆنگرە بڕیاری لەسەر بدا. لە مەتنەکەدا هەم داوا کرابوو کە گرووپی کاری کوردان دامەزرێتەوەو چالاک بکرێ و هەم پشتیوانی لە مەسەلەی کورد بکرێ. ئەو بڕیارەی دەرچووە، هەرچەند دەقاودەق ئەوە نییە کە داوا کرابوو، بەڵام لە جەوهەر دا یەکە و شوێنکاری داوای حیزبەکانی پێوە دیارە. دیارە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە هەوڵەکانی بەڕێز مەلا بەختیارلێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی وسەرپەرستی هەیئەتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان وەک ئەندامی ڕەسمیی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال هەم لە وتارەکەی دا و هەم دواتر، داوای بەڕێز خالیدی عەزیزی سەرپەرستی هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وتارەکەی داو هەروەها داوای بەڕیز گوڵتان کیساناک سەر پەرستی هەیئەتی ب.د.پ لە وتارەکەی دا بەرز بنرخێنین کە هەوڵی خۆیان دا و شوێن دانەر بوون.

**«کوردستان»: حیزبی دیموکراتی کوردستان، جگە لە کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست، لەگەڵ ئۆرگانیزاسیۆنی دیکەش کە جیهانی و نیونەتەوەیین، بۆ وینە لیبرالەکان، هاوکاری و بەشداریی هەیە. دەکرێ وەک بەرپرسی دیپلۆماسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەدەرەوەی ولات لەم بارەیەوە بۆمان بدوێی؟**

**مستەفا شەڵماشی:** سیاسەتی دیپلۆماسیی ئێمە لەو ساڵانەی دوایی دا ئەوە بووە کە لە هەر دەرفەتێک و هەر تریبوونێکی دێموکڕاتیک و مەعقوول بۆ گەیاندنی پەیامی خۆمان و ناساندنی پرسی نەتەوەکەمان کەڵک وەرگرین. دیارە لەو بارەشەوە تا ڕاددەیەک سەرکەوتوو بووین و پێوەندییەکانی خۆمان لە جاران بەرفراوانتر کردوەتەوە و هەوڵمان داوە لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکان، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، دەوڵەتەکان و دامەزراوە نێو نەتەوەییەکان پێوەندی بگرین. هەر لەو چوارچێوەیەش دا پێوەندیمان پێک هێناوە لە گەڵ لیبراڵ ئینتەرناشناڵ دا و بۆ کۆنگرەکەیان دەعوەت کرابووین و یەک جار بەشداریمان کردوە. دیارە ئەو پێوەندیانە نەگەیشتوونە ڕاددەی هاوکاری، بەڵام توانیومانە لە پانتاییەکی بەرینتر دا بۆ ناساندنی پرسی نەتەوەکەمان کار بکەین. هەروەک دەزانن سەردەمی شەڕی سارد بەسەر چووە و چیدی دنیا بە سەر دوو قوتب دا دابەش نەکراوە تا مەجبور بی یەکێکیان هەڵبژێری، بە تایبەت تا ئەوکاتەی کە ئامانجت تە نیا زانیاری دان و ناساندنی پرسە کەتە، دەتوانی لە ناوەندی جۆراوجۆردا ئامادە بی.

**«کوردستان»: بەپێی ئەزموونەکانی خۆت و دیپلۆماسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لایەنەکوردییەکانی بەشدار لەکۆر و کۆبوونەوەکانی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، لەداهاتوو دا بەچ میکانیزمێکی هاوکاری و هاوهەنگاوی، دەتوانن کاریگەریی زیاتریان لە کۆبوونەوە وکۆنگرەکانی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست دا هەبێ؟**

**مستەفا شەڵماشی:** ئەوەی لە کۆنگرەی ئەمجارەش دا کرا شتێکی باش بوو، بەڵام دەکرێ زۆر زیاتر لەوە کار بکرێ. بە تایبەت ئەگەر لە نێوان ئەو حیزبانەدا کە بەشداری لەو کۆنگرە و کۆبوونەوانە دا دەکەن، پەیوەندیی بەردەوام هەبێ و بیر لە داڕشتنی پرۆژەی هاوبەش بکرێتەوە. بۆ وێنە دەکرێ هەوڵ بدرێ جارێک کۆبوونەوە، یا کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال بێتە کوردستان و هەمووشیان پێکەوە پێشوازی لێ بکەن. جا ڕەنگە بە پیی توانای ماددی و مەعنەوی هەر حیزبە، ئەرکیش دیاری بکرێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە یەک دەنگ بن. خۆزگە ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەو نەتیجەیە گەیشتبان کە بۆ لابیگەری و هێنانە گۆڕی پرسی کورد لە دەرەوە یەک ڕێکخراویان دروست کردبا کە هەموویان پشتیوانیان لێ کردبا و هەمو هەوڵەکان بە یەکەوە لە لایەن یەک ڕێکخراوی نەتەوەیی کە بیتوانیایە ئیددیعا بکا کە نوێنەری نەتەوەی کوردە درابان. من شکم لەوە دانییە کە لە حاڵەتی ئاوا دا کورد نەک تەنیا دەی توانی دەنگی خۆی بگەیەنێتە هە موو جێگایەک و هەموو تریبونەکان، بکرە دەشیتوانی پرسی خۆی بەرێتە سەر میزی هەموو ناوەندە بڕیار دەرەکان.

هیوادارم لانیکەم ئەو حیزبانەی کە پێکەوە لەو کۆنگرە و کۆڕ و کۆمەڵانە دا بەشداری دەکەن، ئۆرگانێک پێک بێنن کە نوێنەری هەموویانی تێدابێ و هەر بە یەک دەنگ و بە یەک نوێنەرایەتی بەشداری بکەن و لانی کەم هەمیشە پێشەکی داواکانیان کۆکەنەوە، لە سەری ڕێک کەون و پێکەوە بیگەیەنن. کارێکی دیکەش کە زۆر گرنگە و بە داخەوە تا ئێستا زۆر کەم کاری بۆ کراوە، وەڕێخستنی لابیگەرییەکی کوردییە کە هەموو حیزبەکان پشتیوانیی لێ بکەن و تەنانەت بە ناوی سیاسیش نەبێ. هەم بۆ ئەوەی بتوانێ دیاسپۆڕای کوردی لە دەرەوە کۆ بکاتەوە، هەم بتوانێ لەو هێزەی کە لە و ساڵانەی دوایی دا ڕووی لە هەندەران کردوە بۆ ناساندنی پرسی نەتەوەیی کەڵک وەرگرێ و هەم بشتوانێ بە یەکگرتوویی دەنگ و هێزی کورد بە وڵاتان نیشان بدا و بۆ مەسەلەی کورد لابیگەری بکا.

**«کوردستان»: ئیدە و بەرنامەیەکی تایبەتیتان بۆ پەرەپیدانی پیوەندییەکانی حیزب لەگەڵ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست و بایەخدانی زیاتری ئەو ئۆرگانیزاسیۆنەجیهانییە بە پرسی کورد، هەیە؟**

**مستەفا شەڵماشی:** یەکێک لە قازانجەکانی بەشداریی ئێمە لە کۆنگرە وکۆبوونەوەکانیان دا ئەوەیە کە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەران و بەرپرسانی حیزب و ڕێکخراوە جیهانییەکان دەتوانین پەیوەندی بگرین. بێشک نابێ ئەو پەیوەندییانە هەر بەوە ببڕێنەوە کە لەوێ دوو قسەیان لە گەڵ بکەین. ئەو حیزب و ڕێکخراوانە لە زۆر وڵات دا دەسەڵاتدارن، یا زۆر شوێن دانەرن. پێویستە ئەو دیدارانە بەکار بێنین بۆ ئەوەی پێوەندییەکی بەردەوامیان لە گەڵ دروست کەین و بە بەردەوامی پرسی نەتەوەکەمان و ئەو گیروگرفتانە ی بۆ گەلەکەمان دێنە پێش بە وان ڕابگەیەنین. ئێمە لەو بارەوە ئیدە و بەرنامەی زۆرمان هەیە ئەگەر ئیمکانات و کات ڕێگامان پێ بدەن. جگە لەوە پێویستە لە کۆتایی دا پەیوەندییەکان بگەیەنینە ئاستێک کە ئەوانیش سەردانی بنکە و جێگاکانی ئێمە، یا وڵاتی ئێمە بکەن، تا لە نیزیکەوە ببینن کە کوردستان خاوەنی چ هێزێکی بالقوە یە، ئەگەر ئەوان یارمەتیمان بدەن کە ئەو هێزە ببێتە هێزێکی بالفعل.



# کۆنگرەیSI دەرفەتێکی دیکە بۆ دیپلۆماسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان





عەبدوڵڵا بەهرامی

لە بیست و چوارەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست(SI) دا کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە شاری کیپ تاون لە ئەفریقای باشوور بەڕێوەچوو دەستەی نوێنەرایەتیی چەند حیزبی کوردستانی لە نێویان دا دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەشدار بوون.

بێگومان بەشداری لە کۆنگرەکانی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیست دا بۆ ئەو دەستەیە لە حیزبە سوسیال دیمۆکراتەکان کە لە وڵاتی خۆیان یان لە هەرێمێک لە وڵاتەکانیان دا لە دەسەڵات دان بەر لە هەر شتێک ئەرکێکی ڕێکخراوەییە. بەو واتایە کە پێویستە وەک ئەندام لە کۆنگرەدا بەشدار بن و ئەزموونەکانی ئەندامانی دیکەو ڕاسپاردەکانی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە بەرنەوە وڵاتانی خۆیان. بەڵام ئەم بەشدارییە بۆ حیزبە کوردستانییەکان ( جگە لەم لایەنە) بە شێوەیەکی گشتی زیاتر دەرفەتێکە بۆ چەشنێک لە دیپلۆماسی و دروست کردن و پتەوکردنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ سیاسەتکاران و حیزبە سوسیال دیمۆکراتەکانی وڵاتانی جۆراوجۆری دنیا. دیارە ئامادەبوون لەم کۆڕوکۆبوونەوە نێونەتەوەییانەدا بۆ حیزبە کوردستانییەکان _ جگە لە باشووری کوردستان_ دەتوانێ دەرتانێکیش بێ بۆ لە قاودانی سیاسەتی ستەمکارانە و سەرەڕۆیانەی حکومەتەکانی زاڵ بەرسەر نیشتمانەکایەن دا و ڕوونکردنەوەی ئامانجە سیاسییەکانیان.

بە بڕوای من ئەم لایەنەی بەشداریی حیزبە کوردستانییەکان – کە ڕەنگە بۆ هەمووان وەک یەک نەبێ – گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەوەش بەر لە هەر شتێک لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەرفەتەکانی دەستڕاگەیشتنی کەسایەتییە سیاسییەکان و ڕێبەرانی بزووتنەوە بە کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان، کە زیاتر وڵاتان دەستیان پێی ڕادەگا، زۆر سنووردارە. بۆیە دەکرێ بڵێین بەشداریی چالاکانە لە دەرەتانگەلێکی وەک کۆنگرەی SIدا بەتایبەت لە بواری دیپلۆماسی دا بە دەسکەوتێکی پڕ بایەخ دەژمێردرێ.

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانین دەکرێ بڵێین دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە سەرۆکایەتیی سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە لەم کۆنگریەدا بەشدار بوو، توانیویەتی لە ئاستێکی شیاودا بدرەوشێتەوە. ئەوەش بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەم، بایەخدانی ئەم حیزبە بە دیپلۆماسی و دەرکەوتن لە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دا. دووەم، توانای دیپلۆماسیی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان. سێیەم، کەلکوەرگرتن لە ئەزموونی بەشداری لە کۆنگرەکانی پێشووتری SI دا.

لە کۆنگری ٢٤ی SI دا دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان جگە لەوەی توانی لە پەراوێزی دانیشتنەکان دا لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە سیاسییەکان و ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبە سوسیال دیموکراتەکانی بەشدار لە کۆنگرەدا دیدار بکا، توانی دەرفەتێکیش بۆ قسەکردن لە کۆڕی ئەندامانی کۆنگرەش دا وەدەست بێنێ.

بەڕێز خالید عەزیزی لە پەیامێک دا کە لە یەکەم دانیشتنی ڕۆژی سێیەمی کۆنگرەدا پێشکەشی کرد لە پێوەندی لەگەڵ کوردو پرسەکەی دا توانی ئاماژە بە چەند خاڵی گرنگ بکا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکرات لە وتەکانی دا لەگەڵ ئەوەی تیشکی خستە سەر مێژووی خەبات و تێکۆشانی مۆدێرن و ئۆرگانیزەکراوی نەتەوەی کورد لە سێ چارەکە سەدەی ڕابردوودا پێناسەیەکیشی لە ئامانج و بەها سەردەمیانەکانی بزووتنەوەی کورد خستەڕوو. هەر لە ژێر ڕووناکایی ئەم فاکتانەش دا ئاماژەی بە توانا و پوتانسیەلی نەتەوەی کورد لەم پێوەندییەدا کرد و پێداگریی لەسەر ئەوە کردوە کە کورد دەتوانێ وەک فاکتۆرێکی بەهێز دەوری لە ئاڵوگۆڕەکان دا هەبێ.

عەزیزی لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا ئەو خاڵە گرنگەی هێنایە گۆڕێ کە پێویستە سوسیال ئینتێرناسیۆنال و ئەندامانی تواناکانی خۆیان بە قازانجی جێگیربوونی بەهاکانی وەک دیمۆکراسی، دادپەروەری، مافی مرۆڤ و ئاشتی لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بخەنەگەڕ.

سیاسەتی سەرکوتکارانەو دژە ئازادیی کۆماری ئیسلامی و سەرکوتی سیستماتیکی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی مافی مرۆڤی کوردو بەتایبەت ئەو دۆخە نالەبار و داخهێنەرەی محەمەد سدیق کەبوودوەند لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا یەکێکی دیکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی لەم کۆنگرەیەش دا پێکهێنابوو.

لە کۆتایی دا بە وەبیرهێنانەوەی ئەو شتانەی لە سەرەوە گوتران دەتوانین بڵێین کە بەشداریی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە یەکێک لە دەسکەوتە دیپلۆماتیکەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێردرێ. دیارە ئەم دەسکەوتەش لە پێش دا بەری ڕەنج و ماندووبوونی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان نەمران قاسملوو و شەڕەفکەندی و تێکۆشەرانێکی وەک عەبدوڵڵا حەسەنزادەو خالید عەزیزی و ژمارەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی بواری دیپلۆماسیی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتە.

# ڕامانێک لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست و بەشداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ن: ئاویەر

ڕۆژانی ٣٠ ئاگۆست تا ١ی سێپتامبر، ٢٤مین کۆنگرەی ڕێکخراوی جیهانیی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست لە ئەفریقای باشوور بەڕێوە چوو. لە کۆنگرەی ئەمساڵدا ژمارەیەک لە پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور و باشووری کوردستان لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون. ئەوەی لەم کورتە وتارەدا زیاتر مەبەستی ئێمەیە، خوێندنەوەیەکە بۆ بەشداریی هەیئەتی بەرزی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز «خالید عەزیزی»، سکرتێری گشتیی حیزب لەو کۆنگرەیەدا. بەشداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو کۆنگرەیدا لە چەند لایەنەوە گرنگیی خۆی هەیە کە بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

١ـ کۆنگرەی ٢٤ی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست ئەمساڵ لە کاتێکدا بەڕێوە چوو کە لە بەرەبەری ٢٠ ساڵەی تیرۆری «دکتۆر سادق شەرەفکەندی» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات دا بوو. گرنگیی ئەم بابەتە لە دوو لایەنەیەوەیە. یەکەم ٢٠ ساڵ لەمەوبەر کە دکتۆر شەرەفکەندی بۆ بەشداری لە نۆزدەیەمین کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیسدا چووە ئاڵمان و لە ئاکامدا لەگەڵ هاوڕێیانی لە ریستورانتی میکۆنووس تیرۆر کرا، ئەمە دەبێت لە مێژووی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا بمێنێتەوە. دووهەم: سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتارەکەیدا لە کۆنگرەی ئەمساڵی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست تیشکی خستە سەر ئەم بابەتە و داواشی کرد کە ئەو ڕێکخراوە یادی دکتۆر سادق بکاتەوە. ئەمەش لە خۆیدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، کە دەبێتە هۆی لە بیرنەچوونەوەی کارەساتی میکۆنووس و تیرۆر دکتۆر شەرەفکەندی و زیندوو ڕاگرتنی ئەو بابەتە.

٢ـ سەرەڕای ئەوەی دوو لایەنی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوون، سکرتێری حیزبی دیموکرات وەک تەنیا لایەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وتاری پێشکەش کرد و ئەمەش لە چەند ڕووە گرنگ بوو. یەکەم خاڵی گرنگی وتارەکەی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات ئەوە بوو وتارەکەی، وتارێک نەبوو کە تێیدا باسی حیزبی دێموکرات بکات، بەڵکوو وتارێک بوو کە تەعبیری لە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەتە سەرکوتکارانەکانی کۆماری ئیسلامی دەکرد. ئەمەش لە خۆیدا خاڵێکی گرنگ بوو و دەبێ هەموو لایەک هەوڵ بدەن لەو جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانەدا، نەتەوەییانەی بجووڵێنەوە و تەنیا لە خەمی حیزبەکانیاندا نەبن. بۆیە لەم سۆنگەوە وتارەکەی سکرتێری گشتیی حدک نوێنەر و دەنگی خەڵکی کوردستان بوو لە کۆنگرەکەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا. خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە، ئەو سیاسەتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە هەمیشە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و دەرکەوتنە نێونەتەوەییەکانیدا پێداگری لەسەر دەکات کە ئەویش ئەوەیە لە خانەی مافەکانی مرۆڤەوە هەوڵدەدات بچێتە ناو کێشەکان و ویست و داوا نەتەوەییە ڕەوا کانی بنێتە گۆڕێ. ئەم خاڵە لە وتارەکەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە کۆنگرەکەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست بە تایبەتی گرنگی پێدراوە و باس کردنی دۆسیەی «محەمەد سەدیق کەبوودوەند»، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. ئەم سیاسەتەش لەم خوێندنەوەیە سەرچاوەی گرتوە کە لە ئێستادا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی زیاتر لە خانەی دۆسیەی ئەتۆمیدا کێشە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دەکات و بە جۆرێک بابەتەکانی دیکە لە ژێر باندۆڕ و سێبەری ئەو کێشەیەدا تا ڕادەیەک خراوەتە پەراوێزەوە. بۆیە لەو کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییانەدا مافەکانی مرۆڤ باشترین دەروازەیە بۆ هێنانە گۆڕی ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد و هەروەها لەو خانەیەشدا دەتوانیت پەردە لەسەر زۆر پێشێلکاری و کێشەی دیکە هەڵبدەیتەوە.

٣ـ کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست یەکێک لەو کۆڕە گرنگانەیە کە دەرفەتی ئەوە پێکدێنێت خۆت بناسێنیت. بە واتایەکی دیکە تریبوونێکی گرنگە بۆ کورد. چونکە لەو ڕێکخراوەدا زۆربەی حیزبە سوسیال دیموکراتەکانی جیهان ئەندامن، بۆیەش سەرۆکی وڵاتان و سەرۆکی حیزبە ناسراوەکان و کەسایەتیی جۆراوجۆر بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە دەبن کە لە کاتی دیکەدا بە زەحمەت دەست دەکەون بۆ ئەوەی پەیامی تۆ(وەک کورد) ببیسن. کۆبوونەوەکانی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست لەو ڕووە دەرفەتێکی باشن و کورد دەبێت بۆ خۆناساندن و لۆبیگەری بە باشترین شێوە کەڵک لەم تریبوونەوە وەربگرێت. بەشداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاستێکی بەرز لەو کۆبوونەوانەدا، نیشانەی گرنگیدانی حیزبی دیموکراتە بە لۆبیگەری و چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لەو تریبوونانە. بەشداری هەیئەتی بەرزی حدک لە کۆنفراسی ساڵانەی لیبر پارتی(پارتی کرێکاری بریتانیا)و بەشداریی چالاکانە لە کۆبوونەوەکانی پێشووی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. هەروەها ئەو گرنگی پێدانەشە کە بۆتە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکرات بە جیددی لەو ناوەندانە دا وەربگیرێت و پێشوازیی لێ بکرێت. دیارە نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت ئەم سیاسەتەی حیزبی دێموکرات بۆ کەڵک وەرگرتن لەو تریبوون و کۆبوونەوانە تازە نییە و دەکرێ بڵێین میراتێکە کە لە سەر دەستی ڕێبەری گەورە «دوکتۆر قاسملوو» بنیات نراوە و «دوکتۆر شەرفکەندی» و مامۆستا «عەبدوڵڵا حەسەن زادە«ش درێژەیان پێداوە و هاتوە تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ.



**یەکەم خاڵی گرنگی وتارەکەی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات ئەوە بوو وتارەکەی، وتارێک نەبوو کە تێیدا باسی حیزبی دێموکرات بکات، بەڵکوو وتارێک بوو کە تەعبیری لە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەتە سەرکوتکارانەکانی کۆماری ئیسلامی دەکرد. ئەمەش لە خۆیدا خاڵێکی گرنگ بوو و دەبێ هەموو لایەک هەوڵ بدەن لەو جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانەدا، نەتەوەییانەی بجووڵێنەوە و تەنیا لە خەمی حیزبەکانیاندا نەبن**

لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە کە بوترێ، خاڵێکی بنەڕەتییە کە پێویستە هەموو لایەک بە هەندی وەربگرن. ئەو خاڵەش هاودەنگ بوون و یەکگرتوویی و یەک هەڵوێستیی هێز و لایەنە کوردییەکانە لەو ناوەندانەدا. بێگومان ئەگەر سەرجەم حیزب و لایەن کوردستانییەکان لەو شوێنانە یەکگرتوو بن و داواییەکی هاوبەشیان بۆ کورد هەبێ، ئەوا کێشەی کورد زۆر بە جیددیتر لەو شوێنانە وەر دەگیرێت و قورسایی کورد زیاتر دەکات. بە پێچەوانەش کورد نەتەنیا ناتوانێت ئەو دەرفەتانە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە، بەڵکوو زەرەریش دەکات. بۆیە پێویست هەموو لایەک هەوڵ بۆ ئەم مەسەلەیە بدەن و کاتێک بەرەوە ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە دەچن کێشەو ناکۆکییەکانیان لەگەڵ یەکتری لە کوردستان بەجێبهێڵن و هاودەنگ و هاوهەڵویست بن پێکەوە و کوردانە بجووڵێنەوە نەک حیزبیانە.

پێم وایە بەشداریی چالاکانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا ئەزموونێکی باش بوو و ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەگەر یەکگرتووانە و هاودەنگ بین لەو کۆبوونەوانەدا ئەوا چاکتر وەردەگیرێین و چاکتریش دەتوانین کورد بناسێنین و لۆبیگەری بۆ کێشەکەی بکەین.

# دووره دیمەنی پەروەردە و فێرکردنی ئێران لە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندندا



مەسعود ڕەواندوست

ساڵی نوێی خوێندنی ٩٢ – ٩١ لە ئێران لە کاتێکدا دەست پێ‌دەکا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی سیاسەتە نەگونجاو و ناتەباکانی لەگەڵ ئوسوول و ڕێوشوێنە ئینسانی و نێونەتەوییەکان لە ژێر قورسترین گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکان لە ماوەی ٣٣ ساڵی تەمەنی‌دایە و لە ئاکامی ئەم گەمارۆیانە و بێ بەرنامەیی و گەندەڵیی ئابووریی لە ڕادەبەدەری کاربەدەستان و دامودەزگا نابەرپرسەکانی ڕێژیمدا، ئێران لە بارودۆخێکی زۆر نالەباری ئابووری‌دایە و بارودۆخی ئابووری و ژیان و گوزەرانی خەڵک لە هەمیشە دژوارتر و نالەبارترە و هەژاری و نەداری و بێکاری بەربینگی بە بنەماڵەکانی ئێران گرتوە.

ئەمساڵ لە کاتێکدا بنەماڵەکان ڕۆڵەکانیان بۆ چوونەوە بۆ قوتابخانەکان ئامادە دەکەن کە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی خوێندن و چوونە قوتابخانە قورساییەکی زۆر دەخاتە سەریان و هێندێک لە بنەماڵەکان تەنانەت لە دابینکردنی ئەم پێداویستییە سەرەتاییانەش‌دا داماون. هەژاری و دەسکورتی و بێ داهاتی وای کردوە کە زۆر بنەماڵە ناچار بن جگەرگۆشەکانیان بە تەمەنی کەم و جەستەی لاوازەوە لە جیاتی قوتابخانە بنێرنە سەرکار و لە کارگەکان و لەسەر شەقام و دوور لە بنەماڵە کاریان پێ‌بکەن بۆ ئەوەی بژێوی بنەماڵە و نانی سەر سفرەیان بۆ دابین بکەن.

لە سایەی حکوومەتی عەدڵی ئیسلامیی ڕێژیمی تاران‌دا منداڵانی وڵاتی ئێران کە یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی ناوچە و جیهانە و خاوەنی سەروەت و سامانی گەورەی نەوت و گاز و زۆر سەرمایەی سروشتیی دیکەیە لەجیاتی ئەوەی لە شوێنێکی گونجاو و بێ کێشە و گرفت بە ئاسوودەیی هەستیارترین کاتەکانی تەمەنی منداڵیی خۆیان بە فێربوون و پەروەردە بوون بۆ داهاتووی خۆیان و وڵاتەکەیان تەرخان بکەن، ناچارن لەگەڵ دێوەزمەی هەژاری و نەداری دەستەویەخە بن و بەرەوڕووی دەیان گرفت و کێشەی فکری و جەستەیی و تەنانەت دەستدرێژی و سەدان ئافەتی کۆمەڵایەتی دیکە ببنەوە کە دیاری و بەرهەمی ئەو جەردە و تاڵانچییانەیە کە خۆیان بە جێگر و نوێنەری خوا لەسەر زەوی دەناسێنن.

بە پێی ئامارەکان ساڵی ڕابردوو لە نزیک بە بیست میلیۆن قوتابی لە ئێران تەنیا دوازدە میلیۆن کەس توانیویانە بچنە قوتابخانەکان و بەم پێیە زیاتر لە سی لەسەدی قوتابیان لە خوێندن بێ بەش بوونە. ئەو منداڵانەی دەبووایە لە کلاسەکانی دەرس، بێ غەمی نان خەریکی فێربوون بووایەن و ئێستا ناچارن لە شارەکان و گوندەکان بۆ دابینکردنی پاروە نانێک، دوور لە هەموو ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان کار بکەن، ژمارەیان زیاتر لە دوو میلیۆن کەسە کە بۆ وڵاتێکی وەک ئێران ژمارەیەکی سەرسووڕهێنەر و کارەساتبارە.

جگە لە کێشەی ئابووری و هەژاری و بێکاری کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بارودۆخی خوێندن و پەروەردەی وڵات داناوە، کێشە فکری و فەرهەنگی و بەرنامە دواکەوتووانەکانی ڕێژیم لە بواری پەروەردە و فێرکردن‌دا دیاری و دیارەیەکی دیکەی ڕێژیمن کە یادکردنەوە و لێ وردبوونەوەیان لە کاتی کرانەوەی قوتابخانەکان و دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن‌دا بە پێویست دەزانرێ.

لە ساڵانی ڕابردوودا و بە تایبەت دوای تۆختربوونەوەی خەبات و بەربەرەکانیی خوێندکارانی زانستگەکان لە بەرامبەر ڕێژیمی ئاخوندی‌دا و لە درێژەی ئەو سیاسەتەی لە سەردەمی شۆڕشی بەناو فەرهەنگیی ڕێژیم لە زانستگاکانی ئێران‌دا دەستی پێکرد و ئاکامەکەی بووە دەرکردن و لەسەرکار لابردنی هەموو مامۆستا و قوتابیانی جیابیر و سەربەخۆ لە زانکۆکان، سیاسەتی بە ئیسلامی کردنی زانستگەکان بەردەوام یەکێک لە دەغدەغەکانی بەرپرسانی ڕێژیم بووە.


ڕێژیم بە شێوەی جۆراوجۆر و لە قۆناغ و بارودۆخی جۆراجۆردا بەردەوام کاری بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە کردوە. یەکێک لەو کارانەی لەسەر فەرمانی خامنەیی کەوتۆتە بەرنامەی کاری بەرپرسانی پەروەردە و فێرکردن، گۆڕینی و بە ئیسلامی کردنی نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکانی زانکۆ و قوتابخانەکان بووە و ڕێژیم بەم کارە هەوڵ دەدا ئاستی زانستی کتێبەکان دابەزێنێ بە لابردنی دەق و بابەتە زانستییەکان و دانانی بابەتی نازانستی و دواکەوتوانە توانای بیرکردنەوە و تێگەیشتنی خوێندکاران دابەزێنێ و بە شێوەیەک ڕایانبێنێ کە بەردەوام ملکەچی بیرو بۆچوونە دواکەوتوو و سەدە نێوەڕاستییەکانیان بن. ئەم سیاسەتە ئەمساڵیش و بە پێی دەرفەت و هەلومەرج لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە بەڕێوە دەچێ و بەمجۆرە چاوەڕوان دەکرێ لە ڕەوتی نزمتر کردنەوەی ئاستی زانستیی قوتابخانە و زانکۆکان‌دا ئەمساڵیش زانست لە کۆمەڵگای زانستیی ئێران‌دا هەنگاوێکی دیکە بەرەو دواوە بڕوا.

هەر لە درێژەی ئەم سیاسەتە و هەروەها سیاسەتی سەرکوت و دواکەوتوو ڕاگرتنی خەڵکی ئێران بۆ مانەوەی زیاتری دەسەڵاتی نگریسی ئاخوندی و کەم کردنەوەی مەترسییەکان لەسەر ئەم دەسەڵاتە، بیرمەندانی ڕێژیم سیاسەتی «تحقیر» و شکاندنی کەرامەتی تاکەکانیان بە شێوازی جۆراوجۆر بەڕێوەبردوە، چونکە باش دەزانن کە تاکە لێک دوور و جیا و «تەحقیر»کراوەکان ناتوانن ببنە بنەمای حەرەکەت و ڕاپەڕین لە دژی ڕێژیم و مەترسییان بۆ سەر ڕێژیم کەمتر دەبێ. بەرنامەڕێژان و سیاسەتدانەرانی کۆماری ئیسلامی بە پێی ئەم ئەسلەی کۆمەڵناسی کە دەڵێ «حکوومەتکردن بەسەر تاکە جیا و لێک دوورەکان زۆر ئاسانترە لە حکوومەت کردن بەسەر کۆمەڵی تاکە یەکگرتووەکان‌دا» هەوڵ دەدەن تاکەکانی کۆمەڵگا لێک دوور ڕاگرن و ڕێگە نەدەن تاکەکان پێکەوە تێکەڵ بن و یەکتر بناسن و گوێ لە قسەی یەکتر بگرن و ببنە هۆی بەرزتر بوونەوەی وشیاری و زانیاری و یەکگرتوویی یەکتر.

ئەم سیاسەت و لێکدانەوەیە بنەمای گەڵاڵە و بەرنامەیەکی دواکەوتووانەیە کە بە گەڵاڵەی جیاکردنەوەی ڕەگەزی لە زانکۆکانی ئێران‌دا ناسراوە و خەریکە بەرەبەرە لە لایەن ڕێژیمەوە بەڕێوە دەچێ. ئەم گەڵاڵەیەش کە هەر بە بیانووی بە ئیسلامی کردنی زانکۆکان و لە ڕاستی‌دا بۆ ئەو مەبەستەیە کە لەسەرەوە باسی لێکرا لە چەند ساڵی ڕابردووەوە دەستی پێکردوە و ئەمساڵیش لە بەشێکی دیکەی زانکۆکان و بە پێی ئیمکان چەند قۆناغێکی دیکەی بەڕێوە دەچی. هەروەک باسکرا ئەم بەرنامەیە بە بیانووی بە ئیسلامی کردنی زانکۆکان بەڕێوەدەچێ، ئەوە لە حاڵێکدا کە شارەزایانی ئایینی باش دەزانن خوێندنی کچان و کوڕان و ئەوەی تا ئێستا لە زانکۆکان هەبووە هیچ جیاوازی و دژایەتییەکی لەگەڵ بنەما ئیسلامییەکان نیە و لە ڕاستی‌دا حەساسییەت و نیگەرانی و پێداگریی ڕێژیم لە بەڕێوەبردنی ئەم گەڵاڵەیە لە ترس و خۆفی ڕێژیم لە لێک نزیک بوونەوەی کچان و کوڕان و بەرزتر بوونەوەی ئاستی وشیاریی زانستی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی تاکەکان و بە تایبەت توێژی هەستیار و وشیاری خوێندکارانەوە سەرچاوە دەگرێ. ڕێژیم هەوڵ دەدا بە جیاکردنەوەی زۆرەملیی کچان و کووڕان لێکتر جۆرێک لە «تحقیر» و شکاندن لەسەر تاکەکان بەڕێوەبەرێ و بەمجۆرە کۆمەڵگایەکی لێک دوور و پەرتەوازە و «تحقیر»کراو پێک بێنێ کە هەستی متمانە بەخۆبوونیان تێدا مردبێ و نەتوانن ببن بە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتە سەدە نێوەڕاستییەکەیان.

ئەمساڵیش کە بە داخەوە ساڵی نوێی خوێندن لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی خوێنمژ و دژە خەڵکیی ئاخوندییەوە دەست پێ‌دەکا درێژەی ئەم سیاسەت و بەرنامانە بەڕێوەدەچێ.

کەمکردنەوە و نەهێشتنی «سهمیە»ی کچان لە ٧٧ مادەی دەرسی لە ٣٦ زانکۆی ئێران بۆ ساڵی نوێی خوێندن بەشێکی دیکەی ئەم سیاسەتەیە کە ئاماژەی پێکرا. بەڵام هەروەک لە ئاکامی ئیمتحانەکانی کۆنکووری ئەمساڵ‌دا دەرکەوت قەبووڵبوونی بەرچاوی کچان بۆ زانکۆکان بەجۆرێک کە نزیک بە شەست لەسەدی «سهمیە»ی زانکۆکانی ئێرانیان بۆ ساڵی ٩٢ – ٩١ بۆخۆیان تەرخانکرد ئەم هیوایە بەهێزتر دەکا کە ڕێبوارانی ڕێگەی زانست و ئازادی بە بەردەوامی و خۆڕاگریی خۆیان دەبنە هۆی مایەپووچ بوونی ڕێژیم لە سیاسیەتە چەوت و دژەگەلییەکانی‌دا.



# نەزم و مودیرییەتی نوێی جیهانی؟



وریا ڕەحمانی

لەگەڵ تێکڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و تەواوبوونی شەڕی سارد لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی جیهان دەستی پێکرد. جیهانی دوو جەمسەری جێگەی خۆیدا بە جیهانی تاک جەمسەری و لیبراڵ دێموکراسیی ڕۆژئاوایی بە شێوەیەکی بەرفراوان شوێنی ململانێی نێوان ڕاست و چەپ یان سەرمایەداری و کۆمۆنیزمی گرتەوە.

لە سەردەمی شەڕی سارددا وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە مەبەستی پێشگیری کردن لە پەرەئەستاندنی بیری کۆمۆنیستی و بەهێزبوونی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی، هەوڵیان دەدا پشتێندێکی سەوزی ئیسلامی بە دەوری وڵاتانی سۆسیالیستی بەتایبەت یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوودا بکێشن. بەو مانایایە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یارمەتیی هەموو ئەو هێزە توندڕەوە ئیسلامیيانەیان دەدا کە لە دراوسێیەتیی ئەو وڵاتانەدا دەژیان. مکانیزمی ئەم ڕێکارەش بەم شێوەیە بوو کە لەم وڵاتانەدا کە هێزە ئیسلامییەکان باڵادەست و دەسەڵاتدارن، هاوپەیمانییەتیان لەگەڵ پێک بێنن و یارمەتیدەری ڕەوتی بە دیکتاتۆرتربوونیان بن. لە لایەکی دیکەشەوە لەم وڵاتانەشدا کە مۆدێلی حکوومەتییەکەیان عیلمانی‌یە و دەسەڵات لە دەس ئیسلامییەکاندا نییە، یارمەتیدەر و ڕێگەخۆشکەری بڵاو بوونەوەی هەرچی زیاتری بیر و هزری بناژۆ خوازی (بونیادگەرایی) ئیسلامی و دەسەڵاتخوازیی ئیسلامی سیاسی بن. دیارە ئەم میکانیزمە بوارگەلێکی دیکەشی لە خۆیدا دەگرتەوە، بەڵام ئەوە ڕوویکردە سەرەکییە ئامانجدارەکان بوون. هەمووی ئەوانەش بەر لە هەموو شتێک بۆ پێشگیری لە نفووز و پەل هاویشتنی هزری چەپ و بیری کۆمۆنیستی بۆ قووڵاییەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە و لە ئاکامدا گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی بوون.

لە ئاکامدا هێزە ئیسلامییەکان لەم وڵاتانەدا چ لە پێگەی دەسەڵات و چ وەک ڕەوتگەلێکی سیاسی بەوپەڕی هێز و توانای خۆیان گەیشتن و بەهێزتر لە پێشوو لە گشت بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و بەتایبەت سیاسیدا بە شێوەیەکی کەم وێنە تەقینەوە و گەشەیان کرد.

وەک دیارە ئایدیۆلۆژییەکان لە هەر هزر و شێوازێکی دیکە پتر زەرفییەت و پتانسیەلی بە دیکتاتۆربوونیان تێدایە و هەر کات کە بۆ زەربەلێدان یان ڕووخانی سیستمێکی حکوومەتی لە ئامرازی ئایدیۆلۆژی (بەتایبەت ئیسلام و کۆمۆنیزم) کەڵک وەرگیراوە، ئاسەواری وێرانگەر و کارەساتی ترسناکی لێ کەوتۆتەوە. کەچی بەداخەوە هێز و ئیرادەی سیاسی و حکوومەتەکان کەمتر ئەم ڕاستیانە لەبەر چاو دەگرن و زیاتر بە گوێرەی بەرژەوەندییە کاتییەکانیان دەجووڵێنەوە. لق و پۆپی ڕەهای ئەم پشتێندە سەوزەی کە کاتی خۆی دنیای ڕۆژئاوا بۆ بەربەرەکانی لە دژی پەرەی بلۆکی ڕۆژهەڵات لە وڵاتانی ئیسلامیدا پێکی هێنابوو، دوای ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، ڕێک بەرۆکی خۆی گرتەوە و لە دژی خۆی وەستایەوە.

دوای تەواوبوونی شەڕی سارد و شکستی کۆمۆنیزم لە بەرامبەر سەرمایەداریی ڕۆژئاوایی و تێکڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، ئیتر سیاسەتی دەرەوەی ڕۆژئاوا و لە سەرەوەی هەمووشیانەوە ئەمریکا لە ئاستی جیهانیدا بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانی بەسەردا هات و ئاقارێکی دیکەی پەیدا کرد. دێموکراسیی کلاسیکی ڕۆژئاوایی جێی خۆی بە دێموکراسییەکی مۆدێرن دا، کە تێیدا چەمکگەلێکی وەک ئازادی، مافی مرۆڤ، بازاڕی ئازاد، مافی کەمینە و... لەو پەڕی خۆیاندا درەوشانەوە.

لیبراڵ دێموکراسی جێگەی دێموکراسیی هەڵبژاردنیی گرتەوە و لە هەمووان گرینگتر ئەوە بوو کە سنووری وڵاتانی دێموکراتیکی بەزاند و فەزایەکی نێونەتەوەییانەتری بە خۆوە گرت. پڕ دیارە کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و هەموو وڵاتێکی دیکەش لە دنیادا لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و مانۆڕە جۆراوجۆرە جیهانییەکانیان لە پێناوی بەرژەوەدییەکانی خۆیاندا تێدەکۆشن و هەرواش بووە و هەرواش دەبێ. ئینجا ئەگەر سەردەمانێک بە هۆی ئەو هۆکارانەوە کە باس کران، بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزی ڕۆژئاوایی کە کاریگەرییان لە ئاستی جیهانیدا هەیە لەوە دابوو کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لایەنگری لە هێز و حکوومەتە دوگم و دیکتاتۆڕەکان بکەن، ئێستا بەرژەوەندییان لە کرانەوەی زێدە و جێگیربوونی دێموکراسی لەم وڵاتانە دایە.



وەک چۆن بیرمەندێکی وەک «هانینگتۆن» پێشتر پێشبینیی قۆناغی شەڕی شارستانییەتەکانی کردبوو، دیتمان کە پاش تەواو بوونی شەڕی سارد، شەڕی نێوان شارستانییەتەکان بەتایبەت ئیسلام و ڕۆژئاوا کە پێگەی سەرەکیی ئایینی مەسیحییەتە و بە جۆرێکیش وەبیر هێنەرەوەی شەڕە سەلیبییەکانی کۆنە، دەستی پێکرد و چڵەپۆپەکەشی لە ١١ی سێپتامبری ساڵی ٢٠٠١ی ئامریکادا گڕی گرت و دنیای تەنییەوە.

ئەگەر سەردەمانێک ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا بۆ تەمبێ کردنی خەڵکێک کە بەرەو بیری کۆمۆنیستی دەچوون لە ئامرازی هێز و حکوومەتە دوگم و دیکتاتۆرەکان کەڵکی وەردەگرت، کەچی ئێستا بۆ تەمبێ کردنی ئەو هێز و حکوومەتە ئایدیۆلۆژیک و دیکتاتۆرانەی کە لە دژی لیبراڵ دێموکراسیی ڕۆژئاواییدا ڕاوەدەستن کارتی دێموکراسی و ئازادی خوازیی خەڵک وەک هێزی گوشار بەکاردێنێ.

ئەگەر چی سەردەمانێک حکوومەتە دەسەڵاتدارەکانی ڕۆژئاواییش وەک دەسەڵاتە ئیسلامییەکانی ئێستا، سەرچاوەی مەشرووعییەتی خۆیان لە هێزێکی «بان سروشتی»دا دەدیت، کەچی ئەوا دەمێک ساڵە سۆنگەکەیان لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی گواستۆتەوە و پێگەی مەشرووعییەتخوازییەکەیان لە نێو جەماوەر و کۆمەڵگە دا بەدی دەکەن. جیاوازیی ئەم جیهان بینیانە لە ڕووی فەلسەفییشەوە پەرژینێکی بەرینی لە نێوان کار کرد و ڕوویکردی سیاسی و دیکەی ئەم دوو بەرە دژ بەیەکەدا پێک هێناوە.

لە دوای تەواوبوونی شەڕی سارد و نەمانی کێشە و مەترسیی کۆمۆنیزم و بلۆکی ڕۆژهەڵات بە واتا پێشوویەکەیەوە، ئێستا گەورەترین مەترسییەک کە ڕۆژئاوا لەبەردەم خۆیدا بە تەواوی هەستی پێ دەکا بناژۆخوازیی ئیسلامی و بەتایبەت کێشەی ئیسلامی سیاسی‌یە. شێوەی ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلامی سیاسی لە بەراورد لەگەڵ کۆمۆنیزم لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە تەواوی جیاوازیی هەیە. هەر بۆیەش پاش تێکڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی کۆمۆنیستی و بە شوێن ئەودا سەرهەڵدانی ڕوو لە گەشەی بناژۆخوازیی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسیی جێگیر و گشتگیری بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بابەت و زاراوەیەکی سیاسیی نوێ بە ناوی «پێویستیی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەزم و مودیرییەتێکی نوێی جیهانی» لەلایەن سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوایی بەتایبەت ئەمریکاییەکانەوە بەرە بەرە هاتە گۆڕێ و تەعبیر و پێناسەی جۆراوجۆریشی بۆکرا. بەشێک لە ستراتیژی و پلانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکاییەکان لەم پێناوەدا لە دوو بواری نەرم ئامێری (هێنانی لیبراڵ دێموکراسی و فەرهەنگی ڕۆژئاوایی) و سەخت ئامێری (دابەشکردنی بەشێک لەم وڵاتانە بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە یەکەگەلێکی سیاسیی بچووکتر و ڕوبەڕوو بوونەوەو پێشگیری لە گەشەو پەرەسەندنی هێزە بونیادگەرا توندڕەوە ئیسلامییەکانی ناکۆک لەگەڵ ڕۆژئاوا) لەم وڵاتانەدا بوو. ئەوەی کە ڕۆژئاوا و لە سەرەوەی هەمووشیانەوە ئامریکا چەندە لە جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە و بەجێ گەیاندنی ئەم بیرۆکەیەیاندا سەرکەوتوو بوون یان نەبوون، گرینگیی خۆی هەیە بەڵام گرینگتر ئەوەیە کە لە ئاکامی ڕەوتی گۆڕانەکان و ئەم هزرە گۆڕانخوازییەدا بەرەبەرە ئەم زێهنییەتە لە جۆرێکی دیکەدا جێگەی خۆی لە نێو هزر و ئەدەبیاتی سیاسیی ڕێبەرانی وڵاتانی ئیسلامیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت کۆماری ئیسلامیشدا کردەوە. پڕ دیارە کە ئەوەی لە نەزم و مودیرییەتی نوێی جیهانی لە هزر و هزری ڕێبەرانی ئەم وڵاتانە بەتایبەت کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕێ، جیاوازییەکی بەرینی لەگەڵ ڕوویکرد و جیهان بینیی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا هەیە. بەزەقتر باسکردنی ئەم بیرۆکەیە لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە لە ئاستەکانی جیهانیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری «مەحموود ئەحمەدی نژاد» وەک سەرکۆماری ئێران و ئەو بانگەشە و پروپاگەندە نێوخۆیی و دەرەوەییانەی بەتایبەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی پێگەی سیاسی و کاریگەریی ئێران لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا دەیکا، و ئەوەی کە خامنەییش بەشێکی بەرچاوی قسەکانی لە کرانەوەی کۆنفرانسی وڵاتە بێ لایەنەکانی ئەمساڵدا بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردبوو. لەڕاستیدا بەشێکی زۆر لە هەوڵی ئێران لە بەکار هێنان و باس کردنی ئەم بابەتە لە

**ئەگەر سەردەمانێک ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا بۆ تەمبێ کردنی خەڵکێک کە بەرەو بیری کۆمۆنیستی دەچوون لە ئامرازی هێز و حکوومەتە دوگم و دیکتاتۆرەکان کەڵکی وەردەگرت، ئێستا بۆ تەمبێ کردنی ئەو هێز و حکوومەتە ئایدیۆلۆژیک و دیکتاتۆرانەی کە لە دژی لیبراڵ دێموکراسیی ڕۆژئاواییدا ڕاوەدەستن کارتی دێموکراسی و ئازادیخوازیی خەڵک وەک هێزی گوشار بەکار دێنێ**

ئاستەکانی جیهانیدا بۆ دژایەتی کردن و لە حەقیقەتدا بەرپەرچدانەوەی ڕوویکردەکەی ڕۆژئاوا و پێکهێنانی بەرەیەکی، بەتەعبیری خۆی، دژە ئیمپریالیستی یە. ڕێژیمێکی ئایدیۆلۆژیکیی وەک کۆماری ئیسلامی کە لە پێناو مان و مەوجوودییەتی خۆیدا لە هیچ شتێک ناپرینگێتەوە و لە حەقیقەتدا هەست بە هیچ چەشنە بەرپرسایەتییەکی ئینسانی و حقووقی نە لە بەرامبەر خەڵک و نە لە بەرامبەر کۆمەڵگەی جیهانیشدا ناکا، تەنیا و تەنیا لە پێناوی ئەو چوارچێوە تایبەتییەی کە پێناسە دەکرێ تێدەکۆشێ و ئەوەش زاتی هەموو ئایدیۆلۆژییەکانە. کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لەم نەزمە نوێیە جیهانییەی کە تێیدا دێموکراسیی ڕاستەقینە و مافی گەلان باڵادەست بێ و دنیای سەردەم بانگەشەی بۆدەکا، خۆی بدزێتەوە و لەهەرکاتێکی مومکین وەک شێواندنی نەزمی جیهانی، هەستی ئیسلامی، نەوت، هێزی نیزامی، ڕێکخراوی وڵاتانی بێلایەن و .... لە پێناوی مان و مەوجوودییەتی خۆیدا، وەک هێزێکی ناوچەیی و تەنانەت جیهانیی سەرەڕۆ کەڵک وەرگرێ و بمێنێتەوە و تەمەنە نەگریسەکەی درێژتر بکاتەوە.

# دۆمینۆی داخرانی باڵوێزخانەکانی ئێران لە وڵاتانی دەرەوە



عەلی بداغی

بوونی باڵوێزخانەی هەر وڵاتێک لە وڵاتێکی دیکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ئەگەر لە لایەک بە مانای بەرەسمی ناسینی یەکترە، لە لایەکی دیکەشەوە داخستنی باڵوێزخانەی وڵاتێک لە لایەن وڵاتی خانەخوێیەوە بەمانای کزبوونی پێوەندییە دیپلۆماتیکەکان و بەلانیکەم گەیاندنی پێوەندییە سیاسییەکانی دوو وڵاتە.

ئامریکا، میسر، بریتانیا چەند وڵاتێکی گرینگی دنیان کە باڵوێزخانەیان لە ئێراندا نییە و دوای ئەوەی کە مەراکیش و گامبیاش کۆتاییان بە پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماتیکییەکانیان لەگەڵ ئێران هێنا، ئێستا بە داخرانی باڵوێزخانەی ئێران لە کانادا و داکشانی پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی ئەو دوو وڵاتە، دۆمینۆی کەوتنە پەراوێزی ڕێژیمی ئێرانی لە هاوکێشە سیاسییەکانی جیهان خێراتر بووە.

کانادا دەڵێ بەهۆی سیاسەتی پڕکێشە و هەرای ئێران لە دژی ئەمنیەت و ئاشتیی جیهانی و بەردەوامیی ئێران لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئەو وڵاتە و، پشتیوانیی بێسنووری لە دەسەڵاتی سەرکوتگەری بەشار ئەسەد لە سووریە و یارمەتیدانی ماددی و لۆجستیکی و هەمەلایەنەی بۆ سەرکوتی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە، بڕیاری داوە بۆ بەئاگاهێنانەوەی کۆماری ئیسلامی و بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران هەڵپەسێرێ و باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لە کانادا دابخا. دیارە مەسەلەی بەرزکردنەوەی پلە و پایەی قازی مورتەزەوی، تاوانباری سەرەکیی کوژرانی زەهرا کازمی، هاووڵاتیی کانادایی _ ئێرانی لە بەندیخانەی «ئێڤین» ی تارانیش لەو نێوەدا گرینگیی تایبەتیی خۆی لە سەر لە کزی دانی پێوەندی لەگەڵ ئێران و ئەو بڕیارەی دەوڵەتی کانادا بووە.

داخرانی باڵوێزخانەی ئێران لە لایەن کانادا، وەک یەکێک لە وڵاتانی سەرەکی و خاوەن پێگەی تایبەت لە پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور( ناتۆ) دەکرێ بە نیشانەیەک لە ستراتیژییەکی نوێ بۆ جۆری بەرنگاربوونەوە لە دژی ئێران و خستنە ژێر فشاری چەند قات بۆ بەچۆکداهێنانی ئێران و پاشگەز کردنەوەی لە سیاسەت و بەرنامە ئەتومییەکانی دابندرێ. کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا و لەلایەن ئامریکا و ئوروپا و وڵاتانی هاوپەیمانەوە لە ژێر توندترین گەمارۆ ئابوورییەکان دایە و بێ گومان لە ئەگەری شکستهێنانی سیاسەتی گەمارۆکان و بەردەوامیی ئەو وڵاتە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێستای و، هەروها درێژەی ئاڵۆزییەکانی سووریە، ڕۆژئاوا لە بیری ئەگەرێکی نوێی تەحریمی سیاسی و ئابووریی ئێراندا دەبێ.

بەڵام کاریگەریی پچڕانی پێوەندیی دیپلۆماتیک و سیاسیی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا لە سەر بارودۆخی ئێران چی دەبێ؟ بێ گومان ئەو کاریگەرییە بەر لە هەموو جێیەک لە بەشی ئابووریی ئێراندا خۆی دەردەخا. چەند ڕۆژ لە پچڕانی پێوەندیی ئێران و کانادا تێ نەپەڕیبوو کە نرخی دراوی ئێران لە بەرامبەر دراوی بیانیدا بە ڕێژەیەکی زۆر دابەزی و دەبینین کە ئێستا وەستانی ئابووریی ئێران لە بەرزترین ئاستی خۆی دایە. ئەوەی روون و بەرچاوە ئەوەیە کە ڕۆژئاوا دەیەوێ پتر لە ئێستاش فشارەکانی خۆی لە سەر ئێران چڕ کاتەوە. ئەو فشارانە لە چوارچێوەی کەمکردنەوە و پچڕانی پێوەندییە ئابوورییەکان را بگرە تا پێوەندییە ئاسمانی، دەریایی، پۆستی، ڕێگەی ئاسن و ڕێگەکانی دیکەی پێوەندییەکان و لە کۆتاییدا پچڕانی پێوەندییە سیاسییەکانیشدا بەڕێوە چووە و بە نەرمی و بەردەوامی دەچێتە پێشێ و بەردەوامە.

لەو نێوەدا کانادا یەکێک لەو وڵاتانەی ڕۆژئاوا بووە کە بە زۆر هۆکار کە بەشێکیان لە سەرەوەدا باس کران، لە ریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانە بووە کە لایەنگری خستنە ژێر فشاری زیاتری ئێران بۆ پاشگەز کردنەوەی ئەو وڵاتە لە سیاسەتی نەحاوانەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و هاندانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕەچاو کردنی ڕێوشوێن و پرەنسیپە نێونەتەوەییەکان بە تایبەت لە بواری ڕێزگرتن و پاراستنی مافی مرۆڤ بووە.

کانادا دوای پەروەندەی زەهرا کازمی، هەواڵنێری کانادایی بە ڕەگەز ئێرانی کە ساڵی ٨٢ لە زیندانی ئێڤین دەستدرێژی کرایە سەر و دوایە کوژرا، لە بواری مەحکوومکردنی سیاسەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا و لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمیسیۆنی سێهەمی کۆڕی گشتیی ئەو ڕێکخراوەیەدا پێشەنگی گەڵاڵە کردن و بە پەسند گەیاندنی زۆر بڕیارنامە لە دژی ئێران بووە. جیا لەوەش کانادا یەکێک لەو یەکەم وڵاتانە بوو کە پشتی گەمارۆ یەکلایەنەکانی ئەمریکا و ئوروپا بە دژی ئێرانیان گرت و بە لەگەڵ کەوتنی ئەو گەمارۆیانە هاوهەنگاو لەگەڵ ئەمریکا و ئوروپا سیاسەتی گەمارۆ خستنە سەر نیزامی بانکی و نەوتیی ئێرانیان گرتە بەر.



جیا لەوەش بڕیاری کانادا بۆ پساندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران لە کاتێکدا کە پێوەندییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا بەهۆی قەیرانی ئەتومیی ئەو وڵاتە و پشتیوانیی هەمەلایەنە و بێ ئەملاوئەولای کۆماری ئیسلامی لە دەوڵەتی خوێنڕێژی سووریە تا دێ ئاڵۆزتر و ساردتر دەبێ، دەکرێ وەک سەرەتای قەیرانێکی دیکە و وریاکردنەوەیەکی دیکەی ئەو وڵاتە تەعبیری لێ بکرێ. بە تایبەت ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی هەموو ئەو دەرفەتانەی لە دەست داوە کە ڕۆژئاوا بۆ چارەسەریی ئاشتییانەی کێشەی ئەتومیی ئەو وڵاتە خستبوویە بەردەم ئێران و تەنانەت ئەو ڕێژیمە پێچەوانەی ویست و دڵخوازی خۆی کە کیسەی زۆری بۆ کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن لە تاران هەڵ دووریبوو، ئەو دەرفەتەشی بۆ تێگەیشتن لە روانگەی کۆمەڵگەی جیهانی بە نیسبەت کێشە و قەیرانەکانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە لە کیس دا.

دوا وتە، ئەوەی کە کانادا بەو بڕیارەی لە دژی ئێران داویەتی، ئێرانی لە بارودۆخێکی سەخت و دژوار هاویشتوە و بەو قورساییەی کانادا لە کۆمەڵگەی جیهانیدا هەیەتی، پێدەچێ کە هەڵوێست و ڕەفتاری هاوشێوەی ئەوەی کانادا لە وڵاتانی دیکەش لە دژی ئێران بێتە گۆڕێ و بەوەش چارەسەریی قەیرانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی ئاقارێکی دیکە بگرێتە بەر. چونکی پچڕانی پێوەندییە سیاسییەکان لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا بە مانای گەیشتن بە ئەوپەڕی ناکۆکیی سیاسیی دوو لایەن و داخرانی دەرگەی هەموو چارەسەر و ڕێوشوێنە دیپلۆماتیکەکان بۆ بڕینەوەی کێشە و ناکۆکییەکان لە ڕێگەی ئاشتییانە و وتووێژە. بۆیە بێتو وڵاتانی دیکەش بە تایبەی یەکیەتیی ئوروپا لە درێژەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئێران وەها ڕەفتارێک بگرێتە بەر، ئەوا کۆماری ئیسلامی دەبێ لە سۆنگەی سیاسەتی نەحاوانەوەی خۆیدا چاوەڕوانی دەرەنجامی زۆر تاڵ و ناڵەبار بێ کە بەرەو ڕووی دەبنەوە.

# ئیسلامی سیاسی و مەترسییەکانی سەرچاوەگرتوو لە نەریت لە گۆڕانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیدا



ئارەش لۆرستانی

گەورەترین گرفتی جێگیربوونی دێموکراسی لە ڕۆژهەڵات، ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژئاواچییەتی و ئیسلامی سیاسییە کە لەژێر ناوی ڕووبەڕووبوونەوەی مۆدێرنیتە و نەریت لە ئارادایە.

بەهاری عەرەبی و حەزکردن بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵات بە خۆڕاگریی و بەرژەوەندخوازیی دەسەڵاتە عەرەبییەکان ڕۆژئاوایی بە توندترین ئاستی خۆی گەیشتوە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە سەرنجدان بە بەرچاوترین فاکتۆرە زانستی سیاسییەکانی خۆی بە ڕێڕەوێکی دژوار و ئەستەمدا تێپەڕ دەبێت. بەرچاوترین فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕادەی حەشیمەت، تێکنیک یان تەکنۆلۆژیا، ژێرخانی ئابووری، بەها کولتورییەکان، ئایدۆلۆژی و دژیەکی و دژایەتییە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکانن.

ڕادەی حەشیمەت و فرەچەشنیی ئێتنیکی هەمیشە هۆکاری دابەشکردنی کار و گەشەی چڕ بوونەوەی ئەخلاقی. بەسەرنجدان بە بەربڵاویی جۆراوجۆری حەشیمەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی، دابەشکردنی کار هەمیشە بە شێوەی جۆراوجۆر هاتۆتە کایەوە و ئەم دابەشکردنە وەک بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و سامان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات لەبەرچاو گیراوە. ئەگەر نەریت وەک فاکتەری سەرتر باڵادەست بێ، بانگەشە بۆ پێوەندییە نەریتییەکان، سیستەمی کۆن و نادادپەروەرانەی غەیرە دێموکراتیک دەکات و پەرەیان پێ‌دەدات و پێوەر و بناخەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای دەسەڵاتدارێتیی ئەشرافییەتی نەریتی لە فۆرمی ناتەواو و دواکەوتووخوازانە کە مافەکانی مرۆڤ فیدای بەرژەوەند و قازانجی جێگەی پەسندی نەریت دەکەن، دادەمەزرێت و چڕ بوونەوەی ئەخلاقی کە بەرهەمی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی حەشیمەتە، فیدای پێوەندییە پێناسەکراوەکان و نۆرمە کۆن و رزیوەکانی نەریت دەبێت.

یەکدەست کردنی حەشیمەت و بایەخ نەدان بە هەبوون و بەشداریی نەتەوەکانی دانیشتووی وڵاتێک یەکێکی دیکە لە کەموکوڕییەکان و نایەکسانییەکانی حکوومەتی نەریتییە کە هەوڵ دەدات یەکپارچەیی خاکی وڵات

**یەکدەست کردنی حەشیمەت و بایەخ نەدان بە هەبوون و بەشداریی نەتەوەکانی دانیشتووی وڵاتێک یەکێکی دیکە لە کەموکوڕییەکان و نایەکسانییەکانی حکوومەتی نەریتییە کە هەوڵ دەدات یەکپارچەیی خاکی وڵات لە چوارچێوەی دەوڵەت ـ نەتەوەیەکدا لە پێناوی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار بێنێت**

لە چوارچێوەی دەوڵەت ـ نەتەوەیەکدا لە پێناوی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار بێنێت. حکوومەتەکانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لەسەر بنەمای ئیسلامی سیاسی پەرەپێدەری نەریت و ڕێبازی دڵخوازی خۆیانن، بە پرۆسەی دەوڵەت ـ نەتەوەیەک رازی نابن و ناونیشانی ئوممەت وەک ئاڵقەی تەنگی گەمارۆدانی کۆبوونەوەی حەشیمەت بەکار دێنن و لەم شێوازەدا دابەشکردنی کار و چڕ بوونەوەی ئەخلاقی تەنیا لە پێناوی بەهێزبوونی تاکە ئوممەتێکدا دەتوانن بوونیان هەبێ.

تەکنیک و تەکنۆلۆژیا کە وەک فاکتەرێک دوای حەشیمەت و لە پێناوی گەشە و جووڵەی حەشیمەت بەرەو دێموکراسی و بایەخساڵاری شوناس پەیدا دەکات، بە شێوەیەکی سروشتی لە سیستەمی دەوڵەت ـ نەتەوە یان تاقە ئوممەتێک‌دا، نە تەنیا نەبۆتە فاکتەری پێشڕەو، بەڵکوو وەک کۆنترۆڵکەری حەشیمەت و وەک ئامرازی گوشار بۆ سەر توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک بەربەستی پاراستنی سیستەمی نەریتیی باڵادەست بەکار دێت و هەر داهێنان و نوێگەرییەک لە بیاڤە سیاسی، کۆمەڵایەتی و زانستییەکاندا تەنیا دەبێتە بەهێز کەری پێکهاتەی تەواوییەتخوازی نەریتی زاڵ.

ژێرخانی ئابووری کە وەک دیاریکەری سنووری چالاکیی تەکنیک و تەکنۆلۆژیا لە پێناوی کاریگەری دانان لەسەر حەشیمەت باسی دەکرێت و ئامانجە کۆتاییەکەی هێنانەکایەی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و دادپەروەرییە، تەنیا لەو بیاڤانەدا دێتە ئاراوە کە سیستەمی حاکم پێناسەی بکات و شتێکی سروشتییە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتییش ئەوەندەی دەگونجێ لە ڕێگای کۆنترۆڵی فاکتەرەکانی سەرەوە لە ڕێڕەوی هەبوون و جێگیربوونی نەریتی باڵادەستدا دەبێت.

بایەخ کۆمەڵایەتییەکان وەک پێوەری بایەخدانان و ڕاکێشانی بەشداریی هێزە کۆمەڵایەتییەکانن کە ڕاستەوخۆ سێ فاکتەری پێشوو کاریگەرییان لەسەر داناوە و ئەم بەها کۆمەڵایەتییانەش بە شێوەی دوولایەنە کاریگەری لەسەر فاکتەرەکانی سەرەوە دادەنێن. بەها کۆمەڵایەتییەکانیش بە سەرنجدان بە کاناڵیزەبوونی فاکتەرەکانی حەشیمەت، تەکنیک و ژێرخانی ئابووری لە ئاقاری دڵخوازی سیستەمی دەسەڵاتدار لەسەر بنەمای هەمان پێداویستییەکان شکڵیان گرتوە و چالاکی دەکەن و سروشتییە کە هەر هێزێکی تاکەکەسی یان کۆمەڵایەتی کە بە پێچەوانەی ڕەوتی بایەخە دیارەکان بێتە ئاراوە، وەک دژە بەها دەناسرێت و سیستەمی دەسەڵاتدار بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی گوشار هەوڵی ناچالاک کردنی بەرهەمی نادڵخوازی خۆی دەدات.

ئایدۆلۆژی وەک پێنجەمین فاکتەری گرینگ لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی خۆی وەک بەرنامە و لۆژیکی سیستەمی حاکم، ڕێکخەری پێوەندییەکانی نێوان چوار بنەمای پێشوو و ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنیان لە کۆمەڵدا دەبێت. ئایدۆلۆژیا بە سەرنجدان بە جۆری دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، پێوەندیی نێوان دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا، ڕێگەچارە دەخاتە ڕوو و ناوەرۆکی خودی ئایدۆلۆژی، بەردەوامیی یان لاوازبوونی دسەڵاتدارێتیی دەستەبەر دەکات.

شەشەمین و دوایین فاکتەری کاریگەر لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، ناتەبایی و ململانێییەکانن. ناتەبایی‌یەکان ناهاوهەنگاوییەکان و نارەزایەتییەکانی خەڵکی دانیشتووی وڵات یان بڕیتنی کۆی ناهاوئاهەنگی و ناتەباییەکانی نێو پێکهاتەی دەسەڵاتی حاکم کە دەبنە هۆی لەرزۆک بوون و لاوازیی پێکهاتەی حکوومەتی و، پێوەندیی تەندروست و لۆژیکیی نێوان پێنج بنەماکەی پێشوو لەنێو دەبات. لەم قۆناخەدا ناتەباییەکان بە گشتی دەبن بە توندوتیژیی و پێویستیی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و جێگرتنەوەی سیستەم و میتۆدی نوێی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی خۆی دەردەخات.

کاتێک کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی خێرا بێت و هەڵوەشانی تەواوەتیی سیستەمی حکوومەتی و ژێربیناکانی لەگەڵدا بێت، پێی دەگوترێ شۆڕش بەڵام ئەگەر بوار و بەستێنی گۆڕان و بارودۆخی تێپەڕبوون لە قۆناغی ژێردەست بۆ قۆناغی ناوەندی یان باڵادەست دابین نەبێت، قەیرانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی ئارایی بواری هاتنەکایەی ئاڵۆزی و پشێوی و شەڕی ناوخۆیی ئاشکرا یان نهێنی دەخوڵقێنێ.

هەر کۆمەڵگەیەک بە سەرنجدان بە شێواز و جۆری گۆڕان و ئاڵوگۆڕی خۆی و دامەزراندنی سیستەمی نوێ، تێچووی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری، سیاسی و کولتووریی بۆ دەدات. ئەزموونەکانی بەهاری عەرەبی و دەسەڵاتدارێتیی ئیسلامی سیاسی لەسەر بیروڕا یان سیستەمی حکوومەتیی هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا زیاتر زاڵبوون و جێگیربوونی دەسەڵاتدارێتیی ئایینی یان بە واتایەکی گشتگیرتر نەریتی لێ کەوتۆتەوە کە بە سەرنجدان بە جیانەکردنەوە و ڕوونیی فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و نەبوونی شێوازی مۆدێرن و دێموکراتیکی فاکتەرەکانی گۆڕان، هێز و وزەی کۆمەڵگە و خەڵک بە ڕێڕەوێکی پێچەوانەی بنیاتنانەوە و ڕەوتی پێشکەوتنخوازانە بەکار هێنراوە و بەرەی دژە ڕۆژئاوایی و بەرگری لە بەها نەریتی ئایینییەکان بە شێوەی زۆر توندوتیژ و ناڵۆژێکی، کەش و سەرچاوە ماددیی و هزرییەکانی کۆمەڵگەی لە پێناوی بەرگری لە نەریت و زەربەلێدان لە مۆدێرنیتە بەکار خستوە.

نارەزایەتیی توندوتیژانە و دژکردەوەکانی زۆر توندی ئەو وڵاتە ئیسلامییانەی کە تەنانەت ئەزموونی بەهاری عەرەبیشیان تێپەڕاندووە، لە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی فیلمی «بێگوناحیی موسوڵمانان» و هێرش بردن بۆ سەر باڵوێزخانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەشکەنجە و ئازاردانی دیپلۆمات و باڵوێزەکانی ئەو وڵاتانە و لە کۆتاییدا کوشتنی بێڕەحمانەی ئەوان، تەقاندنەوە و کردەوەی تیرۆریستی و خۆکوژی کە ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر بەرچاوترین نموونەیانە و هەروەها ئاگرتێبەردانی مەشرووب فرۆشییەکان و دەرکردنی حوکمی کوشتنی کەسانێکی وەک سلمان ڕوشدی و ... چەند نموونەیەکن کە ڕادەی ناهاوئاهەنگی و پێ‌نەگەیشتوویی گۆڕانی کۆمەڵایەتی زۆربەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی لەسەر بەستێنی نەریت نیشان دەدەن و بە بێ‌نەزمی خۆیان، نەزمی نوێی جیهانی و تەنانەت دێموکراسیخوازی تووشی مەترسی دەکەنەوە.

دەسەڵاتدارێتیی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتە نەریتییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی لەژێر ناوی بەرگری لە شوناس و کولتووری ئیسلامی هێزەکانی خۆی لە بەرامبەر کولتووری ڕۆژئاوا کۆ کردۆتەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە بانگەشە و پروپاگەندەی نەرێنی و هاندانی ئەندێشەکانی دژە ڕۆژئاوایی بە بەرچەسپی دژمنانی ئایین و کافرەکان و ... وەک سەرباز و فیدایی هێز و تواناییەکانی وڵاتیان لە ڕێگەی بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکار هێناوە.

لە کوردستان بە هۆی پێکهاتەی ئێتنیکی خۆی و بە سەرنجدان بە فاکتەرە گرینگەکانی وەک نەبوونی ئەزموونی پێویست لە سیستەم و پێکهاتەی دەسەڵاتداری، بەردەوام دەبێ بە وردی سەیری بارودۆخی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و جێگرکردنی نەزمی نوێ بکرێ و هەر لە ئێستاوە بۆ جێگیرکردنی پێوەندیی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی زیاتر و دروستتر لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردستان هەوڵ بدرێت و بەردەوام فاکتەری ئایین (نەریت) وەک پتانسیەلێک کە توانایی پەرەئەستاندن و برەوپەیداکردنی لە کەشوهەوای دوای گۆڕانی کۆمەڵایەتیی کوردستان و جێگیربوونی دەسەڵاتدارێتیی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لەلایەن خەڵکی کوردستانی هەبووە و لەوانەیە بە هۆی نەبوونی پێوەندیی و بەستێن خوڵقێنیی دروست و گونجاو، کوردستانیش ببێتە گۆڕەپانی گەشە و پێگەیشتنی مەیلی ئایینی و نەریتی ئەو لایەنە سیاسی یان جەماوەرییانەی کە ساڵانێکی زۆرە لە هەبوونی حکوومەتی ئایینی دڵخوازیی خۆیان بێ‌بەش بوون.



ناسر ئیرانپوور

# وەڵامێکی شەخسی بە پرسیارێک :

# کوردستان چی دەکا، ئەگەر ئێران فیدڕاڵ نەبێ ؟

## _ باسێک لەسەر فیدڕالیزم و ڕێفراندۆم _

و: وریا رەحمانی

**چارە چییە ئەگەر لە ئێراندا ڕێفراندۆمێک بەڕێوە بچێ و فیدڕاڵیزم بە پەسندی گشتی بکات؟**

ئەگەر وای دابنێین کە فیدڕاڵیزم

١) لە ئاستی وڵات و سەرتاسەریدا بە مانای دابەشکردنی دادپەروەرانەی ماف و ئەرکەکانی نێوان حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتی ئەیالەتی یە و، ....

٢) لە ئاستی ناوچەییدا بۆ وێنە بۆ کوردستان بە مانای دەستەبەر بوونی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی و بەدەست هێنانی مافی بەڕێوەبەریی سیاسی و ئابووری و بەتایبەت فەرهەنگی یە و، .....

٣) لە هەمان کاتیشدا بە واتای بەشداری کردن  لە حکوومەتی ناوەندیی فیدڕاڵیشە.

ئایا دانەمەزرانی سیستمێکی فیدڕاڵ ناتوانێ بە مانای

١) بەردەوامیی ناوەندییەت  و کەڵەکەبوونی ئیمکانات و ماف و دەسەڵات لە پانتایی سیاسەت، ئابووری ماف و یاسا، دادوەری، فەرهەنگ و .... لە «ناوەند»،

٢) بەشداری نەکردنی کوردستان (و نەتەوە «پەراوێزنشینەکان»ی دیکەی ئێران) لە حاکمییەتی خۆیاندا و

٣) دوورکردنەوەی ئەوان لە حاکمییەتی گشتیی وڵاتدا بێ.

کە وایە لە ئەگەری دەستەبەرنەبوونی فیدڕاڵیزم لە ئێران لە ئاکامی ڕێفراندۆمێکی گشتیدا دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە پێکهێنەری بارودۆخێکی هەڵاواردنی و قەیراناوی یە. ئەحزابی کوردستان کە ئامانجەکانیان لە دەستەبەربوونی ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا گونجاندوە، جارێکی دیکەش دەبیننەوە کە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە ئێراندا تەنانەت لە دۆخێکی «دێموکراتیک»ی ڕێفراندۆمیشدا دەستەبەر نابێ. ئەوان لە هەلومەرجێکی ئاوادا چ هەڵوێستێک دەگرن؟

ئەم نووسینە لێکدانەوە و شیمانەکانی کەسێکی نووسەرە لەم سیناریۆیە.

### یەک) ڕیفراندۆم و دێموکراسی

ئەوە کەم و زۆر هەمان سیناریۆیە کە کوردستان و بزووتنەوە دێموکراتیکەکانی دیکەی ئێران لە دوای شۆڕش ڕووبەڕوو بوونەوەی : ڕێژیمی تازە دامەزراوی ئێران دوای شۆڕشی ١٣٥٧ پشتیوانیی لانیکەم زۆربەی خەڵکی ئێرانی لەپشت بوو. (دایدەنێین ڕیفراندۆمی «کۆماری ئیسلامی : ئا یان نا» بەو دەرئەنجامە نەوەد و چەند دەرسەدییەش بە سوودی ڕێژیم تەواو نەبووبێ، کە چی بە بڕوای من ناکرێ لەوە دوودڵ بین کە ئاستی دەنگە ئەرێنییە پێدراوەکانیش کەمتر لە ٧٥ لە ١٠٠ نەبووە). بەڵام ئەم ڕێژیمە بەم حاڵە و لەوانەشە بە پاڵپشتی ئەم پشتوانییە بەرینەی کۆمەڵانی خەڵکەوە نەتەنیا داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانی دەستەبەر نەکرد، نەتەنیا بزووتنەوەیەکی دێموکراتیکی دیکەشی سەرکوت کرد، بەڵکوو چەرخی زەمانەشی لە زۆر بواری دیکەوە وەک سیستمی دادوەری، مافی ژنان، ئازادییە تاکە کەسییەکان و .... بەرەو پاش برد.

ئەو کاتیش ئەم پرسیارانە لە ئارادابوون : ئایا ئەم ڕیفراندۆمە بە حوکمی بەڕێوەچوونییەوە دێموکراتیک بوو؟ ئایا دەسکەوتەکەی دێموکراتیک (جەماوەری) بوو ؟ و ئایا هێزە کوردییەکان و هێزە دێموکراتیکەکانی دیکەی ئێران دەیانتوانی پشتی پێ ببەستن؟

وەڵامی هەمووی ئەم پرسیارانە لەمڕۆدا تەنانەت بۆ زۆربەی لایەنگرە گەشبینەکانی ئەوکاتی ڕێژیمیش ناتوانێ شتێک جیا لە «نا» بێ؛ ئەم ڕیفراندۆمە نە دێموکراتیک بوو، نە دەرئەنجامەکەی دێموکراتیک بوو، و نە هێزە دێموکراتیکەکانی کوردستان و ئێران دەیانتوانی بە ئامانجەکەی ڕازی بن و بچنە ژێر ئاڵای خومەینی و دەوڵەتە کاتییەکەیەوە.

ئەوە بۆ یەکەمجار نییە کە ڕێژیمێکی پۆپۆلیستی بە ئامرازی دێموکراتیک دێتە سەر کار و بە پشت بەستن پێیەوە لە جینایەتدا زۆر وەپێش ڕێژیمە هەڵنەبژێردراوەکەی پێش خۆیەوە دەکەوێ؛ هیتلێر بە زۆرینەی ڕێژەیی دەنگەکان لە سەرەتاوە پارلەمانی رایشی ئاڵمانی بەدەستەوە گرت، پاشان سووتاندی، ئینجا دژبەرانی سیاسیی کۆمۆنیست و سۆسیال دێموکراتەکانی کوشت، ئەوجار جوولەکەکانی قڕ کرد و دواجار شەڕێکی وێرانگەری بەسەر دنیادا سەپاند. ئەم ڕەوتە لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشەوە بەروونی دیارە. وێدەچێ ئەم ڕەوتە لە داهاتووشدا هەر درێژەی هەبێ و لەوانەیە چارەنووسی ئەم ڕێژیمەش وەک ئاڵمانی نازی بە شەڕ کۆتایی بێ. بنەمای هەردووکیان یەکێکە و چارەنووسیشیان هەر یەک دەبێ.

بەهەر حاڵ ئەم ڕێژیمە دەرئەنجامی شۆڕشێکی ناتەندروستی جەماوەریی بوو، و دەنگی ئەرێنیی تەواوی خەڵکیشی لە ڕێفراندۆمێکدا بە دەست هێنابوو. ئینجا دیتمان کە چ ئاژەڵێکی لێ دروست بوو. ئەم ئەزموونە نیشان دەدا کە زۆربەی نزیک بە تەواوی خەڵکی وڵاتێک دەتوانن هەڵەی گەورە بکەن، نیشان دەدا کە ئەگەر ڕێفراندۆم و هەڵبژاردنێک بە شێوەیەکی تەواو دێموکراتیکیش بەڕێوە بچێ، دەتوانێ دەرئەنجام و ئاکامێکی تەواو نادێموکراتیک و دواکەوتووانەی هەبێ. هەربۆیەش کوردستان و بزووتنەوەکانی دیکە و هێزە دێموکراتیکەکانی ئێرانی ناتوانن لە پێشەوە دەرئەنجامەکانی ڕێفراندۆمێکی لەم چەشنە قبووڵ بکەن؛ بەستێنسازی و پاشهاتەکانی هەر ڕێفراندۆم و هەڵبژاردنێک لە خودی هەڵبژاردن و ڕێفراندۆمەکە گرینگترە، و ئەو هەلومەرج و ئاکامانە لە ئێستاوە دیار نین.

بۆ وێنە : ئەوەی کە ئایا هەموو هێز و بۆچوونە جیاوازەکان ئیمکاناتی یەکسانیان بۆ نواندن و بانگەشەی خۆیان دەبێ، ئەوەی کە کەمینە باوەڕییە دۆڕاوەکان لە دوای ئەم کێبەرکێیەدا چیان بەسەر دێ، ئەوەی کە ئایا ئەو ئیمکانەیان دەبێ لانیکەم لە مافی کەمینەبوونیان بۆ خەباتی مەدەنی و بوون بە زۆرینە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا کەڵک وەرگرن یان نا، گرینگایەتییەکی زێدەی هەیە.

### دوو) ڕێفراندۆم لە کۆمەڵگەی چەند پێکهاتەییدا

ئەلفبای سیاسەت فێرمان دەکا و نموونەی باسکراوی سەرەوە نیشانی دا کە دێموکراسی لە هەڵبژاردن و ڕێفراندۆمدا، تەنانەت ئەگەر بە دێموکراتیکترین شێوەشەوە بەڕێوەبچێ، کورت نابێتەوە. یەکێک لە گرینگترین پێوەرەکانی دێموکراسی هەڵسوکەوت لەگەڵ کەمینەیە. لێرەدا مەبەست تەنیا کەمینەی باوەڕی نییە، بەڵکوو هاوکات کەمینەی نەتەوەیی، قەومی، ئایینی و مەزهەبی و ڕەگەزییش دەگرێتەوە. ڕاکێشان و تێکەڵ کردنی ئەم کەمینانە لە سیستمی سیاسیدا گەلێک گرینگتر لە ڕاکێشانی کەمینەی باوەڕییە، چۆن کەمینەی باوەڕی لە هەلومەرجی دێموکراتیکدا دەتوانێ ببێ بە زۆرینەی باوەڕی و دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ. کەچی جۆرەکانی دیکەی کەمینە هەمدیسان بەکەمینە دەمێننەوە و حاکمییەتی هەڵقوڵاوی هەڵبژاردن و ڕێفراندۆم بەمانای ڕێگەی گونجاوی بەشداریی ئەوان لە سیستمی سیاسیدا نییە. لەڕاستیدا کارکردن بە میکانیزمی زۆرینە _ کەمینە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە تێکەڵاوییەکی کەمینە جۆراوجۆرەکانە، بەمجۆرەی کە هەرنەتەوەیەک لە ناوچەی ژینگەی خۆیدا زۆرینەیە، بەڵام لە ئاستی گشتیدا کەمینەن، نادێموکراتیک و قەیران خوڵقێنە. هەربۆیەش فەلسەفەی سیاسی پێمان دەڵێ کە چییەتیی دێموکراسی لە وڵاتێکی چەند نەتەوەییدا لەگەڵ وڵاتێکی تاک نەتەوەیی دەبێ جیاواز بێ. لە وڵاتانی چەند نەتەوەییدا لە مکانیزمی دێموکراسیی فیدڕاتیڤی دانوستان و دابەشکردن نەک دایموکراسیی زۆرینە کەڵک وەردەگرێ. بەم پێیە تەنانەت سیستمی هەڵبژاردنیش ڕێژەییە نەک زۆرینەیی.

بەمجۆرەیە کە لە وڵاتێکی وەک ئاڵمان، سوئیس، بێلژیک و ....... تەنانەت حیزبە ٦ _ ٧ لە سەدییەکانیش نەتەنیا لە حاکمییەتی ئەیالەتی خۆیاندا بەڵکوو لە ئاستی سەرتاسەریشدا لە ڕێی پێکهاتن لەگەڵ ئەحزابی دیکە لە حکوومەتدا بەشداری دەکەن. کەچی قورسایی و کاریگەرییان گەلێک زیاتر لە ئاستی ٦ _ ٧ لە سەدییەکەیان دەبێ. ئەم میکانیزمە دەستەبەرکەری بەشداریی کەمینەکان لە پێکهاتەی وڵات دایە و پێگەی خانەخوێیەتیان پێ دەبەخشێ. شایانی باسە کە لە ئاڵماندا ئەحزابی بچووک زیاتر لە ئەحزابی گەورە لە حاکمییەتدا بوون، و ئەوە چییەتی سیستمی فیدڕاڵ و سیستمی هەڵبژاردنی دێموکراتیک و گشتگیری ئەم وڵاتەیە کە ئەم پێگە تایبەتییەی پێ بەخشیون. بەشداری دانی کەمینەی غەیری باوەڕی نابێ تەنیا لە کابینەی دەوڵەتدا، بەڵکوو پێویستە بە بەردەوامی و دوور لە ئاکامی هەر هەڵبژاردنێک لە هەموو دامودەزگاکانی حکوومەتیدا لەسەرەوە بۆ خوارەوە ڕەنگدانەوەی هەبێ. هەروەها پێویستە بە بەشداریی کەمینەی غەیری باوەڕی لە پێدانی مافی خودبەڕێوەبەریی سیاسی ناوچەکەی خۆشیدا ڕەنگ بداتەوە. هەر میکانیزمێکی جیا لەوە بە گوێرەی نیشتمانیی ئەوان لەوڵات و «ناوەند» دوور دەکاتەوە.

ئەوەی کە دەگوترێ «ئێمە هیچ زۆرینە و کەمینەیەک جیا لە زۆرینە و کەمینەی باوەڕی ناناسین» ئەگەر ئاگادارانەش نەبێ، خود نیشانەی تێنەگەیشتن لە میکانیزمی دێموکراسی لەم وڵاتەدایە کە کەمینەی غەیری باوەڕییان تێدایە. کەچی بۆ زۆر کەس ڕێگەیەکی دەرباز بوونە لە دان پێدانان لە جۆراوجۆریی ئەتنیک و ڕەنگدانەوەی گونجاو و سەلمێنراو لە سیستمی سیاسیدا، دەمامکێکە بۆ دێموکراتیک نیشاندانی دەنگی زۆرینەی غەیری باوەڕی. ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ دێموکراسیی زۆرینە و سیستمی هەڵبژاردنی زۆرینەدا گوترا، بۆ ڕێفراندۆمیش کە زۆربەی کات وەڵامدانەوە بە پرسیارێکی سادەیە، دەیخوا. بەومانایە کە ڕێفراندۆم لەم وڵاتانەدا کە نەتەوە و ڕەوتی سیاسیی جۆراوجۆری تێدایە دەتوانێ کێشە خوڵقێن بێ. نموونەیەکی سادە دێنینەوە : لە کۆمەڵگەیەکدا دوو گرووپی ئەلف و ب دەژین. گرووپی ئەلف ٦٥ لە سەد و ب ٣٥ لە سەدن.

بە درێژایی مێژوو ئەم گرووپە خوێندنەوەی جیاوازیان لە هەندێک بابەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، بۆ وێنە میکانیزمی دابەشکردنی بودجە یان دیاریکردنی زمانی ڕەسمی بووە. ئایا سەختە دەرئەنجامی ڕێفراندۆم لە کۆمەڵگەیەدا بە پێی دەنگی زۆرینە پێشبینی بکەین؟ بارودۆخی لەم چەشنەمان بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک بێلژیکدا هەیە.

### سێ) ڕێفراندۆم و کوردستان

بەڵام ئەگەر ڕێفراندۆمێک بەلەبەر چاوگرتنی ئەم تێبینیانە پێک هات، ئەرکی کوردستان ڕوونە کە چ هەڵوێستێکی دەبێ. هەروەها زۆر سەختە کە خەڵکی ئازەربایجان، خوزستان، بەلووچستان و تورکەمەن سەحرا جارێکی دیکە مل بۆ سیستمێک رابکێشن کە بڕیاری چۆنیەتیی ژیانی کۆمەڵایەتیان لە شار و ئۆستان و ناوچەکەیاندا، «ناوەند» بیدا، مل بۆ سیستمێک رادەکێشن کە پێش لە بەشداریی ئۆرگانێک و بەکۆمەڵ نەک تاکەکەسییان بگرێ، دەنگ بە سیستمێک بدەن کە خود بەڕێوەبەریی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، دادوەری و ئەمنییەتیشیان لێ دەستێنێتەوە، دەنگ بە سیستمێک بدەن کە بەشی زۆری ئیمکاناتی خۆشبژێوی، خوێندن، پزیشکی، زانستی، پێوەندی، گەشتیاری و سەرمایەگوزاریی لە «ناوەند» کۆکردبێتەوە و ٧٠ لە سەدی نەخۆشەکانی وڵات ناچار بن بۆ دەرمان، سەرەڕای تێچووی زۆر و دووریی ڕێی سەردانی تاران بکەن (ئاماری وەزیری تەندرووستیی خودی ڕێژیم). بۆ وایە؟ چون بە هۆی ناوەندییەتەوە ٧٠ لە سەدی ئیمکاناتی پزیشکی و نەخۆشخانەیی وڵات لە تارانە و ٣٠ لە سەد بە هەمووی چەند سەد شار و ٣٠ ئۆستانی دیکەی وڵات. ئەگەر ئیمکاناتی کۆکراوە لە چەند ئۆستانی ناوەندی دیکەشی لێ کەم کەینەوە ئەوجار دەزانێ بەشی ٢٤ _ ٢٥ ئۆستانەکەی چەندی دیکەی لێ دەمێنێتەوە. کاتێک کە سەیرێکی ئاستی خوێندەواریی وڵات دەکەین ئیتر ئەوپەڕی بێدادە کە ڕوون دەبێتەوە : پلەی یەکەم تاران، دووهەم سمنان، سێیەم ئیسفەهان، چوارەم فارس، ..... پلەی بیست و هەشتەم ئۆستانی کوردستان، بیست و نۆیەم ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، سییەم سیستان و بەلوچستان (ویکیپیدیا : ئێران). بەڵێ، دژوارە کە خەڵکی ئەو ناوچانە سیستمێک هەڵبژێرن کە ئەم هەمرو بێدارییەی بەدواوە بێ.

بەڵام ئەگەر بەدەر لە ئیرادەی مندا ڕێفراندۆمێک بەڕێوە چوو، و ئاکامەکەشی بەسوودی جێگیربوویی فیدرالیزم تەواو نەبوو، چارەی کوردستان چیی دەبێ؟

کوردستان ناتوانێ ئیرادەی خۆی بەسەر نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا بسەپێنێ، لەهەمان کاتدا ملکەچی ئیرادەی هیچ هێزێکیش نابێ. ئەوە بەو مانایە کە بەدوور لەوەی کە ئاکامی ڕێفراندۆمی سەرەتایی ئێران چیی لێ دێتەوە، لەسەر داواکاری خودبەڕێوەبەریی سیاسی لە جۆری خودموختاریدا پێداگیری دەکا. هەربۆیەش هەوڵ دەدرێ ڕێگەچارەیەکی بەینابەینی بۆ دەستەبەربوونی خودموختاریی کوردستان بدۆزێتەوە. خودموختاری تایبەتی وڵاتانی فیدڕاڵ نییە و کەم نین ئەم وڵاتانەی کە ناوەندگەراشن بەڵام ناوچەی خودموختاریان هەیە. {هەڵبەت تێگەیشتنێکی هەڵە لە نێو سیاسیانی کورد دا هەیە کە خودموختاری ئاستێکی نزمتری لە فیدڕاڵیزم هەیە. وانییە. ئاستی دەسەڵاتداریەتی و ئیختیارات لە حکوومەتێکی خودموختاردا دەتوانێ کەڵکی زیاتر لە حکوومەتێکی ئەیالەتی لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدڕاڵ دابێ. بۆ وێنە پێگەی حکوومەتی خودموختاری «باسک» لە ئیسپانیای ناوەندگەرادا گەلێک لە پێگەی گەلێک لە پێگەی ئەیالەتەکانی ئۆتریشی فیدڕاڵ بەرزترە.

جیاوازیی خودموختاری و فیدڕالیزم لەوەدانییە کە یەکەمیان کەم و دووهەمیان زۆرە، بەڵکوو تەنیا لەوەدایە کە خودموختاری تەنیا لە ناوچەیەکی وڵاتی ناوەندگەرادا واتا پەیدا دەکا کەچی فیدڕالیزم کۆمەڵە ئەیالەتێکی خودموختار لە وڵاتێکی غەیری ناوەند گەرایە}.

ئەگەر ئەوەش جێبەجێ نەبوو، هەوڵ دەدرێ لە ڕێی سیاسی و مەدەنییەوە خەڵکی ئێران و هێزە دێموکراتیکەکانی وڵات و بەتایبەت خەڵکی ئەو ئۆستانەی لە شوێنە سنوورییەکاندا دەژین، بەم باوەڕە بگەن کە بە سوودی هەموو ئێرانە کە وڵات فیدڕالیزە بێ. کەوایە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی حیزبە کوردستانییەکان پێوەندیی بە فاکتۆرەکانی دیکەی دێموکراسییەوە وەک ئازادیی بەیان، ئازادیی ئەحزاب، ئازادیی کۆبوونەوەکان، پەروەردەی زمانی زگماکی و هتدەوە لە سیستمی تازە دامەزراوی ئێراندا دەبێ. ئەگەر ئەم ماف و ئازادییانە بە ڕاستی لە گۆڕێدا هەبن بۆ پەرەپێدان و بانگەشەی سیستمی فیدڕال کەڵکیان لێ وەردەگیرێ (وەک ئەوەی کە هەر سۆسیالیستێک لە هەموو ئەو ئامرازانەی کاپیتالیزم لەبەر دەستیدا داناوە بۆ بانگەشە و بڵاو کردنەوەی ئەندیشەکانی کە جێگیرکردنی سوسیالیزمە کەڵک وەردەگرێ).

بەڵام ئەگەر ڕەوتی ڕووداوەکان، جێگیربوونی هێز و هەڵسوکەوتی هێزە باڵادەستەکان لە وڵاتدا بە جۆرێک بوو کە نە جێگیر بوونی فیدڕالیزمی لێ بکەوێتەوە و نەدەروویەکیش بۆ خودموختاری بەدی بکرێ، مەبەست لە بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم، ئەمجارەیان لە کوردستان، بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی خەڵک لەم بارەیەوە کە ئایا حازرن لەوەها هەلومەرجێکدا لە ئێراندا بمێننەوە یان دەیانەوێ سەربەخۆ بن ئەگەر ئەم ئامرازە مەدەنییە وەرگرێتەوە و ڕێگە سیاسییە گونجاوەکانی سەرەوەش ببەسرێن، ئیتر ئەمە نیشاندەری ئەو ڕاستەقینە تاڵەیە کە دەروون و بنەمای ڕێژیمی دەسەڵاتدار، تەنانەت ئەگەر بە دێموکراتیکانەترین شێوازیشەوە هاتبێتە سەرکار، نادێموکراتیک و بەتایبەت دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و ئەوەش هۆکاری خەباتێکی دژخوازانەیە. ئەمجارەیان درووشمی ئەحزابی کوردستانی نەک ڕووخانی ڕێژیم و جێگیربوونی فیدڕاڵیزم یان خودموختاری، بەڵکوو سەربەخۆیی دەبێ. چون ئیتر فیدڕاڵیزم و خودموختاری و بەگشتی چارەسەری کێسەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا واتای خۆی بە بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمدا نەماوەتەوە.

من زۆر بە دووری دەزانم کە ئازەربایجان، بەلووچستان، خوزستان، تورکەمەن سەحرا و تەنانەت ئۆستانەکانی باکووری و خۆراسان و هەروەها گەل و ئەیالەتەکانی باشوور و ناوەندیی وڵاتیش مل بۆ وەها دەرئەنجام و وەها ڕێفراندۆمێک رابکێشن. هەموو ئەو ناوچانە قوربانی ناوەندگەرایی سیاسی _ ئابووری _ فەرهەنگی لە وڵاتدا بوون.

هەربۆیەش لە دەروونەدا و لەوانەیە بە کردەوەش لەگەڵ کوردستان بکەن. هەروەها هێزە دێموکراتە ڕاستەقینەکانی وڵاتیش هەرگیز نەبوون کە لە دژی هەڵاواردنی ئەو ناوچانە بێدەنگ بووبن و خۆیان لە تەنیشت ناوچە گەلێکی چەوساوەی وەک کوردستان و بەلوچستاندا نەدۆزێتەوە. ئەگەر پشتیوانیی ئەوانیش زۆرە.

بێ گومان سەبارەت بەهەر دیاردەیەک کە پێوەندیی بە چارەنووسی هەموو ئێرانەوە هەبێ، پێویستە نەک دانوستانی نوێنەرانی خەڵک، بەڵکووڕاستەخۆیانە دەنگی خەڵک لەبەرچاو بگیرێ. بەڵام ئەوانەی کە بۆ جێگیر کردنی فیدڕاڵیزم ئادرەسی ڕێفراندۆم دەدەن، دەبێ بزانن کە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باس کران لەوانەیە ئاکامی پێچەوانەی لەمەڕ یەکیەتیی ئێراندا هەبێ. پێشنیاری من ئەوەیە کە هێزە دێموکراتیک و بەرپرسیارەکانی وڵات هەر لە ئێستاوە بە بێ پێشداوەری قسەی لەسەر بکەن تا بە گەڵاڵەیەکی هاوبەش دەگەن. ئەم بابەتە کارناسی و لێکۆڵینەوەی دەوێ نەک ڕێفراندۆم.

بەڵام ڕێفراندۆم سەبارەت بە چارەنووسی کوردستان تەنیا لە کوردستان تەنیا لە کوردستاندا بەڕێوە دەچێ. تەنیا ئەوانەی کە لە ئاکامی دەنگی خەڵکی کوردستان نیگەرانن، دەڵێن کە دەبێ هەموو خەڵکی ئێران تێیدا بەشدار بن. داخوازیی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم لە هەموو ئێراندا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان یەکجار گاڵتەجاڕانەیە. بەهەر حاڵ ئەگەر لە وەها هەلومەرجێکدا کەوتین، بە پێوەر بۆچوونە نێونەتەوەییەکان کار دەکرێ.

تا جێیەک کە بۆ حیزبە ناسراوە کوردستانییەکان دەگەڕێتەوە، دەبێ هەموو هەوڵی خۆیان بدەن کە لە چوارچێوەی ئێراندا بە ئامانجەکانیان بگەن. بەڵام ئەگەر بەدەر لە ئیرادەی ئەوان هێزە دواکەوتووەکان ـ مەزهەبی یان ناسیۆنالیستی ـ ڕکێفی سیاسەتی ئێرانیان بەدەستەوە گرت و ڕێگەیەکی جێگیربوونی دیموکراسییەکی ڕاستەقینەیان بەست و ئامرازە مەدەنی و سیاسییەکانی ئەحزابی کوردستانیان لێ ئەستاندنەوە، بە ناچار ڕێگەگەیکی دیکە تاقی دەکرێتەوە کە ڕەنگدانەوەی خواستی حەقیقەتی هێزە کوردستانییەکان نییە و ڕێی ناچارییە. ئەم ڕێگە و بژاردەیەش بە سوودی هێشتنەوەی یەکپارچەیی ئێران نابێ. بەرپرسایەتییەکەشی لە ئەستۆی ئەوانەدا دەبێ کە ئیمکانی ژیانی هاوبەش لە ئێرانێکی دیموکراتیکدا ناهێڵنەوە.

ئەوەی باس کرا، تەنیا لێکدانەوەیەکی شەخسییە لە بەشێک لە ئاڵۆزییەکانی ئێران لە پانتاییەکی دیاریکراو دا. زاڵبوون بەسەر ئەم ئاڵۆزییانەدا پێویستیی بە هەوڵی هاوبەشی هەموانە. وەرن با ئێران بکەین بەماڵی ئازادی و ئاسایش و حەسانەوەی گشت ئێرانییەکان.




**ڕێفراندۆم سەبارەت بە چارەنووسی کوردستان تەنیا لە کوردستان تەنیا لە کوردستاندا بەڕێوە دەچێ. تەنیا ئەوانەی کە لە ئاکامی دەنگی خەڵکی کوردستان نیگەرانن، دەڵێن کە دەبێ هەموو خەڵکی ئێران تێیدا بەشدار بن. داخوازیی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم لە هەموو ئێراندا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان یەکجار گاڵتەجاڕانەیە**

# (گیانتان بەخشی نەبەزینتان کردەپەرچەمی ڕێگاتان ...)



سوارە قەڵادزێیی

( ١ )

ڕێگا دوورو ..... پڕ ئەستەم و ....
هەڵدێر ..... هەڵدێر ....
هەستانەوە و...ساتمە و ڕەتەل
نەبەزین ...بوو ......:
ترس ...سنووری ...سە نگەری جێهێشتبوو...
تۆ....:
خۆرسک ..عاشێک ...بووی ..
بێ هە دا دان .....
سەوڵی گەمیەی مەرگ ..و ژیانت
دەئاژووا ....
شەو بە درێژی تەمەنی خۆی
دەخرایە سەر پشتی شەبەق ...
( کات )
مەلێکی هەلۆ ئاسا
وەک تۆ ...ئۆقرەی
سەر هیچ لوتکەیەک... نەدەگرت
دەستت نابووە بەر کەمەری چەکی شانت
بە هەورازو هەڵەموتدا سەر دەکەوتی
تۆ.. سۆزێکی عاشقانەت
لەهەگبەکەتدا ...پێچابوو ...:
جانتایەکی ..پڕ لەوانەت ...نابووە
ژێر باڵی ڕاستتەوە ....:
بە بەردە بازی دەم چۆم و هەورازی کوڕ..:
سەردەکەوتی .....:
وەک پڵنگێکی تامەزرۆ ...چنگت لە دڵی ..هەوری ڕەشدا
گیر کردبوو ...
تینووی نیگای ڕووناکی بوویت .
وەک ...پڵنگێکی تامەزرۆ ....بە دوای ....
پرچی سەر بەستیدا دەگەڕای ...:
(٢)
تۆ.....دەتزانی
ڕیگا دووره و پڕ زیەڵێن ...
چاوی شەوە زەنگ ..لێڵوپێڵ ....
هەدا دانت نەدەناسی....
چیای سەرکەش لەژێر پێتدا
پشتێکی کوڕ....بۆت چەمابوو...
بە بستووی باریک و سەختا ....
وەکو ئاسک هە ڵدەزنای ....
نامەیەکی قەبزە نوشتە ی
بە خوێنی قاسملوو... نووسراو ...؛

لەگەڵ...ئاڵای ...ڕەنگاڵەیی
بە دە ستی ...پێشە وا ....چندراو ....؛
ئەمیانت لە هە گبە کە تدا هە ڵگر تبوو ....:
ئەویانت بە سە ر لوولەی چە کی شان ...و
مێزەرەکەی سەر سەرتەوە .....:بەردەوا م کەروێشکەی دەکرد..:
ئەم ئاڵایە چرای پڕنەوتی ویژدان و
کفنی ...سووری دوا هەناسەی تەمەنت بوو......:
(٣)
لەم جەنجاڵی .... شۆڕشەتدا ...
دروشمی ... «نەسرەوتن ... تا سەرکەوتنت»
سروود و وێردی دەم نوێژی ....
بەیانیان و زەردە پەڕ بوو ....
«بە گوێی کەژا .... دەیچریکا ند .......
بەناو قوڵایی مێژوتدا .... ڕەتدەبوو ....»
ئامێزی ڕۆحی لە بەژنی
قامیشلۆ .... دا .... ئاڵاند بوو ....
لەگەڵ زەماوەندی ئامەد .... نرکەی دەرسیم ئاگریداغ ... .
شنەی بەیانیانی سلێمانی – بادیناندا
... ڕەشبەڵەکی .... بێ ماندوو بوون ...
گەرمتر لە گڕی تەنوور .... سازکردبوو....
(٤)

بۆ تۆی لوتکە ....
بیست وەرزە ساڵە (تەرەغە ) .....
بەرگی ڕەشی ماتەمینی دوای کۆچەکەی .... تۆی... پۆشیوە ..؟.
زەردەخەنە لە سەر لێوی دارەبەن و ...
هەڵز و بیزا دا نابینێ ...
باغی میکائیل .. ئارد بەبا .. پردی سوورو
تاقە داری ...بەرماڵان .
تا دارێنەی ((شەریفزادە )) و ...
بەر هەیوانی بە خوێن سووری ((موعینیەکان ))
گۆڕستانی مەلا جامی و بوداغ سوڵتان ...:
گەرمیان و .... گڵکۆی یەک بەیەکی (سەیوان )
سیمای تۆیان لەبەر چاوە .....
زامی برینت هێند بەسۆیە ....
لە ویژدانی هیچ کوردێکدا ....
خوێنی گەشت تاکو ئێستا ....
تەڕو برە .... قەتماغەکەی نەهێناوە ....

(٥)
بۆ تۆی لوتکە....:
ناوت وەک هەر ئەنفالکراوێ سروودی گەرمی سە ردەمە...
لەتۆمارگای شەهیداندا ....
وەک بەستە و چەکی سەر شانت
شەتەکدراوە

بەرایەڵی هەستی ....:
عاشقانی ڕێگاتەوە ....؛
.....؟؟...تۆ.....
پەیڕەوی کەم ژیان و کەڵ ژیانت
وەک پێشەوا کردە پێشنوێژی ڕێبازت ...؟؟تەمەنت بە خشی بۆ ناوت
سەروەریت کردە نیشان و تاجی سەری پێبڕاوت ...:
(٦)
بۆ تۆی لوتکە.....
بۆ یادی کۆچی بیست ساڵەی
ڕاخو شانت وەک ئەستێرە ...
چرایەکی پڕ لە گڕو تریفەو زیندویت ...:
بۆ ئەم یادە چەپکە گوڵێکی سوورم بەست :
تا لە ژێر هەر پنچکێکی...
سەر بە هەشی بزنە ڕێی ...شاخ ....:هە ر تاشە بەردێکی زەڵێ
پێدە شتە خوێناویەکەی سێوسێنان و
هەناسەی قولی .. قەندیل و ...ئاگری داخ
تا لە ژێر پێی ...
هەر لاوێکی سەر سێدارەی گرتوخانەی (ئەڤین) ...؟
قزلقەلعە ...گۆڕی بە کۆمەڵی (شرناخ )...؟
زەردە خەنەی دوا هەناسەی
ئەو دایک و کچانەی کرانە...
پێخوستی ئۆردوی ئایەتە ڕەشەکەی (ئە نفال )...؟؟
قڕیانکردن ...هەڵپڕوکێندران ...؟؟؟
زۆر لە سەرخۆ
.........سەر دەخەمە بەر پێی گۆڕی .. هەر نەمرێ...؟
چۆک دادەدەم
..................لە هەر شارێ ....
دەستی ستەمی داگیر کەر ,.....
زوخاوی مەرگی بە سەر دا باراند بێ
هەربنبەرد و تاتە شاخێ
بە خوێنی پێشمەرگەیەکی
کورد ئاو درابێ...؟؟چڵە نێرگزێ
بڕوێنم ...؟؟
.......بۆ لەمەودوا...هەموو ساڵێ....:
کە خەوی شاعیرا نە ی (کورد) ...بوو بە...(ئالا)
لە سەر دوندی ...هەرچوار پارچەی لێکدا بڕاو
............دا چەقێندرا ...
وەک نەریتی ...(نەورۆزانە )...
...............بۆ هەر دکتۆر ... سە عید یکی سەری بەخشی ....
بە کوردستان ::؟؟
...............دار ئەرخەوانێک ......بچێنم ......:؟؟

٢٠١٢/٩/١٥

# کۆمەڵە مرۆڤەکەی شەوی کارەسات!



هەڤاڵ ئەحمەدی

شەو زرینگابۆوە، مانگ وەک بەلەمێکی چەقیو بە نێوڕاستی ئاسمانی ساماڵەوە چەقی بەستبوو. شەوێکی زۆر گەرم بوو هەر دتگوت مانگێش وەک خۆر تینی گەرمایی دەبەخشێتە زەوی.

لە ناو دۆلێکی تەنگەبەری هەر چواردوەر بە دارستان دا پوشکراو دا تەنانەت سریوەی باش نەدەهات، تەنیا دەنگ دەنگی خوڕەی ئەوچورە ئاوە گەرمە بووکە دەتگوت ژەکە کە بەجۆگەلە ئاوێکی باریک دا کە وەک لە گیانەڵەدا بێ تێدەپەڕی. جار جاریش خشەی گەڵا دارەکان کە ریبوارەکان خۆیان تێدەدەسون تیکەڵ بە دەنگی پیی ریبوارەکان دەبوو کە لە سەر بەردە خر و لووسەکانی قەراغ ئاوەکە کە زۆرتر وەک پشتی کیسەل دە چوون هێندی جاریش دەبوونە هوی تێ کەوتنی ڕێبوارەکان لەو ئاوە گەرمە.

ریبوارەکان کومەڵیک مرۆڤی ڕەنگ گەنمی و جل و بەرگ گەنمی بوون کە بۆ هێنانی چنگێک گەنم بۆ سەر سفرەی هەژارەکان ساڵانێکی دوورو درێژ بوو بە ریووە بوون. جار جار بە سەر قۆڵی کراسەکانیان ئارەقی ناو چاونیان دەسڕی و چاویان بڕیبووە کۆتایی ئەو دوڵە دوورودرێـژە. پاش ڕێگا پێوانێکی زۆر گەیشتنە کوتایی دوڵەکە و تولە ریێەکی باریکان گرتەبەر و خۆیان خەستە سەر پشتی ئەو هەورازەی بەرەو ئاسو هەڵدەکشا. ئەوان را هاتبوون بە هەنگاوە پتەوەکانیان دەشت بە چیا و چیا بە دشتەوە بدورن ، هەر بۆیە ئەو جارەشیان وردە وردە سەر پشتی هەورازەکەیان جێ هێشت و گەیشتە ملەیەک کە ئاودیو دەبووە بۆ ئەو دیوی چیا .

لە کوتایی هەورازەکە دارستان خۆی لە تەنکە دەدا و جێگایی خۆی دەدا بە دارە بەڵاڵۆکە کێویەکان و گوێنی و دەونە تۆزاویەکان. ئا لێرەدا دارستان کۆتایی پی دەهات. کۆمەڵە مروڤەکەی چیروکی ئێمە بۆ ئەوی پشوویەک بدەن هەر کەسەی لە بن دەوەنێک دانیشت و سەیری ئەو دوڵە قووڵەیان دەکرد کە لەوێڕا هاتبوون. شەو زرینگایەوە ئەستیری کاروان کوژە هەڵات وشنەی شەماڵ لە سەر خۆ هەڵی کرد و جار لە گەڵ جار بە هێزتر دەبوو خۆی دەکرد بە بن گوێنی و دەونەکان دا، وەک مامۆستایەکی باشی موزیکژەن دەیان ئاوازی لە دووتوێی لاسکەکانی دەونەکان دەردێنا و دەیکردە لایەلایەی خۆش بۆ پەلەوەرە خەوتووەکانی ئەو دەڤەرە.

پاش وچانێکی کورت و تەر کردنەوی قورگی وشک هەڵاتوویان بە ئاوی مەتارەکانی هەڵواسراو بە فانوسقەکەیانەوە. خۆیان تەکاندو لە دوومڵانەکە ئاودیو بوونەوە بۆ دولێکی تاریکی پڕ دارستانیکی دیکە، بۆ بوومەلێڵەی بەیانی گەیشتنە نێو بێشەلانێکی وشکی پر لە چرپی و نایلۆن وقوتووو تەنەکەی بەتاڵ کە پاش ماوەی سێڵاوی بەهاری بوون. دووکەسیان وەک پاسەوان چاوەکانیان وەک هەڵۆی دوندی چیا هەر وا بە گشاویی مایەوە و ئەوانی دیکە هیێندە شەکەت بوون وەک ئەوی تۆکی قویان بۆ راخرابێ لە سەر دارو بەردو نایلۆن تەنکەو قووتولکەکان چونە خەوێکی خۆشەوە.

بۆ بەیانی ڕۆژ زۆر بە پەلە خێرا خۆی گەیاندە نێوراستی ئاسمان وەک ئەوی قاسیدی هەواڵێک بێ لەنگەری گرت. گەرمای لە ڕادە بەدەری خۆر کۆمەڵە مرۆڤەکەی لە خەو هەستاند وەک عادەتی ڕۆژانی پێشوو لە دەوری یەک کۆ بوونەوە تا مەتارەکانیان لە سەر کوچکەئاورێک دانێن و چایەک ساز کەن، هێندێکیان پێڵاوەکانیان دانابوو سەیری بلۆقەکانی ژیر پێیان دەکرد کە وەک یاقوت بە بەری پێیانەوە ریچکەیان بەستبوو.

لە نەکاو هەواڵێکی دڵتەزێن لە نێو دارستانەکە دا بڵاو بۆوە. ئاخ و داخی کۆمەڵە مرۆڤەکەی ئێمە باڵندەکانی سەر دارەکانی هەڵفراند. هەموویان بە گوێی خۆیان گوێیان لێ بوو کە دیسان مامۆستایەکی دیکە، دیسان رێبەرێکی دیکەیان هەر لەغوربەت وهەمیسان دەستی تاوانی گەیشتۆتێ و شەهید بووە. ئەو جاریش ئەوە برینە گەورەکەی پوشپەری ٣ ساڵ بەر لە ئێستا بوو کە تازە ببۆوە کە تاکە ڕێگایی ساریژ بوونەوی پێوانی ڕێگایان بوو. سوێندی وەفا داریان بە خوارد و بە نێو دوڵە دارستاناویەکەدا تێ هەڵ بوونەوە بۆ سەر گردی هیوا و لەوێشە وە شۆڕ بوونەوە بۆ نێو دۆڵی ڕێپێوان و چوونەوە نێو خەڵکی هەژار و بەڵێنی بەردەوام بوونی شورشیان پێ دان .

تی بینی:

کۆمەڵە مرۆڤەکە ١٣ پێشمەرگەی هێزی بەیان بوون کە شەوی شەهید بوونی د. شەرفکەندی لە مەئموورتێک دەگەڕانەوە لای هێز و کومیتەی شارستانی بۆکان. دۆڵەکەش دوڵی مەلا حەسەنە لە ناوچەی بانە، هەورازەکەش ٧٥ پێچە لە پشت مالی «بایز» و کەندە شینە دوومڵانەکەش دوومڵانی چیای گاکڕە و دۆڵی دوایش دوڵی میوە کاژاوە ، بێشەڵانەکەش دۆڵی شەهابەدینە لە چۆمانی بانە .



هەڵە چێنی

## خوێدن لە خزمەت پشیلەدا



مستەفا شێخە

جارێکی دیکە مانگی ڕەزبەر گەڕیاوە و لای ئەو منداڵانەی یەکەم ڕۆژی یەکەم ساڵی خوێندنیانە، ئەزموونێکی تازە دەستی پێکرد. لە ساڵانی داهاتوودا ئەگەر ئەوانیش وەک ئێمە تەمەنیان بێت، بەردەوام یەکەم ناسینی پشیلەکە دەبێتە بەشێکی گرینگی بیرەوەریان و هەمووساڵێک لایان نوێ دەبێتەوە. ئەوانیش وەک خۆمان هەست دەکەن هەتا هەتایە خزمەتکردنی پشیلە جوانەکە، بێئەملاو ئەولا ئەرکی سەرشانیانە. مەبەستم لە کتێبەکە کتێبی کتێبان، یان خاستر بێژم، شای کتێبان و دایکی هەموو ئەو کتێبانەیە لە مەودای چەندین ساڵەی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکانی سەرپشت و نێوسک و سەرسینگ و بن کلکی پشیلەکەدا دەخوێندرێن.

هەوڵ دەدەم هەتا کۆتایی ئەم چەند دێڕە، بتوانم ئەم پشیلە نازدارە زیاتر بناسێنم و دیارە کتێبەکەش، کتێبی فارسییە و چونکە زمانی فارسی زمانێکە لە چاو زمانان شەکەرە و دواتر زانستەکانی کۆمەڵناسی، زیندەوەرناسی، بیرکاری، جوغڕافیا، مێژوو، هونەر و هەموو شتێکی پێ دەخوێندرێت.

پشیلە لەم کتێبەدا دەوری سەرەکی دەگێڕێت. لە سەرەتای کتێبە شیرینە فارسیەکەی پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا، پلکە «ئازیتا» و دادە «ئەفسوون» و «پونە« خانم کە لەم دواییانەدا ناوەکانیان بووەتە «روقییە« و «زەینەب» و «فاتیمە«، ناوێرن جلەکانی خۆیان و حاج ئاغا و کەس وکاری حاج ئاغا بۆ وشک بوونەوە بدەنە بەر خۆرەتاوەکە، پشیلە خوێنشیرینەکە بە چڕنووک دایاندەگژێتێ و سەرەداوی تان و پۆیان دەبینێتەوە و بەدوای خۆیدا ئەوەندە رایاندەکێشێت هەتا جلەکە لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە.( لێرە لەناو کەوانەدا، لای خۆتان وای دابنێن ماڵی حاجی ئاغا، تەنیا مەندیل و عەباکە لەناو جلشۆرە کارەباییە ئۆتوماتیکەکەیاندا دەشۆن. دوابەدوای من ئەم کەوانەیە دابخەن و دوو رستەی ئەمدیو ئەودیوی ئەم کەوانەیە لە یەکتری گرێ بدەنەوە.) پشیلەکە، گلۆڵە و کەلافی روقییە و زەینەب و فاتمیلێی ئێستا و ئازیتا و ئەفسوون و پونەی سی وچەند ساڵ لەمەوبەر ئەوەندە ئاڵۆز دەکات، بە گەلی گوندیان و جیرانانیش هەڵنەوێژندرێتەوە.

بە کورتی ئەم پشیلە خوێنشیرینە ئەوەندە گەمە بەم قوماش و داوانە دەکات و ئەوەندە خوێنی خۆی شیرین دەکات، منداڵان بە کچ و بە کوڕەوە، بە کورد و بە فارسەوە، بە بەلووچ و بە تورکەمەنەوە، بە ئازەری و بە عەرەبەوە، بە تاتی و بە تالشییەوە، هەموویان هەتا ئاخری کتێبەکە هیچ، هەتا خۆڵەبانی چاویشیان دەکرێت، گەمەی ئەم پشیلە جوانەیان لە بیر ناچێتەوە.

ئەم پشیلەیە ئەوەندە خوێنشیرینە، هەر کەسێک سێ پیت و دوو دێڕی بە زمانی شیرینی فارسی خوێندبێت و چاوی بە کتێبی پۆلی یەکی سەرەتایی کەوتبێ، گەمە خۆش و سەرنجڕاکێشەکانی لە یاد ناچێتەوە. جا ئەو کەسە چ ژن بێت و چ پیاو، چ پیر بێت و چ لاو، چ نەتەوەخواز بێت و چ ئایینی، چ ئیسلاحتەڵەب بێت و چ کۆنەپارێز، چ سەڵتەنەتخواز بێت و چ کۆماری، چ چەپ بێت و چ راست، چ خوازیاری سەروەریی خاکی ئێران بێت و چ ج ی ا وا... . وەی ئەوەیان نا، کەمێکی مابوو دڵی پشیلەکە برەنجێنم!

جا منداڵانی خوێنشیرین و ژیکەڵە، بە ئەم زمانە شەکەرە دەخوێنن و دەخوێنن و دەخوێنن، هەتا لە کۆتایی ساڵی خوێندندا دەگەنە ئاخری کتێبەکە و لەوێدا بەسەر پشیلەیەکی گەورەی گەورەدا دەکەون. پشیلە گەورەکە، لە سەر چینچکان پشت بە رۆژهەڵات و روو بەرۆژئاوا هەڵتووتەکاوە. هەرکەس بیرەنجێنێت چڕنووکێکی لێ دادەگرێت. هەموومان سوێند بەسەری ممبارەکی دەخۆین و بەدرێژایی رۆژ و ساڵ و سەدە، بە کورد و بەلووچ و فارس و عەرەب و تورکەمەن و ئازەرییەوە شانە بەدەست شانەی دەکەین و هەموومان دەڵێین خۆشمان دەوێت.

لەم دواییانەدا کە هەستی ئاژەڵ دۆستی بەهێز بووە و چەندین ڕێکخراوی بەرگری لە ئاژەڵان دامەزراون و وردەوردە خەباتی مەدەنی و بزاوەکانی پاراستنی ژینگە و مینگە و ئاژەڵ و ماژەڵ خەریکن جێگەی بزاوە سیاسی و نەتەوەییەکان دەگرنەوە و رووناکبیرانی سەردەمی زێڕینی بەرابەری و یەکسانی بە ریشی نەتەوەپەرستە ناسیۆنالیستەکان پێدەکەنن، پشیلەکە ئەوەندەی دیکە جێگەی ڕێزە، بۆیە بەزمانی فارسی کە دایکی زمانانەکانە، دەڵێین:

گربەی ما نازنازی
با ما میکند بازی
گربەی ما قشنگ است
سبزو طلایی رنگ است
هەمیشە در کمین است
میگوییم برترین است

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 592 22 sept 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268
تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# ئاوا بوونی ئەستێرەیەک

## (یادیک لە هاوڕیی نەمر عوسمان رەحیمی)

قادر وریا

دوانیوەرۆی سێ شەممە ۲۰ی خەرمانان(۱۱ی‌سێپتامبری۲۰۰۷) کاک عوسمان رەحیمی ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسی و تێکۆشەری دێرین و ناسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هۆی سەکتەی مێشک کۆچی دوایی کرد.

کاک عوسمان رەحیمی، کوڕی حەمە ساڵە، ساڵی ۱۳۳۵ ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی خەباتگێڕو نیشتمانپەروەر دا لە شاری بانە لە دایک بوو. باوکی کاک عوسمان یەک لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان بوو و هەتا دوا ساتی ژیانی بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان وەفادار مایەوە. برایەکی کاک عوسمانیش بە ناوی عومەری رەحیمی کە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو، ساڵی ۱۳۶۲ لە کاتی تۆبارانی کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە گیانی لەدەست دا. عوسمان رەحیمی خوێندکاری ساڵی پێنجی دام پزیشکیی زانکۆی تاران بوو کە شۆرشی گەلانی ئێران بە دژی رێژیمی پاشایەتی سەرانسەری وڵاتی داگرت. بە هۆی رابردووی سیاسیی بنەماڵەکەی‌و تێکەڵاوی لە گەڵ کۆڕو کۆمەڵە خوێندکاری‌و خەباتگێرەکان، وەک خوێندکارێکی شۆرشگێڕو ئاگای کورد، رۆڵێکی چالاکی لەرێکخستنی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ۱۳۵۷ی شاری بانە دا گرتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵەش بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و لەو کاتەوە تا کاتی کۆچی بێوەخت و لە ناکاوی هەموو توانای خۆی بۆ خزمەتی حیزبەکەی و بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کرد.

ئاگایی بەرزی سیاسی، خەڵکدۆستی، خاکەڕایی، ماندوویی نەناسی‌و ئامادەیی بۆ بەرێوە بردنی ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبی، زۆر زوو عوسمان رەحیمیی کرد بە سیمایەکی ناسراو و خۆشەویستی حیزبی دێموکرات لە شارستانی بانە. هەر بۆیە بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری سیاسی، تەشکیلاتی و ئامووزشیی لە ئاستی کۆمیتەی شارستان و هەیئەتی ئیجرایی دا پێ سپێردرا. کاک عوسمان لە ئاکامی نیشاندانی لێوەشاوەیی لە خۆی و سەرکەوتنی لە ئەرکە پێ سپێردراوەکانی دا، لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو بەرپرسایەتیی کۆمیتە شارستانی بانەی پێ سپێردرا.

هاوڕێی بە نرخ عوسمان رەحیمی لە ماوەی نزیک بە ۳۰ ساڵ تێکۆشانی شێلگیرانە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، هەموو کات یەک لە بەرێوەبەران‌و بەرپرسە بەتوانا و بە خزمەتەکانی حیزبەکەی بووو، بۆ ماوەی زیاتر لە ۲۰ ساڵ لە کادری رێبەریی حیزب دا، بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری گرتە ئەستۆ. ئەگەر لە هەلومەرجی دژواری خەباتی پارتیزانی دا، بەرپرسێکی فیداکار، مودیرێکی سەرکەوتوو، سیاسی‌یەکی ئاگا و فەرماندەیەکی بە توانا بوو، لە بەرێوە بردنی تەشکیلاتی نهێنی، ئەندامەتیی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی «کوردستان»و ئیدارە کردنی رادیۆی دەنگی کوردستانیش دا، سەرکەوتووو سەربەرز بوو. ئەو خزمەتانەی عوسمان رەحیمی لە بواری فکرو نووسین و فێر کردن‌و راگەیاندن دا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و خەباتی شۆرشگێرانە لە رۆژهەڵاتی کوردستانی کردوون، لە خزمەتەکانی دیکەی کەمتر نین.

عوسمان رەحیمی وەک رووناکبیرێکی شۆرشگێر دڵی لەگەڵ رووداوەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەی دا لێی دەدا و، تێکۆشانی راستەوخۆ لە نێو جەرگەی ئەم بزووتنەوەیەی دا بە ئەرکی بێ ئەم لاو ئەولای خۆی دەزانی. هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەموو مەرجەکانی گیرسانەوە لە ئورووپای بۆ دابین ببوو، کاتێک دوای ۳ ساڵ لە ئەڵمان گەڕایەوە کوردستان، لە نێو تێکۆشەرانی خۆراگری حیزبەکەی‌و نەتەوەکەی دا مایەوە تا رۆڵێکی کاریگەرتری لە بەرەوپێشبردنی تێکۆشانی حیزبەکەی‌و خەباتی گەلەکەی دا هەبێ. هاوڕێ عوسمان رەحیمی ساڵی ۱۳۷۳ لەگەڵ خاتوو پەخشان کچی تێکۆشەری دێرین مامۆستا ئەبووبەکر فەلسەفی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشە ۲ کوڕو کچێکن بە ناوەکانی سامان، سوورکێو و سنوور. ژیانی تایبەتی‌و بنەماڵەیی کاک عوسمان‌و هاوژیانە رووسوورەکەی، پێشاندەری لایەنێکی دیکە لە کەسایەتیی بەرزی ئەو دوو تێکۆشەرە بوو. چونکە ژیانی هاوبەش و ئەرکە بنەماڵەیی‌یەکان هیچ کات نەبوون بە رێگڕ لەبەردەم خزمەتی بێوچانی عوسمان رەحیمی بە حیزبی دێموکرات. لە لایەکی دیکەوە ماڵی کاک عوسمان هەموو کات شوێنێک بووە بۆ داڵدەدان‌و خزمەتی تێکۆشەران‌و هەڵوەدایانی کوردایەتی و ئازادی.

بە کۆچی دوایی عوسمان رەحیمی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتگێرێکی کارامە و کەسایەتییەکی خۆشەویست و یەکێک لە رێبەرە پێگەیشتووو لێوەشاوەکانی خۆی لەدەست دا. ٥ ساڵەعوسمان رەحیمی بە جەستە بەجێی هێشتووین، بەڵام یادی‌و ناوی بە بۆنەی تەمەنێک خزمەت بە حیزبی دێموکرات‌و نەتەوەکەی‌و، ئەخلاق‌و رەفتاری بەرزی، لە نێو ئێمەی هاوڕێیان و هاوسەنگەران و درێژەدەرانی رێگاکەی هەر بە زیندوویی ماوەتەوە. و بووە بە سەر مەشقی نەوە نوێیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی عوسمان رەحیمی رۆڵەی خۆشەویستی حیزبی دێموکرات‌و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەباتگێری کوردستان**

# ئیسماعیل بێشکچی دوای ۳۸ ساڵ هاتەوە دیاربەکر



رۆژی ۲۱ی خەرمانان، ئیسماعیل بێشکچی دوای ۳۸ ساڵ بۆ یەکەم جار سەردانی شاری دیاربەکر باکووری کوردستانی کرد و لە لایەن عوسمان بایدەمیر، سەرۆکی شارەوانی ئامەد و ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی پارت و رێکخراوەکان و خەڵکی ئامەدەوە پێشوازی لێکرا.

عوسمان بایدەمیر بە زمانی کوردی بەخێر هاتنی بێشکچی کرد و گوتی «تۆ بۆ خاکی دێرینی ئامەد بەخێر هاتی». بایدەمیر گوتیشی «کاتێک بێشکچی لە ساڵی ۱۹۷۱ لە گرتووخانەی ئامەد دابوو من منداڵێکی بچووک بووم و نەمتوانی ببینم، بەڵام ئەمڕۆ زۆر شەرەفمەندم کە لە ئامەد پێشوازی لە زانای راستەقینە دەکەم. بێشکچی نوێنەرایەتی ویژدانی گەلی کورد و تورک دەکات».

ئیسماعیل بێشکچی خۆشحاڵی و دڵخۆشیی خۆی بۆ سەردانکردنی ئامەد و کوردستان دەربڕی و وتی «تا ساڵی ۱۹۷۱ بە دەیان جار سەردانی ئامەدم کردوە و لەو ساڵەدا لە ئامەد خستیانمە ناو گرتووخانەی سەربازییەوە. لە ساڵی ۱۹۷٤ وەبەر لێبوردنی گشتی کەوتم و ئازاد کرام، بەڵام لەو ساڵەوە نەمتوانی سەردانی ئامەد بکەم».

ناوبراو ئاماژەی بە سیاسەتی ئاپارتاید (جیاوازی رەگەزی) لە ئافریقای باشوور کرد و گوتی «تورکیە لە ساڵانی پەیڕەو کردنی سیاسەتی ئاپارتاید لە ئافریقای باشووریش رەگەزپەرەستترە. حکوومەت سیاسەتێکی وشک لە بەرامبەر کورد پەیڕەو دەکات و دەیەوێ کورد ببێتە تورک و وەک تورک بژیت».

ناوبراو سەبارەت بە هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد گوتی «هەندێک گۆڕانکاری روویداوە و کورد هەندێک دەستکەوتی لە بواری کلتووری و زمانی بەدەست هێناوە بەڵام ئەو دەستکەوتانە بە گوێرەی خەبات و قوربانیدانی کورد زۆر کەمن».

کتێبی «کوردستان گەورەترین کۆلۆنیی نێودەوڵەتییە» یەکێک لە بەناو بانگترین بەرهەمەکانی ئیسماعیل بێشکچیە کە تێیدا دەیسەلمێنێت کوردستان لە لایەن چوار دەوڵەتی تورکیە، ئێران، سووریەو عێراقەوە داگیر کراوە.

بێشکچی لەسەر داکۆکی کردن لە مەسەلەی کورد و نووسینەکانی، بە گشتی ۱۰۱ ساڵ سزای زیندانی لە لایەن دادگاکانی تورکیەوە بۆ بڕاوەتەوە.

# هەرێمی کاتالۆنیای ئیسپانیا شەقامێک بەناوی کوردستان دەکا

لە شاری سابادێلی هەرێمی کەتەلۆنیا یەکێک لە شەقامەکان بەناوی کوردستان دەکرێت و لەنێو تابلۆکە و لەژێر ناوی کوردستان، کورتەیەک لەسەر کورد و کوردستان نووسراوە و تێیدا باسی پارچەبوونی کورد لەنێوان وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیا، سووریا و ئەرمەنیا کراوە.

هەرێمی کەتەلۆنیا لە باکووری رۆژهەڵاتی وڵاتی ئیسپانیا هەڵکەوتووە و بەشێوەی ئۆتۆنۆمی بەڕێوە دەچێت.




کەتەلۆنیا لە ساڵی ۱۷۱٤ و لەدوای هێرشی فەڕەنسا، سەربەخۆیی خۆی لەدەستدا و ئێستاکە کەتەلۆنەکان لەنێوان فەڕەنسا و ئیسپانیا دابەش کراون.

کەتەلۆنیەکان هەردەم خوازیاری سەربەخۆیی وڵاتەکەیانن و ماوەیەک لەمەو پێش نزیکەی ۱ ملیۆن و ۵۰۰ هەزار کەس بۆ پشتیوانی سەربەخۆیی هەرێمەکەیان، لە بەرشەلۆنیای پایتەختی کەتەلۆنیا کۆ بوونەوە.

ئەوەی زیاتر هەرێمی کەتەلۆنیای ناساندوە یانەی بەرشەلۆنەیە کە یەکێک لە پڕ هاندەرترین یانەکانە لە ئاستی جیهان و بەپێی ریزبەندیی فیفا پلەی یەکەم یانەی بەدەست هێناوە.

کەتەلۆنییەکان لەرێگەی تۆپی پێ و یانەی بەرشەلۆنا زمان و کەلتوور و مێژووی خۆیان بە جیهان ناساندوە و هەردەم لە یارییەکانی ئەو یانەیە هەستی سەربەخۆخوازی کەتەلۆنییەکان بەرجەستە دەکرێت.

# بەڕێوەچوونی کارنەڤاڵی «بەیەکەوە ژیان» لە پێشوازی جەژنی «ئاگری پاییز» لە کۆیە

ئێوارەی پێنجشەممە ۱۳ی سێپتامبر، رێورەسمێکی کلتووریی تایبەت بە مەسیحییەکانی دانیشتووی کۆیە لە مەعبەدی مەرپێن قەدیشە بەڕێوەچوو.

فەرهەنگخانەی کۆیە لە ژێر چاوەدێریی وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە ژێر دروشمی « پێکەوەژیان بنەمای ئایندەی کوردستانە» ، کەرنەڤاڵێکی هونەری و کلتووریی لە پێشوازی «جەژنی ئاگری پاییز» کە بۆنەیەکی تایبەت بە مەسیحییەکانی هەرمۆتا و شاری کۆیەیە، بەڕێوە برد.

ئەو رێورەسمە کە لە پەرستگەی مەرپێن قەدیشە لە نزیک کۆیە بە بەشداریی خوشک و برا کلدانییەکانی هەرمۆتا و کۆیە و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییەکان و کاربەدەستانی شاری کۆیە



بەڕێوەچووو، کۆمەڵێک چالاکیی جۆراوجۆر پێشکەش کران.

سەرەتا وەزیری رۆشنبیری ئاگری پاییزی کردەوە. دوای وتەکانی قایمەقامی قەزای کۆیە، وەزیری رۆشنبیری و لاوان د. کاوە مەحمود لە وتارێک دا باسی لە پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینی جۆراوجۆر لە کوردستان و بایەخدانی حکوومەتی هەریم بە پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نەتەوە و ئایینەجۆراوجۆرەکان لە کوردستان کرد.

هەروەها کۆمەڵێک بەرنامەی هونەری و کلتووری وەک نمایشی جلوبەرگی تایبەت بە مەسیحیەکانی هەرمۆتا، خەنەبەندان و بووک گواستنەوە، دروستکردنی خواردنی خۆماڵی، وێرای کۆمەڵێک گۆرانیی فۆلکلۆریی ناوچەکە، لە درێژەی بەرنامەکانی کارنەڤاڵ دا پێشکەش کران.

لەم رێورەسمە دا کۆمەڵێک لەتێکۆشەرانی دیموکرات، ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و بنەماڵە کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشداریی خۆشی و جێژنی خوشک و برا کلدانییەکانیان کرد. پێویستە بگوترێ کە نزیکی ۲۰ ساڵە سەدان بنەماڵەی رۆژهەڵاتی کوردستان و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە دڕواسیەتیی خوشکو برا مەسیحییەکانی هەڕمووتە و کۆیە دا دەژین و بە خۆشییەوە پیوەندییەکی گەرمی کۆمەلایەتی و ئینسانی لە نیوانیان دا هەیە.

# وەرزشکارێکی کەم ئەندامی کورد، وەک بەهێزترین پیاوی جیهان هەڵبژێردرا



وەرزشکارێکی کەم ئەندامی کوردی خەڵکی شاری شنۆ، وێڕای وەدەسهێنانی میداڵی زێڕی پارائۆلەمپیک، نازناوی بەهێزترین پیاوی جیهانیشی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

لە درێژەی کێبڕکێیکانی بەرزکردنەوەی قورسایی دا، سیامەند رەحمانی، بە بەرزکردنەوەی ۲۸۰ کیلۆ، توانی نازناوی بەهێزترین پیاوی جیهان و میداڵی زێڕ بەدەست بهێنێ.

ئەو وەرزشکارە کەم ئەندامە کوردە، خەڵکی شنۆیە و هاوکات لەگەڵ بردنەوەی میداڵی زێڕ، رێکۆردی پێشووتری پارائۆلەمپیک, لە بەرزکردنەوەی قورسایی کە هەر هی خۆی بوو، شکاند.

شایانی باسە کە لە پێشبڕکێیەکانی ئۆلەمپیکیش دا، چەند وەرزشوانی کورد لە سەر ناوی تیمی وڵاتانی ئێران و تورکیە بەشداربوون. «کیانووش رۆستەمی»، وەرزشکاری کرماشانی، توانیبووی میداڵی برۆنز لە بەرزکردنەوەی قوورسایی بە دەست بهێنێ.

# وەرزشکارێکی کورد لە رەم هاویشتندا ریکۆردی جیهانیی تۆمار کرد



وەرزشکارێکی کەمئەندامی کورد لە پارائۆلەمپی لەندەن، میدالیای زێڕی بەدەست هێنا و ریکۆردێکی نوێی جیهانی تۆمار کرد.

رۆژی ۱۸ی خەرمانان، لەشاری لەندەنی پایەختی وڵاتی بریتانیا، محەممەد خاڵوەندی، وەرزشکاری کورد لە بەشی هاویشتنی رەم ریکۆردێکی پێوانەیی نوێی تۆمار کرد و مەدالیای زێڕی ئەو پاڵەوانێتییەی بەدەست هێنا.

خاڵوەندی کە خەڵکی شاری کرماشانە توانی بە هاویشتنی رەم بە مەودای ۵۰ مەتر و ۹۸ سانتی میتر، پێوانەیەکی نوێ تۆمار بکات و ۱۰٤٤ خاڵ بەدەست بێنێت.



# کچە کوردێک پلەی یەکەمی پێشبڕکێی کاراتەی ئێرانی وەدەست هێنا



کچە وەرزشکارێکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە خولی پاڵەوانێتی کاراتەی ئێران، پلەی یەکەمی بەدەست هێنا.

بێریوان مەلایی، خەڵکی شاری سەردەشت لە هەژدەهەمین خولی پاڵەوانییەتی کاراتەی «کن شین کان» لە ئێران توانی پلەی یەکەم بە دەست بێنێت و میداڵی زێڕی پێ بەخشرا.

بێریوان مەلایی لە ئاستی مێرمنداڵان و لە کێشی سەرووی ۵۰ کیلۆگرام دا توانی ئەو سەرکەوتنە بەدەست بێنێت.